زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان
دۆسێی ژمارە ( ٨ )



دۆسێی:

# کورد لە نێوان

## دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا

نوسینی محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: جونی ٢٠١٩

**زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان**

**دۆسێی ژمارە ( ٨ )**

# کورد لە نێوان
# دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا

**نووسینی: محەمەد هەریری**

**چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: جونی ٢٠١٩**

# پێشەکی

کێشەی فەلەستین کەس نییە لە جیهاندا گوێی لێ نەبوو بێ! من دەمێکە ئەو زەقکردنەوە و فووتێکردنەم پێ پیلانێکە بۆ شاردنەوەی هەموو دۆزە ترسناکەکانیتری جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
ئەو وتارانەم تێڕوانینێکی ڕەنگە بڵێم جیاواز دەخاتە ڕوو سەبارەت بەو دۆزە کە ئێمە ودەیان نەوەیتری سەرقاڵ کردوە.
لەو کتێبە هەڵوێستی خوازراو وهەقیقی کورد دەخەینە ڕوو لەو دۆزە.
هەڵوێستی کورد لە دۆزی فەلەستین و هەڵوێستی فەلەستینیەکان لە کورد و دۆزەکەی.
هەڵوێستی کورد کاتێ تاوانبار دەکرێ بە پاڵپشتیکردنی ئیسڕائیل لێی! هەڵوێستی هەقیقی ئیسڕائیل لە دۆزی کورد.
هەڵوێستی ئیسلامیەکانی کورد دۆزی فەڵەستین، و هەڵوێستی ئیسلامییەکانی فەڵەستین لە دۆزی کورد...
ئینجا باسی ئەو لێکچوونەی نێوان ئیسڕائیل و تورکیا دەکەین، کە یەکتری تۆمەتبار دەکەن بە چەوساندنەوەی کورد وفەڵەستینیەکان!
چاکترین هەڵوێستی فەڵەستینی لە دۆزی کورد دوو شیعرە بە نرخەکەی محمود دەروێشە، لەگەڵ شیعرێکی سمیح القاسم و چەند شیعرێکی تری شاعیرانی تر، بەڵام ئەو شیعرانە نەک نەبوونە

بنچینەیەک بۆ گۆڕینی بیروڕای فەڵەستینیەکان لە دۆزی کورد، بەڵکو هەتا ئەو شیعرانەیان لە کاتی چاپکردنی کتێبەکانیاندا نەدەخستە ناو دیوانەکانیان!

ئەدیب وڕەخنەگرێکی فەڵەستینی (یوسف الخطیب ) کە لە دیمەشق دیوانێکی محمود درویشی چاپ کرد بە ناوی غصن الزیتون، لە پێشەکیەکەیدا نووسی: ئەوە دیوانی غصن الزیتون ی محمود درویشە و ٣٨ قەسیدە بەخۆی دەگرێ، هەموویانم تێخستووە جگە لە قەسیدەی کوردستان!

( هذا دیوان غصن الزیتون للشاعر محمود درویش یتضمن 38 قصیدة أثبتها جمیعاً بإستثناء قصیدة کردستان...! )

بابەتەکان زۆرن خۆتان بیخوێننەوە، رەنگە زۆر شتی نەگووتراوی گوتبێ.

محەمەد هەریری

٢٠١٩/٦/١٣

لەندەن

# بەشی یەکەم
# چۆن کێشەی فەڵەستین دەبینین؟!

## پیلانی سێنتراڵیزمکردنی کێشەی فەلەستین

ئەگەر باوەڕم بە تیۆری پیلانگێڕیش نەبێت لە لێکدانەوەی ڕوداوەکان، ئەوە باوەڕم بە پیلانی سێنتراڵیزمکردنی کێشەی فەلەستین هەیە لەسەر حیسابی هەموو کێشەکانی تر، ڕاستە دۆزی گەلی فەلەستین دۆزێکی گەورە وترسناکە، بەڵام تەنها تەرکیزکردن لەسەر ئەو دۆزە، خۆی لە خۆیدا پیلانێکە، بۆ فەرامۆشکردنی هەموو کێشە گەورە وترسناکەکانی تری جیهانی ئیسلامی وعەرەبی. زۆربەی جیهان کەوتونەتە داوی ئەو پیلانە، بە ڕادەیەک هێندە گەرم وگوڕی وحەماسەت لە شەقامی ئەوروپی وجیهانی دەنوێنرێت بەرامبەر کێشەی فەلەستین، وەک بڵێی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی جیهان چارەسەر دەکرێت! سەیر نیە فەنزەوێلییەکان وکوریاییەکان وولاتانی ئەمریکای لاتینینی وئەو ولاتانەی کە گوێت لەناویشیان نەبوە خۆپیشاندان بۆ فەلەستین بکەن؟!

تاوانەکانی ئیسرائیل گەورەیە، بەڵام ئایە لەو تاوانانە گەورەتر ناکرێت لەناو خودی جیهانی عەرەبی وئیسلامی دژی گەلانێک بەدبەخت ونەگبەت ترن لە گەلی فەلەستین؟! ئایە ئەگەر ئەو کامێرانەی ڕوداوە ورد ودرشتەکانی غەزە دەگوازنەوە لەسەر کارەساتەکانی کوردستان بە هەرچوارپەرچەکانی وکەشمیر وبەلوچەکانی ئێران و دارفۆریەکانی سودان بوەستابا وبەهەمان گەرموگوڕی وبەردەوامی ئەوە جیهان تەنها بە کێشەی فەلەستین غەمبار دەبوو؟!

خودی کوردیش لەگەڵ قوڕبەسەری خۆی کێشەی فەلەستینی لێبۆتە تەنها کێشە، بە بەڵگەی لەو ماوەیەدا زۆر کوردم دیوە پارە کۆدەکەنەوە بۆ کێشەی فەلەستین. گروپ وحیزبە ئیسلامیەکان ڕۆڵی هەرە سەرەکیان بینیوە لە سێنترالیزمکردنی کێشەی فەلەستین وفەرامۆشکردنی هەموو کێشەکانی تر، کە لەناو گەرمەی کارەساتەکاندا دەنگیان نابیسترێت وەک ئێستا کە دەنگیان نوساوە، یان چەند لێدوانێکی شەرمنانە دەدەن کە نەتینویی پێیان دەشکێ ونە دەرەقەتی برسێتی دێن. هەڵوێستی تورکەکان لەمەر کێشەی غەزە، کە لە بنچینەدا هەڵوێستی حزبی داد وگەشەپێدان وحزبە ئیسلامیەکانی ترە، ئەو نوکتە خۆشەی عەزیز نەسینم بەبیر دەهێنێتەوە کە لە ڕۆمانێکی باسی پیاوێکی هەژاری موسڵمانی تورک دەکات کە پێویستی بە یارمەتیە کەس یارمەتی نادا بەڵام بە دوای کەمێک گۆڕان لە سەروسیمای، وا لە خەڵک دەگەیەنێت کە ئەو پیاوێکی ئەڵمانییە بۆتە موسڵمان، ئەوجارەیان هەموو خەڵکی شوێنەکە بە لێشاو یارمەتی دەدەن، چونکە ئەڵمانیە وخوا هیدایەتی داوە، بەڵام هەژارە تورکەکە کێشە نیە، ئەو تازە موسڵمانە خوای دەکرد گومڕا دەبوو چ زۆرە موسڵمان زۆرە (فمن شاء فلیۆمن ومن شاء فلیکفر)!

ئەوە نزیکەی یەک سەدەیە ئەو تورکانە بە دڕندانەترین شێوە کورد دەچەوسێننەوە وقەڵاچۆی ناسنامەی مێژوویی وکلتوری وجوگرافی وئیتنیکی یان دەکەن بە هەموو شێوەیەک هەتا بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ خودی ئەهریمەنیش. یەک سەدەیە بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن ناوی کورد نەهێنرێت هەتا لە دەرەوەی تورکیاش، بەڵکو دەوڵەتی تورک بۆتە لایەن لە کێشەی هەر وڵاتێکی کوردی تێدا بێت، چاکترین نمونەش عێراقە کە چۆن بە دزی وبە ئاشکرا تورکیا هانی بەرپرسە عێراقیەکان دەدا وفوو لە گیانی شوفێنیەتیان دەکات بۆ تێکدانی بارەکە وکەمکردنەوەی دەسکەوتەکانی کورد.

ئەو هەموو خۆپیشاندانە ملیۆنییەی تورکەکان شتێکی بە مانا دەبوو ئەگەر بە هەمان شێوە هەستیان بۆ وەتەن داشەکانی (هاونیشتیمانەکانی) خۆیان ببزوابا،

مانای دەبوو ئەگەر رۆژێک خۆپیشاندان کرابا لە دژی قەدەغەکردنی زمانی میللەتێک کە خوا وەک هەر زمانێکی تر ڕیزی لێناوە (ومن اياته خلق السماوات والارض واختلاف السنتكم والوانكم)، ئەو خۆپیشاندانانە ئەو کاتە مانای دەبوو کە موسڵمانە تورکە غەیورەکان لەسەر ئیسلام دەیانوت بۆچی هەزاران گوند ودێهاتی کورد وێران دەکەن بە بیانووی پرۆژەی گاپ وکە لە ئاکامدا زیاتر لە ملێۆنێک ئاوارە کران بۆ شارە دەوارە شڕەکانی دەوروبەری شارە گەورەکان وەک ئیستانبۆل، بە سەدان هەزار خێزان لێک هەڵوەشاوە، وسەدان هەزار گەنج لە کوڕ ولە کچ بەرەو جیهانی بێکاری وتاوان ولەشفرۆشی پاڵیان پێوەنرا، وسەدان کارەساتی تری لێکەوتەوە. کەچی کەس لەو جەماوەرە غەیورە لەسەر موسڵمانان مێشێکیشی لێ میوان نەبوو.

ئەگەر جەماوەری تورک خۆپیشاندانی ملیۆنی دەکەن بۆ موسڵمانانی غەزە، دەبا رۆژێکیش خۆپیشاندانێکی چەند هەزارکەسیان کردبا بۆ برای دینی ونیشتیمانی خۆیان ئەی قورئان نافەرموێت: (الاقربون اولى بالمعروف)؟! یان ئەوان موسڵمانی خۆمانە ولۆکالن گرنگ نین وەک موسڵمانە تورکەکەی عەزیز نەسین، وزیاتر لە پازدە ملیۆنیان هەیە، هیچ گرنگ نییە با دوو سێ ملیۆنیشیان لێ قڕ بکرێت، یان هەڵگەڕێنەوە لە ئیسلام، گرنگ ئەوەیە موسڵمانە بێگانەکە (یان موسڵمانە ئەڵمانیەکەی عەزیز نەسین) باوەڕی نەلەقێ ووانەزانێ ئێوەی موسڵمانی تورک هەموتان لە پشتیانەوە نین. ئەوەیە شازی موسڵمانەتی.!

# کوردستان وفەڵەستین:
# دوو دۆزی قابیلی بەراورد کردن نین!

لەوەتی هەست بە بوونی خۆم دەکەم بەر لە منیش لە چلەکانەوە هەموو یەکێک لە ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ ناوێ فەلەستین لە هەموو سەردێری هەواڵەکان دەبیستێت. لەوەتی هەین لەگەڵ دیتنی وێنەکانی ستەمی ئیسرائیلی لە کوشتن ودەربەدەر کردن وڕاوەدونان دڵمان بۆ فەلەستین وفەلەستینیەکان پڕ خوێن وفرمێسکی پەنگ خواردوو دەبێت. لەوەتی هەین بە ژن وپیاوەوە دوعا بۆ سەرکەوتنی فەلەستین دەکەین بەسەر دوژمنانیان، هەتا دوژمنەکانی خۆمان خەریک بوو لە بیر بکەین هەرچەندە بە چەند قات لە دوژمنی ئەوان دڵ ڕقتر وبێ بەزەیی تر ونا مرۆڤ ترن!

لەوەتی هەین هەر ئێمە لە هەر بۆنەیەک بۆمان لوا بێت لەبەرەی فەلەستین جەنگاین لە دژی ڕژێمی ئیسرائیل. لەوەتی حزبی سیاسی کوردی دروست بوە بە چەپ وڕاستەوە، وعەلمانی وئیسلامیەوە لە پەیڕەو وپڕۆگرامەکانیان دەبێت باسی دۆزی فەلەستین بکەن وەک پیرۆزترین کێشەی سەر زەوی، وپێویستیەتی پاڵپشتی کردنی بە هەر ڕێگایەک بکرێت. کەچی فەلەستینیەکان لەوەتی هەن بە دەگمەن نەبێت لە هیچ بۆنەیەک قسەیەکی چاکیان بۆ کورد نەکردوە، لەوەتی هەن هەر پشتگیریان لە دوژمنانی کورد کردوە، لەوەتی هەن هێندە بێ ئیحساسن بەرامبەر دۆزی کورد وەک بڵێی هەرگیز جەور وستەمیان نەدیبێت، ئەوەی وەک فەلەستینیەکان ستەم لێکراو بێت دەبێت زۆر لەوە هەستیار تر بن، نەک وابزانن خوا لەوان بەدەر هیچ ستەملێکراوێکی تری دروست نەکردوە!

له زۆر بۆنه وله میدیای خوێندراو وبینراو وبیستراودا هەڵوێستی زۆر زبرم له فەلەستینیەکان دیوه له دژی دۆزی کورد، ونەک ئەوه بەڵکو نوسەرێکی ناوداری عەرەبی گاڵتەی به هەر لێک چواندنێکی دۆزی فەلەستین وکوردی دێت ووتارێکی لەو بارەیەوه له رۆژنامەی (القدس) ی لەندەنی نوسی. نوسەرانی کوردیش زۆر جار له نیاز پاکییەوه ئەو بەراورده دەکەن له نێوان دۆزی فەلەستین و دۆزی کورد. بەڕاستی ئەو کوردەی بەوردی سەرنج بداته ئەو دوو دۆزه دەبێت وەک نوسەری عەرەبی ناوبراو گاڵتەی بەو بەراورد کردنه بێت بەڵام له گۆشەیەکی ترەوه، بەڕاستی بەراورد کردن له نێوان ئەو دوو کێشەیه ستەمێکه له دۆزی کورد دەکرێت، چۆن؟

گەورەترین کێشەی ئەو فەلەستینی وعەرەبه قەومیەکان ئەوەیه ئەوەی بیانەوێت ببینن دەیبینن، با کەسیش نەیبینێ، ئەوەشی بیانەوێت نەیبینن نایبینن با وەک خۆریش بدا لەناو چاویان، هەروەها شتی خۆیان زۆر گەوره دەکەن وشتی خەڵکیش به سەد هێنده له هی خۆیان گەورەتر بێت ئەوه هەر بچوکه! بۆ نمونه تاوانی کوشتنی ئەو منداڵەی به ناوی (محەمەد دوڕڕە) هەرچەنده گەوره بوو وزۆر جەرگ بڕ بوو، هێنده گەوره کرا وەک بڵێی هیچ منداڵێکی تر نه کوژرا بێت، بیرمه هەر لەو کاته وێنەی پۆلێک له فریشته ڕەشه کوژکراوەکانی کیمیا بارانی هەڵەبجەم نیشانی فەلەستینیەک وچەند عەرەبێک دا، گوتم بەلایەنی کەم لەو تاوانه 2000 منداڵ  به کیمیاوی کوژراوه به دەستی ڕژێمی عێراق، ڕات چییه لەو تاوانه؟

کەتێی ڕوانی پاش کەمێک گوتی: جا ئەوه به دەستی سەهیۆنیەت وکوفری جیهانی ڕوینەداوه، ئەوه کێشەیەکی ناوەخۆیه!! گوتم بۆ گولـله وبۆمبەکانی موسڵمانان شەکری لێ دەبارێت وئەوەی جولەکەکان ئاگر؟! گرفتەکه له کافر وموسڵمان نییه، بەڵکو گرفتەکه لەوەدایه که بیرمەندێکی عەرەب گوزارشی لێدەکات ودەڵێت:" عەرەب هێشتا له بازنەی قەبیله وعەشیرەت دەرنەچوون بۆ بازنەی مرۆڤایەتی".

نوسەرێکی تری فەلەستینی زۆر تورە ببو، چونکە نوسەرێکی کورد داوای کردبوو کوردیش نوێنەری هەبێت لە ڕێکخرای کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی وەک نەتەوەیەکی موسڵمانی بێ دەوڵەت، وەک چۆن فەلەستینیەکانیش بەژداری دەکەن!! پێی گوناحە نەتەوەیەکی چل ملیۆنی موسڵمان نوێنەرێکی هەبێت، کەچی هەموو فەلەستینیەکان تێکڕا پێنج ملیۆن نابن!

با ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین بۆ ئەوەی بزانین بەراورد کردنی ئەو دوو کێشەیە ستەمە ولە دۆزی کورد دەکرێت:

یەکەم: ژمارەی دانیشتوانی کورد زیاترە لە چل 40 ملیۆن وفەلەستینیەکان وەک ئاماژەمان پێکرد لە چاکترین حالەت دا لە پێنج ملیۆن تێپەڕ نابن، وڕووبەری کوردستانیش چوار پێنج جار لە ڕوبەری فەلەستین گەورەترە بە ئیسرائیلەوەش.

دووەم: لەگەڵ خراپی هێزی ئاسایشی ئیسرائیلی بەڵام هێشتا ئاستی توند وتیژی بەکارهێنیان ناگاتە ئاستی دڕندایەتی داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو پارچەکاندا نمونەش زۆرن.

سێیەم: ئەگەر زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبی وزیاتر لەو ژمارەیەش دەوڵەتی ئیسلامی پشتگیری لە دۆزی فەلەستین بکەن ئەگەر تەنها بە ئەقوال وئەمواليش بێت، ئەوە کورد نە دەوڵەتێکی کوردی بەهێزی هەیە تەبەنای کێشەکەی بکات ونە هەتا بەنگلادیش ومۆزەبیقیش تەعاتوفی لەگەڵ دەکات، زلهێزەکانیش جێی متمانە نین!

چوارەم: تەرکیزی میدیای جیهانی لەسەر کێشەی فەلەستین هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ بەشی کورد لە میدیای جیهانی، فەلەستین ئامادەیە لە میدیاکان ڕۆژانە، کەچی کورد تەنها لە ساتی کارەساتەکان تەرکیزێکی کەمی لەسەر دەکرێت، بڕوانە مەینەتیەکانی ڕۆژانەی فەلەستینیەکان وبەراوردی بکە لەگەڵ مەینەتیەکانی کورد لە تورکیا وئێران وسوریا کە بەدەگمەن نەبێت باسی ناکرێت، بڕوانەی هەڵکۆڵینەکانی دەوروبەری مزگەوتی ئەقسا لە قودس وبڕوانە پڕۆژەی گاپی

تورکیا کە هەزاران گوندی وێران کرد، وسەدان شوێنەواری دێرێنی بەر لە مەسیحی لە ناوبرد، وملیۆنەها خەڵکی لە زەوی خۆیان ئاوارەی شارەکان کرد بە جلی بەرگیان، وهەزارەها خێزانی کورد لێک هەڵوەشاندەوە، وهەزارەها ئافرەتی بەرەو لەش فرۆشی برد!!

پێنجەم: کێشەی فەلەستین لەناو جوگرافیای یەک دەوڵەتە کە ئیسرائیلە، کەچی دۆزی کورد لەناو پێنج جوگرافیای دوژمنکارانە بەند کراوە، هەر بزاوتێک لە یەکێک لە پارچەکانی هەموو وڵاتەکانی تر دەوروژێنێت. بڕوانە هەڵوێستی تورکیا لە کەرکوک وپایەی کورد لە حکومەتی عێراق.

شەشەم: لەبەر هێز ونفوزی وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وعەرەبی وئیسلامیەکان، دۆزی فەلەستینی پشتگیریەکی زۆر بە دەست دەهێنێت، کەچی لەبەر خاتری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هەموو لایەک حەریسن باسی وشەی کورد یان کوردستان نەکەن، هەر بۆیە ڕێکخراوی وڵاتانی ئیسلامی باسی کێشەی فەلەستین وکشمیر وبۆسنە وشیشان وکۆسۆڤۆ وکەمینەی تورکی لە بولگاریا ویۆنان دەکات کەچی باسی نەتەوەیەکی موسڵمانی گەورەی وەک کورد ناکات، دونیا بۆ کورد شامی شەریفە. باسی قەدەغەکردنی ناوی تورکی لە بولگاریا دەکات بۆ چەند سەد هەزارێک کەچی باسی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا ناکات بۆ 20 ملیۆن کورد!!

بڵێی پاش باسکردنی ئەو چەند خاڵە نوسەرانی فەلەستینی وعەرەب بگەنە ئەو قەناعەتە کە بەراوردکردنە ستەمە بۆ دۆزی کورد؟! ئەی نوسەر ورۆشنبیرانی کورد دەگەنە ئەو ڕاستییەی کە ئەو بەراورد کردنە سافیلکەیی وساویلکەییە؟!

٢٠٠٨/٣/١٥

# حەماس وقومارکردن بە خەڵک

ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە خەڵکی غەزە دەیکات بە هەموو پێوەرێکی ئەرز وئاسمانی تاوانێکی زۆر گەورەیە مەگەر هەر لە ئیسرائیل بوەشێتەوە. ئەوانەی بەژدارن لەو تاوانە هەر حکومەتی ئیسرایل نییە، بەڵکو بزوتنەوەی حەماسیش پشکێکی گەورەی لەو تاوانە بەر دەکەوێت کە لە خەڵکە مەدەنی وبآ گوناهی غەزە دەکرێت.

بەڕاستی ئەوەی حەماس بەو خەڵکەی دەکات وئەو ئەزموونە قورسانەی کە بەسەر خەڵکی غەزە تاقی دەکاتەوە مەگەر کۆمەڵگای سەحابەکان بەرگەی بگرن، نەک خەڵکانێکی ئەو سەردەمەی غەزە کە هەمووی داهێزراون بە گەمارۆ قورسەکانی ئیسرائیل وشەڕی ناوەخۆیی وبێکاری وقات وقڕی، وگیر خواردن لەناو ئەو زیندانە گەورەی کە پێی دەڵێن غەزە.

حەماس ئەمڕۆ بە ئاشکرا جێبەجێ کەری ئەژیندایەکی دەرەکییە کە یاری بە هەموو ناوچەکە دەکات، وکەچی سەرەڕای هەڕەشە وگوڕەشەی بە لەناو بردنی ئیسرائیل، ئیمڕۆ هەڵوێستێکی تەماشاکەرانەی هەیە وتەنها خوتبە ووتاری ئاگرین دەدەن کە هیچیان لێ شین نابێت! حەماس بەبێ ڕەچاوکردنی هەل ومەرجی ناوچەکە، وئاستی مومکین لە سیاسەتدا دەیەوێت بە هەر جۆرێک خۆی بەسەر خەڵکەکە بسەپێنێت.

بزوتنەوەی حەماس لەسەر ئاستی عەرەبی ونێودەوڵەتی قبوڵ نەکراوە جا لەبەر هەر هۆیەک بێت، وهۆیەکە ڕاست بێت یان چەوت، گرنگ ئەوەیە مەقبول نیە، ئەگەر توانیبای لە هاوپەیمانیەتیەکەی لەگەڵ بزوتنەیوەی فەتح بەردەوام بوایە هەر چاکتر بوو، بەڵام پاش ئەو لێکدابڕانە وکەرت کردنی حکومەتی فەلەستین بۆ

دوو لەت، ودروستکردنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە غەزە زیاتر جیهانی دەرەوەی لە خۆی هاندا.

ئەخر ئەوە تۆ ئیمارەتێکیشت دانا بەڵام کوا مەرجی بەردەوام بوونی؟! حەماس کە لە خیتابی سیاسیدا زۆر باسی ئیدانەکردنی هەر چالاکیەک دەکات لە (سایەی ئیحتیلال) لە عێراقدا نەدەبوایە لە بنچینەدا بەژداری لە هەڵبژاردنی قەوارەیەک بکات کە لە (سایەی ئیحتیلال) دا ئەنجام درا. نەدەبوایە بەژداری لە حکومەتێک بکات کە لە (سایەی ئیحتیلال) دەژێت وموچەی دەزگاکانی بە (سایەی ئیحتیلال) دەدرێت. نە دەبوایە هێشتا لە سەدا 10% فەلەستینی ڕزگار نەکردوە نە (من النهر الی البحر) وەک لە دروشمگەلەکانیان دوبارە دەکەنەوە، کەچی هێندە پەرۆشی حوکمی بێت وشەڕی کورسی وئیمتیازات لەگەڵ فەتح بکات کە فەتح هەرهیچ نەبێت سەرەڕای هەموو کەموکورتیەکیشی لەسەر ئاستی عەرەبی وجیهانی قبوڵکراوە.

حەماس نەدەبوایە ببێتە حکومەت بەسەر ئەرزێک لە ناوجەرگەی (سایەی ئیحتیلال) دا، ئەو (سایەی ئیحتیلال)ەی ئەگەر سوتەمەنی لە ئیمارەتەکەی حەماس ببڕێت ئەوە هەموو ئیمارەتەکە دەکەوێتە تاریکی؟! تۆ لە لایەک داوای ڕیشەکێشکردنی ئیسرائیل دەکەیت، کەچی دەتەوێ موچە وسوتەمەنی لە ئیسرائیل وەرگریت، بۆ ئەوەی خەڵکی ژێر ڕکێفی ئیمارەتەکەت بە خۆشی بژین، ولە جیاتی سوپاسکردنی ئیسرائیل هەموویان تەبەنای تێزی قەڵاچۆکردنی ئیسرائیل بکەن؟!

وادیارە ئیسرائیل مکوڕە لەسەر دەستپێشخەری بۆ قەڵاچۆکردنی حەماس وئیمارەتەکەی، ووادیاریشە لەو پێناوە گوێ لە هیچ کەس ناگرێت، چونکە لەوە ناچێت پاش ئەو هەموو گەمارۆدانەی غەزە حەماس تۆزقاڵێک بیر لە پاشەکشێ بکاتەوە لە گرتنە دەستی دەسەڵات، ودان هێنان بە نالەباری هەل ومەرجی سەر ئەرزی واقیع.

نەدەبوایە حەماس کە بە هێزی خۆی دەزانێت چەندە، وئەو هەموو ڕاستیانەی کە باسمان کردن، باشی دەزانێت کەچی بەو شێوەیە خەڵکی غەزە دوچاری ئەو

**مەینەتیانە بکات، وسەرۆک وەزیرانی (ئیسماعیل هەنیە) بڵێت تەنازول ناکەین ئەگەر غەزە بە تەواویش لە ناوببرێت، ئەوە نە جیهادە ونە سیاسەتە، بەڵکو تەنها قومار کردنە بە ژیان وچارەنوسی خەڵک.**

**2009/1/3**

# داری غەرقەدی کافر!

من زۆر غەم ناخۆم بۆ ئەو گەلانەی کە دوای ئەو هاربوونە دینیە و ئەو تیرۆرستە نامرۆڤانە دەکەون، ئامادەن کوڕ و باوکی خۆیان بۆ بکوژن، هەر چیەکیان بەسەر بێت!

خەڵکی ئوردن، خەڵکی مۆریتانیا کە بە تیت تیتی سەیارە وهەلهەلەوە خۆپیشاندان دەکەن بۆ لە سێدارەدانی نووسەرێک گوایە قسەی لەسەر دین گوتوە، خەڵکی پاکستان و بەنگلادیش کە ملیۆنەها خۆپیشاندانی گەورە دەکەن بە دنەدانی تیرۆرستان و توندڕەوان، ئەو تورکەی کە پاش هەشتا ساڵ زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ توندڕەوترین فۆرمی دینی، و بە بەرچاویدا دەوڵەتە سێکیولارەکەی بەرەو داعشیەت دەبرێت!

ببینە فەلەستینیەکان چونکە کێشەکەیان بە دینی کردوە، هەرگیز ڕزگاریان نابێت لەو هەستە دینیەی، کە دەیەوێت ئەو دەبەرێک چوونە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامی هەبێت، چونکە دەیەها ئایەت و حەدیس و قسەی دینی هانیان دەدات بەبەردەوامی ڕقیان لە جوو بێت، و قەت باوەڕیان پێ نەکەن بۆ ساتێکیش، و چاوەڕێ کەن تا چەند ساتێک بەر لە ڕۆژی قیامەت، شەڕە گەورەکەی [هەرماجیدۆن]ی نێوان موسڵمان و جوو بکەن، کە یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت تیایدا دار و بەردیش دەچێتە پاڵ موسڵمان، و دار وبەرد دەڵێت ئەی موسڵمان وەرە ئەو جووە بکوژە کە خۆی لە پشتم شاردۆتەوە! نوکتەی خۆشی ئەوەش ئەوەیە کە تەنها دارێک لایەنگری جولەکەیە بەپێی حەدیسەکە ناو الغرقدە! ئەو دارە کافرە کە جوو خۆی لە پشت دەشاریتەوە بێ دەنگ دەبێت!

بۆیە دەڵێن جووەکانی ئیسڕائیل لە من زیاتر باوەڕیان بەو حەدیسانە هەیە، بۆیە دەوروبەری ماڵەکانیان هەمووی کردۆتە داری الغرقد! کە ئەوەش درۆیەکی ئەفسانەییە و هیچ وانییە، فەلەستینیەکان بە چاوی خۆشیان دەبینن وانییە، بەس حەدیسەکە لە واقیع گرنگترە، دەبێت نقل پێش عقل کەوێت لە زهنیەتی ئیسلامیدا!

توخوا گەلێک بەو عەقڵیەتە نەخۆشەوە چاوەڕێی ئەو شەڕە و ئەو ڕۆژە بکات تا نزیک ڕۆژی قیامەت، تا دار وبەرد بە جواب دێت وپشتگیری لێدەکات، موستەهەق نییە لەو سەگەمەرگیە بژێت؟!

ئەو عەقڵیەتانە نەگۆڕدرێت ئەو ئومەتە ڕۆژێک دێت وەک مێژووی داینەسۆڕ دەچێتە مۆزەخانەی مێژووەوە.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/١٢/١٩

## بەشی دووەم:

# تورکیا و ئیسڕائیل

# لە هەمبەر کورد و فەلەستینی

### دە کەمێ ڕەوشتی دیموکراتیش فێربن لە ئیسڕائیل!

لەوەتی شۆڕشی کورد بە ڕابەراتی مستەفا بارزانی هەڵگیرساوە، ئیسڕائیل هەردەم حزورێکی کاریگەری هەبووە لەو شۆڕشانەدا، بە چەک و پارە و پسپۆر وشتیتریش. دەیان کۆڕس و خولی جۆراوجۆری بۆ کادیر و پێشمەرگەکانی بارزانی ڕێکخستووە، زۆر بە ئاسانی چاوت بە خەڵکانێک دەکەوێ دەڵێن لە ئیسڕائیل دەورەیان تەواو کردوە.

من لە نووسینی تریش باسم کردوە کە ئەگور ئیسڕائیل بە جیدی مەبەستی سەربەخۆیی کوردستانی هەبا، ئێستا دەمێک بوو کوردستان سەربەخۆ بوو لەبەر ئەو هەژموون وهێزە سیاسیەی ئیسڕائیل لە ئەمریکا و جیهانی خۆرئاوا بە گشتی.

ماوەیەک ئەو پەیوەندیانە نهێنی بوون، تا کورد و ئیسڕائیلی پێکەوە پەردەیان لەسەر ئەو پەیوەندییە لادا!

ئیتر بواری شاردنەوە نەما، پاش ئەوەی دەیان کتێب و وتاری لەسەر بڵاوکرایەوە بە وێنەکانەوە! ئەو پەیوەندیەی ئیسڕائیل بە تایبەت لەگەڵ پارتییە و تایبەتریش لەگەڵ خانەوادەی بارزانییە، هەتا لە لەندەن تا ئێستا ڕێکەوتی هەر ئیسڕائیلێکم

**کردوه ستایشی خانەوادەی بارزانیان کردوه وەک دۆستێکی نزیکی خۆیان باسیان کردوه!**

**ئێستاش ئەو پەیوەندییە لە ئارادایە، و دڵنیام پارتی بەردەوام کادیرەکانی دەنێرێتە ئیسڕائیل بۆ خولی تایبەت بە ئەمنی وسیاسیەوە. من دڵنیام پارتی لە زیرەکی و بلیمەتی خۆی نییە وا داشی خۆی بەسەر هەموو حزبە ورد ودرشتەکان سوارکردوە، بەڵکو ڕەنگە ئەو شێوازانەی دەستەمۆ کردن لە موخابەراتی ئیسڕائیلیەوە فێربووبن!**

**دەکرێ ئیسرائیل وەک چۆن داشی سوارە بەسەر ٢٤ دەوڵەتی عەرەبی، وایانزانیبێ پارتی دەیەوێت فێری ئەو ئەزموونە بێت بۆ ئەوەی لە دژی دوژمندا بە کاریبێنن، بەڵام پارتی وەک شێر هەموو ئەو خول ودەرس وئەزموونەی لە ئیسڕائیلیەکان فێربوون بەسەر کوردی جێبەجێ دەکەن، لەبەرامبەر دوژمنانیش دەڵێی پشیلەیەکی شەرمنی دەستەمۆیە!**

**ئسڕائیل زۆریتری هەیە کە کورد بە گشتی وپارتی و ماڵی بارزانی بیانویستایە لێی فێربن. ئیسڕائیل تەنها لێی فێری هونەری سیخوڕی و چاودێری خەڵک و کۆنترۆڵکردنی وەزعی ئەمنی نابیت، بەڵکو زۆر شت و لایەنی جوانیشی هەیە کە دەبوایە ماڵی بارزانی لێوەی فێرببان!**

**گرنگترینیان سەروەری یاسا، و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، و عەدالەتی دادگا، و یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسا و دیموکراتیەت و شەفافیەت...**

**لە ئیسڕائیل سەرۆکی ئیسڕائیل بە تۆمەتی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی لەگەڵ کچە کارمەندێک لە نەوەتەکان پێش بوونە سەرۆک، موشێ کاتساف درایە دادگا**

و بە حەوت ساڵ حوکم کرا لە ساڵی ٢٠١١ کە پێنج ساڵی ئەو ماوەی چێشت، لەبەر هۆکاری تەندروستی ئازاد کرا!

لە ئیسرائیل سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل ئەیهود ئۆلمێرت لە فێبرایەری ٢٠١٦ بۆ ماوەی ٢٧ مانگ حوکمی زیندانی درا لەبەر وەرگرتنی بەرتیل و تەگەرە خستنە بەردەم ڕەوڕەوەی دادپەروەریدا! پاش شازدە مانگ زیندانی لەبەر نەخۆشی ولەسەر داوای جەماوەر وسۆشیال میدیا لە زیندان ئازادیان کرد!

هەر لەو ئیسرائیلە لە ٢٠١٧ شەش کەس لە نزیکەکانی ناتانیاهۆ گیران لە بۆندی کڕینی غەواسەدا، و تا ئێستاش خودی ناتانیاهۆ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و ڕەنگە تۆمەتباریش بکرێ. ئەو ناتانیاهۆیەی کە وەک ئەبو عەنتەرێکە بەسەر وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە، بەڵام لە ناوەوە وەک کەسێکی ئاسایی ئیسرائیلی مامەڵە دەکات، وەک سەرانی کورد تەنها بەسەر کورد ئەبو عەنتەر نین لەبەردەم دوژمنیش وە مشکی لەرزیو بن.

هەر دوێنێش سارەی ژنی ئەو سەرۆکوەزیرانە عەنتەر و بەهێزەی ئێستای ئیسرائیل ناتانیاهو درایە دادگا لەسەر ئەوەی پارەی دەوڵەتی بەکارهێناوە بۆ بازاڕکردنیماڵی خۆی! سزاش درا بە دانەوەی مەبلەغێک! ژنی سەرۆک وەزیران کەسێکی وا تۆقێنەر بۆ دوژمنانیان لە عەرەبی وەک ناتانیاهۆ، بەوپەڕی زەلیلیەوە چووە بەر دەستی دادگا و دادگایش کرا، گوێیان بەوە نەدا ماڵباتی ناتانیاهۆ لەکەدار دەبێت و لەوەتی منداڵە خەبات بۆ سەرخستنی ئیسرائیل دەکات، هەموو وڵاتانی عەرەبی تۆقاندوە، و وڵاتەکەی گەیشتۆتە لوتکەی زانست و تەکنۆلۆژیا و دەیان دەسکەوتی تریان بە هەند وەرنەگرت لەبەرامبەر جێبەجێکردنی حوکمی یاسا وعەدالەت!

دەی ئەگەر پارتی وماڵباتی بارزانی فێری هونەری دەوڵەتداری ببان لە ئیسرائیل بەخێر دەگەڕایەوە بۆ هەموو کورد و کوردستان، یان تەنها فێری ئەو لایەنە گەشەدارە بووبان لە ئیسرائیل لە جیاتی فێربوونی هونەری سیخوڕی و خەساندنی نەیاران و گەل، ئومێد هەبوو کوردستان ئێستا وڵاتێکی یەکگرتوو وتەبا با، و خاوەن ڕێز وپایە لەلایەن وڵاتانی دنیا با، و جوانترین نمونەی دیموکراسیش دەبوو. بەڵام کوا ئەو عەقڵیەتە بلیمەتەی گەلی ئیسرائیل لای ئەوانە و کورد بە گشتی؟!

محەمەد هەریری

٢٠١٩/٦/١٧

# ئیسرائیل بە فرۆشتنی قودسی کوردستان قودسی خۆی کڕیەوە!

## ٢-١

بڕیاری تڕامپ بە ناساندنی قودس یان ئۆرشەلیم وەک پایتەختی دەوڵەتی یەهودی ئیسرائیل کاردانەوەیەکی زۆر زۆری بەدوای خۆی هێناوە!

من لە نێو ئەو هەموو کێشمەکێشەدا، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوانە بوو: بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە ئیسرائیل چ کاریگەریەکی سەرووی ئاستی عەقڵ و لۆژیکی هەیە بەسەر ئەمریکا بە تایبەتی، و ئیدارەی تڕامپ بە تایبەتی! چونکە هیچ حکومەتێکی دیکەی ئەمریکا جورئەتی بڕیاردانی ئەو بڕیارە هەستیار و مەترسیدارەی نەبووە! هەر لە سۆنگەی ئەوەوە گەیشتمە هەقیقەتێک کە پێشتریش باوەڕم پێی بوو کە ئەوەیە ئەگەر ئیسرائیل بە جدی داواکاریەکی هەبێت لە ئەمریکا و خۆرئاوا بە گشتی دەتوانێت بە دەستی بهێنێت.

هەر بۆیەش لە کاتی ڕیفراندۆمەکەی کوردستان ئیسرائیل بە جۆرێک ڕەفتاری کرد، کە ئەگەر زەنی باشی پێ ببەین دەڵێین هەڵەیەکی کوشندەی بەرامبەر سەرکردایەتی کورد و گەلی کوردستان کرد، دەنا ئەو ڕەفتارەی دەگاتە ئاستی خیانەتێکی مێژوویی لە کورد.

بۆ؟ چونکە ئیسرائیل کاتێ بە ئاشکرا لەسەر بەرزترین ئاست دا پشتگیری لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کورد کرد، دواییش بە بەرچاوی ئەو و جیهانی خۆرئاوا، کورد ئاوەڕووت کرا بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی بوێر و کرداری و ئاشکرای هەبێت، ئەوە کارێکی ئاسایی نییە!

چونکە بە ئاشکرا پشتگیری کردنی ئیسرائیل کارێکی ئاسایی نییە لە ناوچەکە! ئەگەر کوردستان پارچەیەک با لە ئەمریکای لاتینی یان قارەی ئوسترالیا ئاسایی بوو .بەڵام لەناو سێ لە گەورەترین و بەهێزترین و شۆڤینیترین نەتەوەی موسڵمانی تورک وفارس و عەرەب، کە سیاسیەکان دووڕووانە لەسەر دژایەتی ئیسرائیل دەژین ودەنگی دەنگدەران کۆدەکەنەوە، ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل کارێکی ئاسایی نییە!

هەتا ئەو ڕۆژە مەسیحیەکی قیبتی میسری زۆر دوژمن بە کۆی ئیسلام بەمنی گووت، پاش ئەوەی لەگەڵ ئیسرائیل دەستتان تێکەڵ کرد بە ڕاشکاوی پێت بڵێم هیچ هاوسۆزیەکم بۆ ئەکراد نەما!

ئەوە هەڵوێستی مەسیحیەکی قیبتی بێت، دەبێت هەڵوێستی تورکێک و عەرەبێک و فارسێک چۆن بێت؟! یانی ئیسرائیل هێندە بێ عەقڵ نییە لە ئاکامی ئەو پشتگیرییە ڕاشکاو و ئاشکرایە تێ نەگات! ئیسرائیل سەدان ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گەلانی ناوچەکەی هەیە، کاتێ یاریەک دەکات زۆر بە وریایی دەیکات دەنا نەیدەتوانی لەناو ئەو دەریایە لە دوژمنە ژیابا!

ئێران دەیگووت ئەو کوردانە کرێگرتەی ئیسرائیلن، دەیانەوێت قەوارەیەکی سەر بە ئیسرائیل لەناوچەکە دامەزرێنن دژی ئێرانی ئیسلامی و گەلانی ناوچەکە!

عەرەب دەیگووت ئەگەر دژی حکومەتی تایفی شیعی عێراقیش بین، بەڵام بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلی دووەم لە کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقین!

هەتا ئەردۆگانی مونافیق، کە پێش ترامپ لە بەڵگەنامەکاندا دەرکەوتوە، حکومەتەکەی دانی بە قودس ناوە وەک پایتەختی ئیسرائیل، سەرەڕای هاوکاری وهاریکاری و پەیوەندیەکی توند وتۆڵی لەگەل ئیسرائیل، ئەویش دەیگووت: با بچن ئەو کوردانە ئیسرائیل بە کەڵکیان بێت وبەهانایان بێت دەوڵەتیان بۆ دامەزرێنێت! ماویەتی

٢٠١٧/١٢/٩

# ئیسرائیل پشتگیری لە کورد دەکات
# یان کورد بەکار دەهێنێ؟!
# ٢-٢

هەموومان ئاگادار بووین لەو ماوەیەدا میدیای شۆڤینی عەرەبی و تورکی و فارسی چۆن سەدان پڕوپاگەندە و درۆیان هەڵدەبەست بۆ نیشاندانی کورد و کوردستان وەک کرێگرتە ودەسکەلای گەلی جولەکە و قەوارەی ئیسرائیل!
ئیسرائیل کە کوردی خستە ناو دەمی شێر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە دەبوایە، یان ئەو کارەی وا بە ئاشکرا نەکردبا، یانیش کە کردی دەبوایە بەهەمان ئاشکرایی و ڕاشکاوی و بوێری بەرگری لە کوردستان کردبا! من ناڵێم سوپای ناردبا، بەڵام تۆ بتوانی ئەمریکایەکی وا زلهێز بە پێچەوانەی هەموو بەرژەوەندیەکانی لە جیهانی عەرەب و ئیسلامی بەریت، بەڵکو هەتا بە ناڕەزایی زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکانیش، بڕیارێکی وا هەستیار ومەترسیداری پێ بدەیت، بۆ ناساندنی قودس بە پایتەختی ئیسرائیل، بۆ نەتتوانی کارێکی واش بکەیت ئەمریکا ڕازی نەبێت بە هێرش کردنە سەر کوردستان؟! کە ئەمریکا وەک خوایەک وایە لە عێراق؟! بۆ بەڕاشکاویش وەک ئیلی کۆهینی سیاسی و میدیاکار دەیگووت ئیسرائیل بەرگری لە کوردستان دەکات ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر، هەر بۆ سیاسەتیش بێت هەڕەشەیەکی ئاشکراتان لە ئێران و تورکیا نەدەکرد؟!
ماقوڵ نییە بە ئاشکرا تووشی شەڕی خۆتم کەیت، نە بە ئاشکرا و نە بە نهێنیش بەرگریەکی وام لێ نەکەیت!
کەوابوو ئیسرائیل پشتگیری کورد ناکات بەڵکو کورد بەکاردەهێنێ بۆ ئامانجە گەورەکانی خۆی! کەرکوکیان تەسلیمی شۆڤێنیەکانی عەرەب وتورک و فارس کرد

تا هێندە مەست بن بەو خەیاڵە شۆڤێنییەوە، بە ئاسانی هەنگاوی بە پایتەخت ناساندنی ئۆرشەلیمی قودس قووت دەن!
واتە دوور لە زمانی نیفاقی دیپلۆماسی ئیسرائیل بە فرۆشتنی قودسی کوردستان قودسی خۆی کڕیەوە!
هەروەک چۆن لە کاتی ریفراندۆمەکە ئیسرائیل کوردی بەکارهێنا، بە هەمان شێوەش ئێستا کورد بۆتە کەواسۆری بەر لەشکری ئیسرائیل بە خۆڕایی و خۆبەخشانە!
هەزاران کورد بە شێوە وستایلی ئەبو چیچۆی سەخیف کڕنۆش بۆ ئیسرائیلی خۆپەرست و کوردکەرکەر دەبات، هەزاران جوێن بە خوا و ئیسلام و سەلاحەدینی ئەیوبی دەدات بە دەروونی زامداری نەخۆشی نەزانی خۆی، نازانێت بەو کارە ئەبو چیچۆیانەی زیاتر زیان لە خۆی دەدات، و زیاتریش خۆبەخشانە خزمەت بە بەرژەوەندی ئیسرائیلی بێ خێر و ئیستیغلالچی دەکات!
کورد چونکە زامدارە، زۆر دڵخۆشە بەو کەرامەت شکانەی عەرەب وتورک و فارس، منیش نایشارمەوە دڵخۆشم لەو پێکە بخۆنەوە کە سەدان ساڵە دەرخواردی ئێمەی دەدەن، بەڵام با دڵخۆشیمان لە ڕادەبەدەر نەبێت، چونکە ئەو ڕوداوە هیچ لە دۆڕان و شکستەکانی ئێمە قەرەبوو ناکەنەوە، وبا خزمەتێکی خۆڕایی پێشکەش بە ئیسرائیل نەکەین، و ڕادەی دوژمنایەتی شۆڤێنیەکانی ناوچەکەش زیاتر بکەین لە دژی کورد. با دیسان ئیسرائیل بەکارمان نەهێنێتەوە!
ئیسرائیل بیوستایە موعجیزەی بە ئەمریکا دەکرد بۆ بەرژەوەندی کوردستان، نەک کورد تێوەگلێنی لە چەند لێدوانێکی مەترسیدار و پیس و بێ بەرهەم، دووایش تێی تەقێنێ!

٢٠١٧/١٢/٩

# من دڵنیام یاریەک دەگوزەرێ لە نێوان ئەردۆگان و ئیسڕائیل!

دەمنادەم ئەردۆگانی دەجال پڕ بەدەم جنێو بە ئیسڕائیل و هێماکانیان دەدات، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی ئیسڕائیل نابینرێت جگە لە یەک دوو وەڵامی شەرمن!
ئەگەر ئەو هاندان و جوێندان و سوکایەتیەی ئەردۆگان دژی ئیسڕائیل تۆزێک هەقیقی با، تورکیا نەدەبا هیچ پەیوەندیەکی سیاسی و بازرگانی و هەر پەیوەندیەکیتری بە ئیسڕائیل بمێنێ!
ئەگەر ئەو هاندان و جوێندان و سوکایەتیەی ئەردۆگان بە ئیسڕائیل تۆزێک هەقیقەتی تێدابا، ئیسڕائیل وا بێ خەم دانەدەنیشت بەدیار وڵاتێکی پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی وەک تورکیا، وبێ دەنگ نەدەبوو لە موغامەراتە سەربازیەکانی لە سوریا وعێڕاق و هاندانی تیرۆرستانی حەماس لە فەڵەستین! خۆ سەدام بە نیوەی ئەردۆگان هەڕەشە و جوێنی بە ئیسڕائیل نەداوە؟!
ئیسڕائیل بە ڕاستی وجدی تەنها پشتی کورد بگرێت لە سوریا و تورکیا، تورکیا لێک هەڵدەوەشێنێ! بەڵام بەسکردنی بە دوو لێدوانی ئیستهلاکی هەر بۆ بەرزکردنەوەی ڕەسیدی ئەردۆگانە و بۆ فریودانی موسڵمانانە پێی، چونکە ئەگەر ئەردۆگان هی خۆیان بێت، با هەموو ئیسلامییە ساویلکەکانیش هی ئەردۆگان بن.
ئەربەکانی مامۆستای ئەردۆگان زۆر جوان وەسفی ماهیەت و ناوەرۆکی ئەردۆگانی کردوە و بە خزمەتکاری پلانی ئیسڕائیلی مەزن وەسفی دەکات دەڵێت بەرلەوەی ببێتە هیچ لە ئەمریکا سەرۆک بۆش ئەو ئەرکەیانی پێ سپارد! و ئاماژە بە خەڵاتەکانی جووەکانیش دەکات بۆ ئەردۆگان، و دەڵێت: زۆر دڵخۆشە ئەو قەمیسە سورەی لەبەر کردوە کە ئەگەر دەزانن ئەو ڕەمز و لۆگۆ و هێمایانەی سەر قەمیسەکە چین دەگرین! وابزانم ئاماژە بۆ ماسۆنیەتی ئەردۆگان دەکات!

لەوانەیە کە یەکەم سات گوێت لەو قسانەی ئەربەکان دەبێت باوەڕ نەکەیت، بەڵام کە موتابەعەی وردی شانۆگەریەکانی ئەردۆگان دەکەیت لە دژی ئیسڕائیل و بۆ فریودانی گەمژە ئیسلامیەکان و دیندارەکان، دەزانیت قسەکانی ئەربەکان چەند لە ڕاستیەوە نزیکە!

**لینکی ڤیدیۆکەی ئەربەکان:**

VWsv0Od3v84/https://youtu.be

# تورکیا وئیسرائیل
# دوو نەتەوەی چۆن یەک!

ئەوە دەیەها ساڵە ئیسرائیل زەبر بەدوای زەبر دەوەشێنێتە عەرەبی فەلەستین وبەوپەڕی گوێنەدان بە هیچ ناڕەزاییەک بەردەوامە لەسەر پرۆژەی تەواوکردنی داگیرکردنی بست بە بستی خاکی فەلەستین، سەیر لەوەدایە ئیسرائیل هەر قسە ورەخنەی نەیارەکانی پشتگوێ ناخات بەڵکو گوێ بە ڕەخنەی دۆستەکانیشی نادات لە نێو ئەوانەش ئەمریکا وولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا .

دەیەها ساڵە ئیسرائیل بە هەوەستی خۆی دەکوژێت ودەبڕێت بێ گوێدانە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وهیچ دامەزراوەیەکی تری نێودەوڵەتی. ئەو ئیسرائیلە هێشتاش ماندوو نەبوە وئامادە نیە دەستبەرداری لە 3% خاکی فەلەستین یان ئیسرائیل بێت بۆ فەلەستینیەکان تا دەوڵەتۆکەیەکی لەسەر دروست بکەن!

ئیسرائیل بە بیانووی هیستیریای مێژووییەوە دەیەوێت هەموو شتێکی سەر ئەو خاکە هەستیارە بسڕێتەوە یان مۆرکێکی جولەکایەتی لێبدات، هەر بەو بیانوە مێژوویانەشە ئەوە بۆ چەندین ساڵە ژێر مسجد الاقصی هەڵدەکۆڵێت. دوا هەنگاوی پڕ لە فیز وعونجوهیەتی ئیسرائیل ئەو هێرشە دڕندانەی بوو بۆسەر (فلوتێلای ئازادی) (کاروانی دەریایی ئازادی) وبێ گوێدانە هیچ پێوەرێکی سیاسی ودیبلوماسی ومرۆیی، بەبێ سڵکردنەوە لە هاولاتیەکانی ئەو ولاتانەی کە تەنها بە مەبەستی شکانی گەمارۆ نامرۆییەکەی غەزەدا هاتبوون.

بێگومان ئیسرائیل بەو کارە نامرۆییانە وگەلحۆیانەی بە شایەدی دۆستەکانی پێش دوژمنانی هەلەیەکی گەورەی کرد وهەلێکی گەورەشی دایە دەستی ئەردۆگان

بۆ زیاتر بەدەستهێنانی شەعبیەت وناوداری لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی وتورکیادا. لێدوانە ئاگرین وتوندەکانی ئەردۆگان دوبەدوای ئەو ڕوداوە سەرتاسەری جیهانی عەرەبی وروژاند وتورکیاشی جۆشدا وشەعبیەتی ئەردۆگانی گەیاندەوە چڵە پۆپە !

تورکیا وئەردۆگان وەک ئەو شێرکوژەیە کە هەموو وڵات گەڕابوو بەدوای ڕاوکردنی شێرێک کەچی شێرەکە بەرداوێژێک لە دواوەی ماڵەکەی خۆیان بووا! ئەو کێشەیە گەورەیەی کورد کە بە هەموو پێوەرێکی دونیایی وئاسمانی گرنگترین کێشەیە ولەکاتێکدا هەزاران منداڵی هەرزەکار لە باوەشی گەرمی دایکیان دەرهێندراون ولە زیندانەکان ژیانیان دەگوزەرێنن وڕاپۆرتەکەی بی بی سی لەو بارەیەوە بەردی بە گریان دەهێنا، کەچی ئەردۆگان سەرگەردانی عەدالەتە لە دووری هەزاران کیلۆ مەترەوە بۆ فەلەستینیەکان، ئەوە لە کاتێکدا ئەردۆگان دەتوانێ لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەی دەیان منداڵی کوردی بۆیاغچی پیڵاو ببینێت کە چۆن بە دەستی جەندرمەکانی ئاوارە وسەرگەردان کراون وچۆن شیرازەی سەرتاپای ملیۆنەها خێزانی کوردیان لێکترازاندوە.

ئەوەی جێگای پرسیارە دەبێت بۆ ئیسرائیل دەیەهاساڵە بە هەوەستی خۆی یاری تۆپتۆپێن بە جەستە وخاک وویژدان وئەعسابی عەرەب وموسڵمانان دەکات بێ ئەوەی لە هیچ بترسێت یان سڵ بکاتەوە؟! ئیسرائیل لە کێ بترسێت بەر لە هاتنە سەرهێڵی تورکیا؟ لە میسر ؟! ئەخر ئیسرائیل چۆن لەو میسرە بترسێت کە بونەتە ئێشکگری ئەمنی سنوری ئیسرائیل ولەوانیش توندتر تاڵاو بەدەمی فەلەستینیەکان دەکەن؟ لە ئوردن؟! کە بە دوو سێ سەعات دەتوانێت هەمووی داگیر بکات؟ لە سوریای ماڵباتی ئەسەدی ناوەوە وڕێوی بەردەمی ئیسرائیل؟!

سوریا بەس بۆ گیانی نەتەوەیەکی بێ دەرەتانی وەک کورد ئازایە بۆ گیانی گەلی سوریای بارمتە ئازایە بۆ گیانی لوبنانیەکان ئازایە، وسنوریشی لەگەڵ ئیسرائیل لە تەقەی خۆشی ژن وژن گۆڕینەوەی هەردوو لای سنور هیچی تری لێ نیە.

لە عەرەبستانی سعودی کە لە فەلەستینیەکان زیاتر سواڵی ئاشتی دەکات لە ئیسرائیل؟! ئەوەی لەسەر ئاستی عەسکەری کەمێک ئیسرائیلی هەژاندبێت حزب الله یە ولەدواوەش ئێران، بەڵام هەموو گەفوگوڕەکانی ئێران بەقەد ئەو هەڵمەتە سیاسی ودیبلۆماسیانەی ئەردۆگان وتورکیا کاریگەری نەبوو بەسەر ئیسرائیل، بەڵکو ئیسرائیل هەڕەشەکانی ئێرانی وەبەرهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

## ئەوەی ئەردۆگان وتورکیا پێیان کرا لەگەڵ ئیسرائیلی بکەن کەس پێی نەکراوە، ئەوەش سەرەڕای لێزانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی سەرەکی:

ئەویش وەک چۆن جووە توندڕۆکان خۆیان پێ گەلی هەڵبژاردەی خوایە، تورکەکانیش بە پێی کلتوری سیاسی کەمالیستی وکلتوری ئیسلامی عوسمانیش ئیدیعای ئەو نوخبەویەتە دەکەن وتوێژینەوەیەکی زۆر لەو بارەیەوە هەیە، بۆیە تاکی تورک هەست بە عونجوهیەتێکی زۆر سەیر دەکات لە سۆنگەی ئەو پەروەردە دوو سەرەی کەمالیی وتاڕادەیەکێش عوسمانیەت.

چونکە ئەگەر تورک هێندە ئاشتیخوازن نە دەبوایە بەو جۆرە دڕەندایەتیە هەڵسوکەوت لەگەل میللەتێکی گەورەی وەک کورد بکات، ئێمە هەر باسی ئاستی سیاسی وحکومی ناکەین بەڵکو باس لەسەر ئاستی کەسێتی وشەخسی دەکەین، لە شاگردێکی تورکی ڕێستورانەوە بگرە تا پرۆفیسۆرێک هەمان خۆبەزلزان وعونجوهیەت وخەڵک بەهیچ نەزان. هەر خۆم جارێکیان لە ڕێستورانێکی تورکی کە زۆربەیان کوردی تورکیا بوون لە یەکێکیانم پرسی جەنابیشت کوردی! گوتی نا، (نا) یەکی هێندە گەورە وقەڵەو وهێندە ڕوخساری تێک چوو وەک بڵێی پێم گوتبێت جەنابت دزی یا گەوادی؟!

ئەزموون زۆرن لەگەڵ شوفێری تاکسی ورۆشنبیر وسیاسی وئیسلامی وعیلمانیەوە هەموویان یان زۆربەی هەرە زۆریان هەمان گیانی گەلی هەڵبژاردەی خوایان تێدا دەخولێتەوە، جا وەک چۆن عەرەب دەڵێن (تەنها ئاسن ئاسن دەچەمێنێتەوە) بۆیە ئەو عونجوهیەتەی جولەکەکان پێویستی بەو عونجوهیەتەی تورکان بوو، ڕۆژئاواش زۆری پێخۆشە بەرەی حەماس وفەلەستینیەکان لە ژێر پێی ئێران دەربهێنێت وبیخاتە ژێر پێی نیوعوسمانیەکان کە زۆربەی کات لە میکیاڤیلی میکیاڤیلیانەتر ڕەفتار دەکەن وڕەهەندێک هەیە بۆ عەقڵ وگفتوگۆ.

٢٠١٠/٦/٢٢

# ڕۆژهەلاتناسێکی ئیسڕائیلی:
# کورد خائینن بە ئیسڕائیل و ئەمریکا! دز ماڵخۆی گرت!

لە دەیان پۆست و بۆنە نووسیومە ئیسڕائیل لەوەتی هەیە هەر وەک کارتێکی یاری لە کوردی ڕوانیوە! گەر بەڕاستی پشتگیری لە کورد بکردبا ئێستا کورد بەلای کەمەوە لە دوو پارچەی کوردستان سەربەخۆیی بەدەست هێنا بوو. چونکە ئەو هەژموون و نازەی ئیسڕائیل هەیەتی بەسەر زلهێزانی جیهان، نەکەس هەبووە و نە دەیبێ!
ببینە ئەو ئەمریکا سەد بە قەد ئیسڕائیل قازانج لە وڵاتە عەرەبییەکان دەکات، ئەوە ئەگەر ئیسڕائیل هەر زیان نەبێت بەسەر ئەمریکا و خۆرئاوا! کەچی هێشتا بە دژی هەموو وڵاتە عەرەبی وئیسلامییەکان، هەتا ئەورووپاش، لەبەر خاتری ئیسڕائیلی نازدار، دان بە قودس دەنێت وەک پایتەختی ئیسڕائیل! ئەوە هەژموون وهێزەکە لە سەرووی لۆجیک و بیرکردنەوەی مرۆڤە!
کێشە هەر ئەوە نییە کە ئیسڕائیل بە جیدی نایەوێ یارمەتی کورد بدات، بەڵکو زۆرجاران وا هەست دەکەیت، بە لێدوانە دۆنکیشۆتە هەرزەکارەکانیان کە گوایە تا سەرئێسقان پشتگیری لە کورد دەکەن، کورد زیاتر ڕەش وبێزراو دەکەن لەبەرچاوی گەلانی موسڵمانی ناوچەکە لە لایەک، لەلایەکیتریش لێدوانەکانیش هەمووی درۆ وفیشاڵە، لەواقیعدا نە یارمەتی دەدەن ونە مێشێکیان لێ مێوانە ئەگەر هەموو کوردستان بسووتێ !

لە کاتی ڕیفراندۆمەکە دیتمان چۆن لە بەرزترین پایەی سیاسی رەسمی وشەعبی دەیانگووت یارمەتی کورد دەدەین، کەچی بە وشەیەکیش دژی ئەو گەلەکۆمییە نەوەستانەوە کە لە دژی کورد کرا لەلایەن حوکمەت وهێزەکانی ناوچەکە! یانی مرۆڤ هەست دەکات ئەو لێدوانە پڕ فشانە بۆ زیاتر تێوەگلاندنی کورد بوو نەک یارمەتیدانی، دەنا ئیسرائیل بیویستبا دەیتوانی موعجیزەیەکی سیاسی خەڵق بکات وەک موعجیزەی دانهێنانی ترامپ بە قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل بە دژی هەموو وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی و ڕوسی و چینی و هەتا ئەوروپاییش!

ئەو ڤیدیۆیە ببینە کە لە کۆتایی بابەتەکە دایدەنێم، من هەست دەکەم ئەو ڕۆژهەڵاتناسە ئیسرائیلییە دکتۆر جای باخور، هەرچەندە زۆر نامرۆڤ و دڕندە دەروونە وتەمەنای لەناوچوونی هەموو گەلانی ناوچەکە دەکات، بە شەڕی تایفی سونی و شیعی، بەڵام دەتوانم بڵێم ڕاشکاوترین گوزارشە لە هەڵوێستی هەقیقی ئیسرائیل لە کوردستان و کورد! دەڵێت من دڵخۆشم کە تڕامپ دەکێشێتەوە لە سوریا، تا شیعە و سوونە باش یەکتری لەناو بەرن... ئەمریکا و ڕوسیا شیعەیان بەهێز کرد و سونەیان لاوازکرد، ئێستا نۆرەی ئەوەیە سوونە هەڵسێننەوە، بە پێشڕەوی سوڵتان ئەردۆگان هەموو باکووری سوریا داگیرکەن، ئەو خاکانەی کورد دەستیان بەسەردا گرتووە و موستەهەقیشیان نییە! لە دەستیان دەرهێنن! یانی ئەو ئیسرائیلییە لە عەرەبیش خراپتر لە کورد دەڕوانێ، هەتا دان بەوەش دانانێ کە ئەو خاکانەی باکوری سوریا کوردین و دوو هێندەش خاکی کوردی تەعریبکراون!

دەڵێت: ئێمە میدیایەکی نابەرپرسانەمان هەیە بە نسبەت کوردەوە و دەڵێن کورد هاوپەیمانی ئێمەن! کورد خاینن، ئێمە وئەمریکاییەکانیان فرۆشت! ئەوەش شتێکی نوێ نییە یانی هەمیشە خائین بوونە! لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ئەو کوردە پیرۆزانە [مەبەستی پەیەدەیە [خەریکی گفتوگۆ بوون لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد! سەرۆک تڕامپ گووتی ئێمە کوردەکان دەپارێزین، ئەوانیش خیانەتمان لێ

دەکەن، نەوت و گاز دەفرۆشنە بەشار ئەسەد! کورد لە دیمەشق و مۆسکۆن، بۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان کورد یارمەتی ئێمەی [ئیسرائیلی] داوە! نەخێر قەت یارمەتیان نەدواین ونادەن .

] کورد ناوی خۆی لەناوچەکە پیس کردوە سەبارەت بە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە، تەنها نەتەوەی موسڵمانی ناوچەکەن زیاتر لە مەسیحییەکانی سوریا ولوبنان وئەردەنیش جوو و ئیسرائیلیان قبووڵە، کەچی هێشتا ئەو ئیسرائیلیە دڵڕەشە دەڵێ کورد بە ئێمە خائینن! هێندە مەکروهن وەک قەحپەی گەڕەکێنە لەو ناوچەیە ئەوەی سەلامێکیان لێکات ناوی دەزڕێ، کەچی کورد ڕێز وخۆشەویستیشیان بۆ دەردەبڕن، و ئالاکانیشیان هەڵدەگرن، وەک خائینیش لەلای گەلانی ناوچەکەش دەرکەوتوون سەبارەت بەو هەڵوێستەیان لە ئیسرائیلەوە، هێشتا کاکم ڕازی نییە دەڵێ کورد خائینن بە ئێمە![

یانی کورد لە ترسی هەڵوێستی ڕاڕای ترامپە شێت، ئەگەر کەناڵێکی گفتوگۆ بکەنەوە لەگەڵ بەشار ئەسەد و ڕووسیا ئەوە خیانەتە لە ترامپ! ترامپ بە تویتە هەرزەکارەکانی کوردی وەک جیسکی هەیاسی لێکردوە، دەیانەوێت کورد هەوڵی خۆپاراستنیش نەدا جاوەڕێی پاڵپشتی درۆینەی ئیسرائیل و میزاجی مناڵبازاڕی ترامپ بن! خۆزگە بەشار ئەسەد و پوتین هێندە بە حیکمەت بان لەگەڵ کورد ڕێک کەوتبان، زۆر چاکتر بوو لە نیگەرانی و ڕاڕایی ئەمریکای دۆستفرۆش و مەحکوم بە بازرگانێکی شێتەوە.

دەربارەی کەرکوک، ئەو چەواشەکارە نامرۆڤە ناڵێ ئێمە کوردمان بە تەنها بەجێ هێشت لە کەرکوک هیچ زەمانەتێکمان پێ نەدان لە قسە و فشەفش زیاتر، دەڵێت دیتتان چۆن لە کەرکوک خیانەتیان لەیەک کرد و بۆ ئێرانییەکان کەرکوکیان فرۆشت! خۆ ڕاستیشە خیانەتیان کرد لە یەک، بەڵام خیانەتیشیان لە یەک نەکردبا لە سایەی ئەو گەلەکۆمیەی ئێران وعێراق و تورکیا، و ڕۆڵی پیلانگێڕی زلهێزەکان هەر سەرکەوتوو نابوون! با کوردیش مسۆگەری پالپشتی ئیسرائیل

وئەمریکا و ئەوروپای هەبا بزانە چۆن سیناریۆکە بە جۆرێکی تر دەبوو. با سیاسییە فشەکەرەکانی ئیسرائیل هەڕەشەیەکیان لە ئێران وتورکیا کردبا، بزانە چۆن تەواوی وەزعەکە دەگۆڕا!

٢٠١٩/١/٦

لینکی ڤیدیۆکە:

ttps://www.facebook.com/messages/t/adnan.ahmad.1966

# تێڕوانینێکی سەتحی
# بۆ قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی!

-١-

لەو ڕۆژگارە زۆر هەرزەکار و نەزان و ئاستنزم دەبینم ڕاست و چۆپ بەرگری لە جوولەکایەتی قودس دەکات، و بێ ئەوەی هیچ لە مێژوو و دین و سروشتی سیاسی کێشمەکێشی جوو و عەرەب و ئیسلام بزانێت! من هێندە کێشەم نیە قودس هی عەرەب و موسڵمان بێت، یان هی جوو و ئیسرائیل بێت، بەڵام مخابن بەو بۆنەوە سەدان هەرزەعەقڵی دزێوی لە شێوازی ئەبو چیچۆ جوێن بە سەلاحەدینی ئەیوبیش دەدەن، بێ ئەوەی سەلاحەدین لە مێژوودا شەڕی دژی جوو کردبێت! هەروا خۆبەخشانە و وەک کاری هەمیشەیی کوردی ساویلکە، خزمەت بە ویست و خواستی زایۆنیزم و ئیسرائیل دەکەن بێ بەرامبەر، تەنها وەک کاردانەوەیەک لە دژی عەرەب و موسڵمانان!

ئەگەر ئەبو چیچۆ و هاوئاستەکانی لێیان نەگیرێت و چاوپۆشییان لێبکەین لەبەر دەبەنگی و هەرزەعەقڵی و شۆڤێنیەتێکی سەرەتایی و کاردانەوەیەکی نا عەقڵانی، بەڵام بۆ کەسێکی وەک یونس ڕاوی زۆر نەنگییە لەسەر هەمان ستایلی ئەبو چیچۆ و هاوئاستەکانی لە فەیسبوک قسە بکات لەسەر قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی!

یونس ڕاوی دەیان هەڵە دەکات لە پۆستێکی بچووکدا بەناونیشانی: "بڕیارەکەی تڕامپ دەربارەی قودس بڕیارێکی قورئانیە" وەک بڵێی تڕامپی بەراز بەدوای بەڵگەی قورئانی دەگەڕێت تا ئەو کارە بکات! سەرەتا دەڵێت:

(قودس) ئۆرشەلیم لە زوو خاکی جووەکان بووە، هیچ پەیوەندی بە عەرەب و ئیسلام نیە، بۆ یەکەمجار عەرەب و ئیسلام هاتنە نێو ئەم شارە لەساڵی (638ز) بەسەرکردایەتی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب)."

سەیر لەوەدایە ئەو برادەرە دەڵێت لە قودس هەر خاکی جووەکان بووە و بەرلەوان عەرەب پەیوەندیان بە قودس یا ئۆرشەلیم نەبووە! لەکاتێکدا بەپێی تەورات ئیبراهیم غەریب بوو لە خاکی پیرۆز! و بەر لە ئیبراهام یەبوسی و کەنعانیەکان خاوەنی قودس بوون، بەر لە سێ هەزار ساڵ پێش زاین دەڵێن لە دوورگەی عەرەبیەوە کۆچیان کردوە بۆ فەلەستین! و هەر ئەوان ناویان لە قودس نابوو یەبووس و و هەتا شالیم یش ناوێکی کەنعانی بوو، کە دوایی بووە ئۆرشالیم!

ئینجا زۆربەی مێژوونووسان پێیانوایە کە یەبووسی و کەنعانیەکان لە ڕەچەڵەکی عەرەب بوون! بێگومان ڕایتریش هەیە، کەوابوو ئەگەر ئیسلام وەک دین تا 638 ز پەیوەندی بە قودس نەبووبێت، ئەوە عەرەب بەپێی ڕایەکی بەهێزی مێژوویی پەیوەندی لە جووش کۆنترە بەو خاکە! ئینجا دووبارەی قسە سواوەکانی ڕاقیسەیەکی میسری بەناو نووسەر یوسف زێدانی دووبارە دەکاتەوە کەوا:

"لەهەمووی خۆشتر ئەم ئایەتەی باسی ئیسرای پەیامبەر (د.خ) دەکات مەبەستی کەعەبەکەی تائیفە نەک (قودس)، ئاخر عەرەب بە کەعبەی مەککەیان دەوت: (مسجد الحرام)، بە کەعبەی تائیفیان دەوت: (مسجد الاقصى)"

ئەوەش درۆیەکی ڕووتە ماقوڵ نییە هەموو مێژوو و تەفسیر و حەدیسی ئیسلام بڵێت: المسجد الاقصى واتە بیت المقدس و قودس و شام و ایلیایە ، تۆ لەبەر قسەی ڕاقیسەیەکی میسری وەک زێدان بڵێیت: نەخێر مەبەستی کەعەبەکەی تائیفە نەک (قودس)!

ماقوڵ نییە دەیەها مێژوونووس و موفەسیری گەورەی ئیسلام وەک ابن کثير و الطبري و الرازي و القرطبي بڵێن مەبەستی قودسە لە مسجد الاقصى، تۆ هەر سوور بیت نەخێر مەبەستی ئەوێ نەبووە!

ابن كثير دەڵێت : "قوله عزَّ وجلَّ { إلى المسجد الأقصى} : يعني بيت المقدس، وهو إيليا، ومعنى إيليا - بيت اللّه" [مەبەست لە { إلى المسجد الأقصى}واتە بيت المقدسە، واتە ئیلیایە، ئیلیاش بە مانای ماڵی خوا دێت]

ئینجا کاک یونس دەڵێت: جا موسڵمانی عەقڵانی پێویستە دان بەم راستیە بنێت کە قودس ئەو خاکە پیرۆزەیە خودا بەڵینی دابوو بیگەڕێنێتەوە باوەشی جووەکان، قورئان لەسەرزاری پەیامبەر موسا دەڵێ: "ياقوم ادخلوا الارض المقدسة التي كتب الله لكم " (المائدة:21)، واتە: "ئەی خەڵکی من بچۆنە نێو ئەم خاکە پیرۆزەی خودا بۆ ئێوەی نوسیوە."

ئەو بەشە ئایەتە ( كتب الله لكم ) بە چەندین شێوە تەفسیر کراوە، ئەوەی کە دەڵێت: ""ئەم خاکە پیرۆزەی خودا بۆ ئێوەی نوسیوە." یەکێکیانە، بۆ نمونە السدي دەڵێت: امركم الله بدخولها [خودا فەرمانی پێکردوون یان لەسەری نووسیون بچنە ناوی] قتادة ش دەڵێت: فەرمانیان پێکرا وەک فەرمانی نوێژ کردن، واتە لەسەرتان فەرز کراوە.

## -٢-

ئینجا هەتا ئەو تەفسیرەی ڕاوی هەڵیبژاردوە ڕاستیش بێت، ئەوە تەواوکەری ئایەتەکان، پەیمانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و ماناکە پێچەوانە دەکەنەوە! ئەوە تەواوکەری ئایەتی ٢١ و ئایەتی ٢٢ سورەتی المائدە یە: ( يا قوم ادخلوا الأرض المقدسة التي كتب الله لكم ولا ترتدوا على أدباركم فتنقلبوا خاسرين ( 21 )قالوا يا موسى إن فيها قوما جبارين وإنا لن ندخلها حتى يخرجوا منها فإن يخرجوا منها فإنا داخلون) ( 22)

واتە: [ئەی خەڵکینە نەک بڕۆنە نێو ئەم خاکە پیرۆزەی کە خودا فەرمانی پێکردوون بچنە ناوی یان ئەوەی بۆ ئێوەی نوسیوە، نەگەڕێنەوە بە خەسارەتمەندی]

موفەسیران دەڵێن نەچوونە ناو خاکی پیرۆز و شکاندنی ئەمری خوا بۆتە هۆی زیانمەندی و دۆڕانیان، هەتا ئایەتەکە وەعدیشی پێدابن کە ئەو خاکەی بۆ نووسیون، بەڵام کە فەرمانی (ادخلوا) یان ڕەتکردەوە (انقلبوا خاسرين) واتە لە براوەوە بوونە دۆڕاو چونکە هەڵگەڕانەوە ویاخی بوون لە فەرمانی خوا! هەر قورئان بە حەزرەتی ئیبراهیم کە داوا دەکات وەچەکانیشی ببنە ئیمام و پێشەوای خەڵک دەڵێت: [لا ينال عهدي الظالمين] البقرة:124. واتە ستەمکار و سەرپێچیکاران پەیمانی منیان بەر ناکەوێت!

هەر لە ئایەتێکی تر دەڵێت: [ إن الأرض لله يورثها من يشاء من عباده والعاقبة للمتقين ]

زەوی موڵکی خودایە بە میرات دەیداتە ئەوەی بیەوێ لە بەندەکانی و ئاکامی باشیش بۆ پرهێزکارانە!

چونکه ئەگەر ئەو زەوییەی بۆ ئەوان بەخشیبێ، بۆ زەرەرمەند دەبن ئەگەر نەچنه ناوی؟! چونکه پەیمانەکه [ئەگەر بڵێین پەیمانەکه ڕاست بێت] بەستراوەیه به چوونه ناو خاکی پیرۆزەوە، ئینجا دەشڵێت نەکەن بگەڕێنەوه پشتی لێبکەن تا خەسارەتمەند نەبن، له ئایەتی دوای ئەو ٢٢ دەڵێت که به موسا پێغەمبەریان گووت: ئەی موسا میللەتێکی بەهێز و زەبەلاحی لێیه، ئێمه ناچینه ناوی تا لێی دەرنەچن، که دەرچوون ئەو کاته دەچینه ناوی!] یانی نەچوونه ناوی و ویستیانه میللەتێکی بەهێز و گەوره بۆ ئەوانی ترسنۆک جێی بهێڵێ!

قالوا يا موسى إن فيها قوما جبارين وإنا لن ندخلها حتى يخرجوا منها فإن يخرجوا منها فإنا داخلون) ( 22)

ئینجا ئەو تێگەیشتنه زۆر سەتحییه بۆ مانا وتێگەیشتنی قورئان، چونکه قورئان هەموو پێغەمبەران وەک موسڵمان چاولێدەکات هەتا ئیبراهیمی باوکه گەورەی جوولەکان به موسڵمان ناو دەهێنێت:

مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (67) آل عمران

یانی هەتا ئەگەر وەعدی به قەومی موساش دابیت، ئەوه ئەو یەهود و جووانه ناگرێتەوه که ئێستا بەپێی قورئان فڕیان بەسەر موساوه نییه، هەتا له ڕووی ڕەچەڵەکیەوه جوولەکانی ئێستای ئیسرائیل ٨٠٪ جووی ڕوسیا و خەزەرن ناچنەوه سەر بەنی ئیسرائیل، بەڵکو تەنها جوون له ڕووی دینییەوە!

من ناچار بووم به لۆژیکی قورئانی وەڵامی کاک یونس بدەمەوه، چونکه ئەو پرۆژه زایۆنیزمەکەی ترامپ به هەقیقەتێکی قورئانی وەسف دەکات! بەڕای من هەر له بنچینەدا هەڵەیه بانگەشەی دینی بەکار بهێنیت له پێناو داگیرکاری، و من پێموایه جووش وەک هەر نەتەوەیەکی تر هەقیان هەیه له فەڵەستین، بەڵام خاوەن هەقی ڕەها نین!

ئەوەی زیاتر جێگای ئەسەفە، یونس ڕاوی، بە هەمان شێوازی هەرزەکارەکانی فەیسبوک بە گاڵتە و تەوسەوە باسی مەزنترین کەسایەتی مێژووی کورد بکات کە سەلاحەدینی ئەیوبییە! نازانم لەوەدا دەمارە ڕاوییە عەرەبیەکەی زاڵ بووە، یان لەبەر هۆکاریتر نرخی ئەو کەسایەتیە مەزنە نازانێت، کە ئەگەر ئەو لە مێژووی کورد داماڵین، هیچی وای لێ نامێنێتەوە!

دەبێت جووەکان پەیکەرێک بۆ سەلاحەدین بکەن نەک چاوەڕێ داوای لێبوردن بکەن لێی!

## ڕاوی دەڵێت:

"بۆیە کورد لەبڕی ئەوەی شانازی بە کاک سەلاحەددین ئەیوبی بکات کە قودسی داگیرکردووە لە (1187ز) پێویستە داوای لێبوردن لە ئیسرائیل بکات چونکە ئەم پیاوە بەناوی ئیسلام ئەو وڵاتەی داگیر کرد بۆ بەرژەوەندی عەرەب."

بەخوا هەتا ئەبو چیچۆش هێندە ناحاڵی نییە بڵێ: دەبێت سەلاحەدین داوای لێبوردن لە ئیسرائیل بکات! ئەخر سەلاحەدین ئەگەر خوانەخواستە هەڵەشی کردبێت، ئەوە هەڵەی دژی خاچپەرستە مەسیحیەکان کردوە، کە بە دەیان شەپۆلی داگیرکاریەوە بەرەو فەڵەستین دەهاتن بۆ داگیرکردنی شوێنەزای مەسیح!

ئەخر منداڵێکی سەرەتاییش لە مێژوو دەزانێت کە جوو ئەو کاتە وەک نەبوو وابوون لە فەلەستین، کەمینەیەکی ناکاریگەر بوون، بەڵکو لە ترسی کوشتارکردنیان جووەکان هەر شوێنێک خاچپەرستەکانی پێ گەیشتبا، ڕایان دەکردە شارە موسڵمان نشینەکان!

یوشەع پراوەر Prawer، کە زایۆنیزمێکی ئیسرائیلی ناسراوە و خاوەنی کتێبی عالم الصليبيين دەڵێت لەگەڵ گەیشتنی یەکەم هەڵمەتی خاچپەرستان چەوساندنەوەی جووەکان دەستی پێکرد بە دەستی خاچپەرستان! کاتێ خاچپەرستەکان گەیشتنە کەناری لوبنانی جووەکانی قودس و یافا و رامەڵلا و شوێنی تریش زۆربەی هەرە زۆری جووەکان ڕایان کردە شارەکانی موسڵمانان!

بەڵکو یوشەع پراوەر دەڵێت: جووەکان لە زۆر شوێندا لە تەک موسڵمانانداا شەڕی خاچپەرستانیان دەکرد[1]

هەندێ سەرچاوەی لاتینی کۆن باسی بەژداری جوو لە بەرگری لە ئابڵۆقەدانی حەیفا دەکەن لە ٤٩٣ هـ - ١١٠٠ ز، لە ترسی ئەوەی بەسەر جووەکانی قودس داهات![2]

١ - عالم الصليبيين، تأليف: يوشع براور
ترجمة وتعليق وتقديم: الدكتور قاسم عبده قاسم - الدكتور محمد خليفة حسن
الناشر: عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية
الطبعة: الاولى 1999 عن هذه الاضطهادات انظر : براور ، الاستيطان ، ص 283 . سميث ، الحملة الصليبية ، ص 198 . قاسم ، الاضطهادات ، ص 137 – 166 . عوض ، الاضطهادات الصليبية ، ص 30-31 .
١ - براور ، الاستيطان ، ص 284 .
٢ Albert d, Aix , Historia . pp. 522-523 . Transitio Sanctic Nicolia , pp . 276-278. Grousset, Histoira P. 200

## -٣-

# دەبێت جووەکان پەیکەرێک بۆ سەلاحەدین بکەن نەک چاوەڕێ داوای لێبوردن بکەن لێی!

هەر پراوەر دەڵێت:" له کاتی هەڵمەتیان بۆ سەر وڵاتی شام، خاچپەرستەکان دزێوترین تاوان و چەوسانەوەیان ئەنجام داوە دژی جووەکان، کوشتار و قەسابخانەی وا ترسناکیان دەرهەق کردوون، کە مێژووی ئەورووپاش بەخۆیەوەی نەدیبوون، و ئێستاش هاوتای نییە وەک هۆلۆکۆستە.[3]

بەڵکو چەندین سەرچاوە دەڵێن: کە زۆر لە پیاوانی جوو ژن وکچ ومنالانی خۆیان دەکوشت، تا نەکەونە دەستی خاچپەرستان.

هەتا مەسیحیە ڕەسەنەکانی ناوچەکە زۆرتیرین ئازاریان چێشت بە دەستی خاچپەرستان، کاتێ ئەنتاکیایان داگیر کرد، مەسیحیە لۆکاڵەکانیان لە کەنیسە گەورەکانیان دەرکردن، خۆیان بەتریارک و ئەسقوفەکانیان دامەزراند، هەموو دێرەکانی ئەرمەن و ڕۆم و سوریانیان داگیر کرد، و زۆر بە توندوتیژی مامەڵەی ئەرتۆدۆکسەکانیان کرد، کەنیسەکانیان لێ زەوت کردن و کردیانن بە کەنیسەی لاتینی خۆیان، هەرچەندە ئەرمەن و سریانەکان و مارۆنیەکان هاوکاری خاچپەرستانیان کردبوو![4]

---

[٣] -and other Source Materials , Philadelphia 1971 . **15- Prawer ( R )** , The Latin Kingdom of Jerusalem , European Colonialism in The Middle Ages, London 1973

[٤] - قاسم عبده قاسم1990 م .(ماهية الحروب الصليبية (الطبعة الأولى .(مدينة الكويت - الكويت .عالم المعرفة صفحة 174

**کاتێک خاچپەرستان قودسیان داگیرکرد، نەیانهێشت مەسیحیە قیبتیەکان حەج بکەن بۆ شوێنەزای مەسیح بە بیانووی ئەوەی ئەوان کافرن! هەتا مێژوو نوسیکی قیبتی دەڵێت: خەمی مەسیحیە یاقوبیەکان کەمتر نەبوو لە خەمی موسڵمان، بە چ حەقێک مەسیحیە قیبتیەکان ڕێگای حەجکردنیان لێ دەگیرێت بۆ قودس و یان هەتا نزیکی قودس، خاچپەسرستان ڕقیان لێمانە، وەک بڵێی ئێمە گومڕا بین لە باوەڕی ڕاست![5]**

**کە قودس لەسەردەستی سەلاحەدین ئەیوبی ئازاد کرا، یەکسەر ڕێگای بە هەموو مەسیحیەکانی ناوچەکە دا بەوپەڕی ئازادیەوە حەج و پەرستشکاری خۆیان بکەنەوە، نەک هێندە چونکە مەسیحیە قیبتیەکان یارمەتی سەڵاحەدینیان دابوو بۆ ڕزگارکردنی قودس، چەندین قیبتی وەک نووسەر و ڕاوێژکار و وەزیر هەڵبژاردبوو. ئەگەر ئەوە ڕەفتاری سەڵاحەدین بێت لەگەڵ مەسیحیەکانی ناوچەکە، کە زۆریشیان هاریکاری خاچپەرستانیان کردبوو، دەبێت هەڵسوکەوتی چۆن بوو بێت لەگەڵ کەمایەتیەکی جووی قودس، کە تەنها کۆڵانیکی مام ناوەندی قودسیان پێک دەهێنا؟!**

**هەتا سەرکردەیەکی زایۆنیزمی ناوداری وەک دەیڤید بن گۆرین دەڵێت: سەڵاحەدینی ئەیوبی پاش ڕزگارکردنی قودس بانگەوازێکی ئاڕاستەی جووەکان کرد تا بگەڕێنەوە قودس یان ئۆرشەلیم، کە بوە هۆی گەڕانەوەی زۆر لە جووەکان، بوژانەوەی کار و بازرگان و شوێنی پەرستنیان لە قودس!**

**سەڵاحەدین چەندین ڕاوێژکار و پزیشکی تایبەتی جووی هەبوو وەک یوسف بن أبي سعيد بن خلف السامري، ناسراو بە [شمس الحكماء]. [6]**

٥ - جاك تاجر 2012 م .(أقباط ومسلمون منذ الفتح العربي حتى عم 1922م (الطبعة الأولى .(القاهرة - مصر .مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة صفحة 138

٦ - ابن ابي اصيبعة ، عيون الابناء في طبقات الاطباء ، ص 721

ئەوە بە کورتی باسی جووەکانی سەردەمی سەڵاحەدین بوو، کە دەبێت ئیسرائیل و جووەکان پەیکەرێک بۆ سەڵاحەدین دروست بکەن، کە ڕزگاری کردن لە چەوساندنەوەی خاچپەرستە بەربەریەکان، نەک وەک یونس ڕاوی بە پێخواسی بەناو بکەوی و بڵێت دەبێت کورد لە جیاتی سەڵاحەدین ئەیوبی داوای لێبوردن لە ئیسرائیل بکات لەبەر داگیرکردنی قودس!

٢٠١٧/١٢/١٣

# ئێوەش وەستان لە کوشتندا
# جەنابی ئەردۆگان!

ئەوەی لە نێوان ئەردۆگان وسەرۆکی ئیسرائیل پیریز ڕویدا، پێویستی بە هەڵوەستە کردن هەیە. ئەردۆگان وانەیەکی ڕەوشتی بە پیریزدا گوایە ئەوان خەڵکی بێتاوانی فەلەستینیان کوشتوە، ولە نێو ئەو قسانەی لە وانەکە هات، گوتی:"سەرۆکی بەڕێز کە کار دەگاتە سەر کوشتن ئێوە لە هەموو کەس چاکتری لێدەزانن، دەزانم چۆن دەست دەوەشێنن ومنداڵان دەکوژن لەسەر کەنارەکان!!... بەبیرت دەهێنمەوە کە تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن، بەڵام ئێوە دەیانکوژن!!"
بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان بۆی هەبوو ببێتە بوێرترین هەڵوێستی سیاسی ومرۆیی لە جیهاندا بەرامبەر لوتبەرزی وغەترەسەی ئیسرائیل کە گوێ بە هیچ کەس نادات لە جیهاندا لە پێناو جێبەجێ کردنی مەرامەکانی، وجیهانیش سەرتاسەر هەڵوێستێکی نێگەتیڤ وترسنۆکانەیان هەیە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییە نامرۆییانەی کە ئیسرائیل دەیکات، بەڵام ئەگەر زۆربەی سیاسیەکانیش خۆپەرست وترسنۆک بن ئەوە جەماوەری سەرشەقام زۆر ئازایانە دژی ئەو قەسابخانانە وەستان ( خۆزگە بۆ هەموو کێشەکان وابان). سیاسەتمەداری وەک شافێزیش هەر زوو ئەو پێشێلکاریانەی ئیسرائیل ڕەتکردەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەردۆگان لەبەر ڕوبەڕوویی لەگەڵ سەرۆکی شەمعون پیریز گرنگیەکی گەورەتری پێدرا بە تایبەتی لە شەقامی عەرەبی وئیسلامیدا.
ئەردۆگان هەر لەپاش هەڵوێستەکە گوتی:" من شوێنەکەم جی نەهێشت لەبەر ناکۆکیم لەگەڵ پێریز، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێکی کەمترم پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی قسەکانی پێریز" هەروەها لەبەردەم جەماوەری تورکیدا پاش گەڕانەوەی گوتی:"

دەبوایە کارێک بکەم بۆ بەرگری کردن لە کەرامەتی تورکیا وگەلی تورک، من سەرۆک هۆز نیم بەڵکو سەرۆک وەزیرانی تورکیام، دەبێ بەپێی ئەوەشەوە هەڵسوکەوت بکەم"!!

ئەگەر سەرۆکی ئیسرائیل پیرێز زیاد لە حەد دیبلوماسی نەبا وکەمێک مرۆڤ دۆست بان، وتاوانبار نەبان بە یارمەتی دانی تورکیا لە دژی دۆزی کورد، ئەوە دەیتوانی بەو شێوەیە وەڵامی شانۆکارییەکەی ئەردۆگانی بدابایەوە:

"جەنابی باشبەکانی تورکیا، ئێوە لەسەر سنورێکی دوور لە ئەستەمبۆل وئەنقەرە کە چەند سەربازێکتان دەکوژرێ، هەڵمەتی سەربازی گەورە دەکەن نەک هەر بۆ خاکی کوردستانی ژێر دەستی تورکیا، بەڵکو بەو بیانوە دەتانەوێ خەونی کوردانی عێراقیش لەبار بەرن، بە بیانوی بەرگری کردن لە سەروەری تورکیا، ئێمە رۆکێتەکانی حەماس بە شارەکانمان دەکەوێت ئەوەی ئێوە بە هێزە سەربازییەکانتان دەکەوێت، کەچی هەڵمەت وهەڕەشەکانی ئێوە گەورەتر وسەرەڕۆترن. ئێمە بۆ لێدانی حەماس لە غەزە دەدەین، چونکە حەماس لەوێ خۆیشاردۆتەوە، کەچی ئێوە لە جیاتی (پ.ک.ک) لە خەڵکی گوندنشین لەڕوماڵاتەکانیشیان دەدەن"

گەورەم ئێمە لە هیچ شوێنێک زمانی عەرەبیمان لە خەڵکی عەرەب قەدەغە نەکردوە، دەیەها دەزگای میدیای عەرەبی بیستن ودیتن ونوسراو هەیە لە ئیسرائیل کەچی ئێوە تازە پاش هەشتا ساڵ تەلەفزیۆنێکتان بۆ کوردەکان کردۆتەوە پاش چەندین تۆن لە فشاری سیاسی وتیرۆریستی! ڕاستە تۆ بە من دەڵێیت تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن، بەڵام ئایە قورئانیش ناڵێت، زمانە جیاکان موعجیزەیەکی خوایە!

هەرگیز بیریشمان لە تەهویدکرنی عەرەب نەکردۆتەوە، کەچی عیسمەت ئینۆنۆ دەستەڕاستی ئەتاتۆرک ویەکێک دامەزرێنەرانی دەوڵەتی تورکیا بەر لە هەشتا ساڵ گوتی: ئەرکی ئێمە بە تورک کردنی هەموو کوردە دەسبەجێ وبەبێ دواخستن"

ڕاسته دینداره‌كانی ئێمه ده‌ڵێین:"جوو گه‌لی هه‌ڵبژێردراوی خوایه" به‌ڵام باوكی توركیای نوێ كه كه‌سێكی بێدین بوو تا سه‌ر ئێسقان قسه‌یه‌كی له‌وه‌ی ئێمه پوچتر ده‌كات كه ده‌ڵێت"چه‌نده به‌ختیاره ئه‌وه‌ی ده‌ڵێت من توركم"!!
به‌ڕێز كه باسی ته‌ورات ده‌كه‌یت، ئه‌ی قورئانیش دان به هه‌قیقه‌تی فره ڕه‌گه‌زی وفره نه‌ته‌وه‌یی نا نێت (وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا) ئه‌ی بۆچی ئه‌و هه‌موو دژایه‌تییه میلله‌تێكی وه‌ك كورد ده‌كه‌ن هه‌ر له‌به‌ر تاوانی كورد بونیان، وده‌ڵێن نا هێڵین قه‌واریه‌كی كوردی له ئه‌فریقیاش دابمه‌زرێت!!" ئێمه په‌رله‌مانتاری عه‌ره‌بی وامان هه‌یه له كه‌نیسه‌ت (په‌رله‌مان) به‌رده‌وام هێرش ده‌كه‌ن سه‌ر ئیسرائیل، كه‌سیش هیچیان لێناكات! كه‌چی ئێوه چه‌ندین په‌رله‌مانتاری كوردتان بۆ چه‌ندین ساڵ زیندانی كرد چونكه سوێندی یاساییيان به كوردی خوێنده‌وه!
وله وه‌ش سه‌یرتر ئێوه له 1982 سیاسه‌تمه‌دارێكتان به‌ناوی شه‌ڕه‌فه‌دین ئێڵچی سزادا به زیندانی چوار ساڵ وحه‌وت مانگ، نه‌ك له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌ك په‌رله‌مانتاره عه‌ره‌به‌كانی ئێمه هێرشیان كردبوو بۆ سه‌ر توركیا وئیهانه‌ی سوپا ونه‌ته‌وه‌ی توركیای كردبێت، به‌ڵكو ته‌نها له‌به‌ر تاقه ڕسته‌یه‌ك بوو كه گوتبووی:"كورد له توركیا هه‌ن ومنیش كوردم"!!!
جه‌نابی باشبه‌كان ئه‌وه باسی كوشتنت كرد كه گوایه ئێمه چاكی لێده‌زانین، من ده‌ڵێم ده‌با ئامارێك بكه‌ین له‌وه‌تی ئیسرائیل وتوركیا دامه‌زراوه بزانین ئێمه عه‌ره‌بمان زیاتر كوشتوه یان ئێوه كوردتان زیاتر كوشتوه! گرفته‌كه له كوشتنه‌كه نییه، به‌ڵكو له‌و عه‌قڵیه‌ته‌یه كه پێی وایه كوشتنی موسڵمانانی كورد به ده‌ستی موسڵمانانی تورك وعه‌ره‌ب وفارس هیچ نیه له به‌راوردا له‌گه‌ڵ كوشتنی موسڵمانێك به ده‌ستی جوله‌كه‌یه‌ك یان مه‌سیحییه‌ك، ئێوه‌ی موسڵمان خه‌م داتان ناگرێ بۆ كوشتنی موسڵمانان به ده‌ستی موسڵمانان، به‌ڵام ته‌نها كوشتنی ده‌ستی زایۆنیزم وخاچپه‌رستانتان لێبۆته كێشه!! به‌ڕاستی عه‌قڵیه‌تێكی نه‌خۆشه، ده‌نا ده‌بوایه ئه‌و هه‌رایه‌ی له‌سه‌ر ئێمه كرا، زیاتر له‌سه‌ر ئێوه كرابا!!

دوا قسەم ڕاستە تۆ دەڵێی تەورات دەڵێت خەڵک مەکوژن - بێگومان ئەوەش ڕاست نییە، ئەردۆگان نەزانە لەوبارەوە -بەڵام قورئان لەوە زیاتر دەڵێت کاتێ کوشتنی نەفسێک بە قەلاچۆکردنی هەموو خەڵک دەشوبهێنێ (من قتل نفسا بغیر نفس او فساد فی الارض فکانما قتل الناس جمیعا ومن احیاها فکانما احیا الناس جمیعا) جەنابی باشبەکان ئەوە هەر ئێمە لە کوشتندا شارەزانین، ئێوەش وەستان لە کوشتندا!!

٢٠٠٩/٢/٧

## بەشی سێیەم
# هەڵوێستی ئیسلامیەکانی کورد لە دۆزی فەڵەستین

### کورد هەمیشە لە خەمی قودس و فەلەستین بووە!

دەگێڕنەوە کاتێ لە مەجلیسی سەلاحەدینی ئەیوبی نوکتەیەکیش دەگوترا، هەموو ئامادەبووان لە قاقای پێکەنینیان دەدا بەلام سەلاحەدین قەت زەردەخەنەیەکیشی نەدەهاتێ! کاتێ هۆی ئەو خەمبارییەیان لێی پرسی گووتی: (كيف أبتسم والأقصى أسير؟! والله إني لأستحي من الله أن أبتسم وإخواني هناك يُعذّبون ويُقتلون) چۆن پێ بکەنم ئەقسا، کە ناوی مزگەوتەکەی قودسە،وات قودس دیلە؟! من شەرم لە خوا دەکەم پێبکەنم و براکانم لەوێ ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن!

ئەو خەمە بۆ فەڵەستین و قودس هەر خەمی سەرکردەیەکی ئیسلامی گەورەی وەک سەڵاحەدین نەبوو بە تەنها، بەڵکو پەڕیەوە بۆ کورد بە ڕاستەڕە وچەپڕەو و عەلمانی... هیچ حزبێکی کوردی نییە لە حەفتا وهەشتاکاندا کە پشتگیری کێشەی فەڵەستین نەکاتە بەشێک لە پەیڕە وپرۆگرامی حزبەکە! دەیا ئەفسەر و سەرباز و خۆبەخشی کورد لەسەر خاکی فەڵەستین گیانی خۆیان بەختکردوە، هێندە بە جۆش وخرۆش چوونە بۆ ئەو شەڕە وەک بڵێی بە شیڕی ناو ماڵی خۆیانیان زانیبێ!

هەر کارەساتێک و وێنەیەکی تاوانەکانی سوپای ئیسڕائیلی نیشان درێت، ژن وپیاوی کورد لە خۆیان گەرم وگوڕتر فرمێسکی گەرمیان بۆ دەڕێژن!
حزبێکی چەپڕەوی وەک پ ک ک هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە، لە ١٩٨٢ کاتی هێرشەکەی ئیسڕائیل، لە بەیروت لە تەک ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی لە قەڵای شقێف گەورەترینبەرگری کرد و دەیان شەهید و دیلی دا!
لە بەرامبەردا وەرن پێم بڵێن فەڵەستینیەکان چیان بۆ کورد کردوە؟! هیچ ڕۆژێ وەک میللەتێکی ستەملێکراو، هەستیان بەو ستەمە کردوە کە لەسەر کوردە؟! نەک هەست پێنەکردن، ئایە هەوڵیان داوە هەر بۆ شۆهرەتی شۆڕشگێڕی و ڕەوایی دۆزەکەیان هەر نەبێ بێلایەن بن لە هەمبەر دۆزی کورد، و بە ئاشکرا نەیشکێننەوە بەلای دوژمنە جەلادەکانی کورد؟!
ڕۆژێ فەڵەستینیەک هاتۆتە ڕیزی شەڕکەران و خەباتگێڕانی کورد؟! لە کاتێکدا سەدان کورد لە ڕیزی فیداییە فەڵەستینیەکان گیانیان بەخت کردوە!
ڕۆژێ لەو باوەڕە دان خەڵکی فەڵەستین وێنەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و قوربانیە بێ شومارەکانی کورد، وەک کورد ئەوانی گریاندبێ؟!
کەسێک زانیویەتی لە کاتی کارەساتەکانی کورد، بە درێژایی مێژوو فەڵەستینیەکان لە دژی جەورو ستەمی سەر کورد خۆپیشاندانێکیان کردبێ؟!
گەورەترین هەڵوێست نیشانیان دابێت چەند شیعرێکی محمود درویش و سمیح القاسمە! بەڵام هەتا ئەو شاعیرە مەزنانەش نەیانتوانی عەقڵیەتی عروبی فاشیستی فەڵەستینیەکان بگۆڕن بەرامبەر کورد و دۆزی کورد، ئەو شیعرانە هەتا لە دیوانەکانیان نەفیکران و فەرامۆش کران. هەتا ئەگەر لە

دیوانەکانیان سەبتیش کرابن سوودیان چییە ئەگەر لەو ئاستە بەرزەوە کاریگەریان بەسەر زهنیەتی عروبی و شۆڤێنی میللەتەکەیان سدر بێ؟!
ئەو میللەتەی فەلەستین ڕاستە ستەملێکراون و خاوەن دۆزێکی ڕەوان، باوەڕی تەواوم بە هەقیان هەیە، بەڵام من نەمزانیوە میللەتێک هەموو میللەتانی دنیا بە ئیسلام و هەتا غەیرە ئیسلامیش هەست بە ستەملێکراوی ئەوان بکات وپشتگیریان لێبکات، کەچی ئەوان هەست بە دۆزی ستەملێکراوانی تری جیهان نەکەن؟! ئەگەریش هەستی پێبکەن تەنها هەست بە ستەمی سەر موسڵمانان دەکەن بۆ نمونە لە هیند و کشمیر وشوێنیتر بەو مەرجەی عەرەب وتورک و فارس دژی ئەو دۆزە نەبن!
یانی لە هەڵوێستیان لە گەلانی ستەملێکراو وەک وڵاتە ستەمکارەکانی وەک تورکیا و ئێران و سوریا وعێڕاقن! لەگەڵ سەدام حوسێن دەڵێی دووانەی ڕووحن تا مرد پشتگیریان کرد لە دژی کورد، نەک هەر بە زمان، بەڵکو بەژداریان کردوە بە کرداری لە زۆربەی تاوانەکانی سەدام لە دژی کورد وگەلانی عێڕاق. لەگەڵ تورکیا حەماس وئیسلامیەکانیتری فەڵەستین لە کاتێکدا شەو وڕۆژ هاواری ئیحتیلال و داگیرکردنیانە بەڵام کە ئەردۆگانی دیکتاتۆر وفاشیستی ئیسلامی هێرشی کردە سەر کۆبانێ و عەفرینی داگیرکرد، سەرکردەکانی حەماس پیرۆزبایی ودەستخۆشیان لەو هێزە فاشیستە کرد!
لەگەڵ ئێرانیش هەمان شت، هێندە لە ئێرانچیەتی ڕۆجوون، ژمارەیەکی زۆریان هەر بە تەواوی بوونەتە حزوبڵایی وشیعی! بێگومان لێیان نابیستی بە وشەیەکیش پاڵپشتی خەباتی کوردی نەکەن لەبەر دڵی دەوڵەتە ستەمکارەکان!

لەوانەیە کەسانێک هەبن بڵێن بە ناچاری وایان کردوە! بەڵام هەر خەڵکێک وگروپ وحزبێک یەک تۆزقاڵ پاک بن وکەرامەتیان هەبێت، دەتوانن خۆیان بەو شێوەیە تێوەنەگلێنن. بڕوانە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە سەدام هاوکاری دەکردن و پڕی بەغدا وعێراق بوون، بەڵام بۆ ڕۆژێ شەڕێکیان بۆ سەدام نەکرد لە دژی پێشمەرگەی عێراق بۆ نمونە؟! خۆ فەڵەستینیەکان سەد بە قەد دیموکرات پاڵپشت و هێز و پارەیان هەبوو!

مەعدەنی مرۆڤی ستەملێکراو و ئازادیخواز و پاک لەو ساتانە دەردەکەوێ کە ڕووبەڕووی ستەملێکراوێک و ئازادیخوازێکی وەک خۆی دەکرێتەوە، نەک لەگەڵ ستەملێکراوان شین بکەیت بۆ خۆت و لەگەڵ ستەمکارانیش شایی بکەیت لەسەر لاشەی ستەملێکراوان وئازادیخوازان!

کەوابوو نە لەسەر ئاستی مێژوویی فەڵەستینیەک هەبووە بە قەد چارەگی سەلاحەدین خزمەتی قودس وفەڵەستینی کردبێت، نە ڕۆژگاری ئێستادا و لە مێژووی دوور ونزیکەوە هەڵوێستێکی ناوازی فەڵەستین بۆ کورد نیشانداروە! فەڵەستینیەکان بە چەپڕەو و عەلمانی و ئیسلامی و هەتا شەعبیشیان هەمیشي لە دژی دۆزی کورد بوون وچوونەتە پاڵ جەلادەکانی، بۆیە کورد نابێ بچوکترین فرمێسک بەخەسارنەدا بۆیان چونکە وەک جاریتریش وتوومە کارەساتەکانمان و ستەمەکانی لێمان دەکرێ هێندە گەورە وسەختن فرمێسکەکانمان تەنها بەشی خۆمان دەکات!

محەمەد هەریری

٢٠١٩/٦/١٦

# غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان

بەڕاستی وتارێکی چەواشەکارانەیە ئەمڕۆ ئیسلامیەکانی کورد پەیڕەوی دەکەن سەبارەت بەو بار و دۆخەی کەرتی غەزە وئیسڕائیل. دەیانەوێت سەرەڕای ئەو هەموو ترسناکیەی لە نێو ماڵی کورددایە زوومی بیرودەروونی کورد هەمووی بخرێتە سەر شەڕە دێرین ونوێکەی حەماس و ئیسڕائیل، و خەمسارد بین بەرامبەر ئەو هەموو مەترسیانەی لەسەر کوردە لە عێراق، کە ئەمڕۆ کوردستان بۆتە هاوسێی دەوڵەتی خیلافەتی داعش، کە فاشسترین هاوسێی کوردە لەوەتی کوردستان هەیە، و لەوانەیە هەزاران لایەنگری داعشی لەناومان هەبێت!

کوردستانێک پڕیەتی لە ئاوارە و عەرەبی بێ کۆنترۆڵ کە بۆی هەیە لە ساتێکی تەنگاویدا گەورەترین مەترسی لەسەر ئەمن وئاسایشی نەتەوەیی دروست بکەن، کوردستانێک بە ئاشکرا دوولەت بووە لەسەر کێشەکانی دوای داگیرکردنی موسڵ وناکۆک لەسەر مادەی ١٤٠ و چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ داعش و حکومەتی عێڕاق، وپرسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار وبێ مووچەیی ودەیان وسەدان کێشەی تر.

ئەو برادەرە ئیسلامیانە پێیان وایە کورد زۆر موقەسیرە بەرامبەر خەمخواردن بۆ غەزە و گریان وفیغان وشین بۆ کردن !! لەوەتی من و دەیان نەوەش پێشە من ودوای منیش بەخۆمان زانیوە هەمووومان خەمی قورس وفرمێسکی سوێرمان بۆ فەلەستین ڕژاندوە لە بەرامبەر هێزی جەرگبڕی ئیسرائیل، کە زۆر بێ ڕەحمانە دەیان کوتێت، هەرچەندە ئیسڕائیل یش فەلسەفەی خۆی هەیە لەوەدا، ودەزانێت چ کەراهیەتێک دروستکراوە لەناو عەرەب وموسڵمانان لە دژیدا، بەجۆرێک هیچ

بوارێکی بۆ پێکەوەژیان نەهێشتۆتەوە، وهاوکێشەکەی کردۆتە یان دەبێت یان نابێت!

پاش سزادانی مەلایەک لەسەر وتاردانی بێ مۆڵەت، کە دەکرا تێپەڕێت ئەگەر خەڵک سکاڵای لە دەست نەکردبا ، لەبەر دوعاکردن بۆ حەماس و موجاهیدانی سوریا و دەیان وڵاتیتیر وفەرامۆشکردنی دوعایەکی خێر بۆ پێشمەرگەی کوردستان، کە دەیان شەهیدیان داوە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داعشدا، وئەوانەی لەسەر سنوور لەژێر پلەی ٥٠ سەدی بەرگری لەو ژیانەی کوردستان دەکەن، کە لە چاو بەشەکانی تری عێراق هەر بەهەشتێکە بۆ خۆی، پاش ئەو سزادانە سوکەی بەرامبەر ئەو بێ شعوریەی کە خەڵکی مزگەوتەکەش پێییان قبوڵ نەکراو وسکاڵایان لەدژی کرد، دەیان نوسەر ولایەنگری ئیسلامی قسەی زۆر سارد وسڕ بە خەڵکی کورد و بەرپرسەکانی دەڵێن گوایە هەستیکی برایانەیان نیە بەرامبەر برایانی حەماس.

باس لەو بێ شعوریە و بێ بەهاییەی ئەو مەلایە ناکەن کە لەسەر خێر وبێری ئەو وڵاتە دەژیت وەک وەفایەک دوعایەکی خێریش بۆ ئەو برا پێشمەرگانە بکات، کە من دەزانم کە نەشیکردوە زۆر ڕێی تێدەچێت هەر داعشێکی خەوتوو بێت و پێشمەرگە بە کافر بزانێت، چونکە داعش فکرێکی زۆر هەن لەناو مەلاکاندا، کە بەو چاوە لە کۆی ئەزموونی کوردی دەڕوانن. دەیانەوێت لەو بێ مووچەییەی خەڵک هەموو کورد خەریکی پارە وکۆمەک کۆکردنەوە بێت بۆ غەزەیەک هەتا مەسیحیەکانی دنیاش پشتگیریان لیدەکەن وکۆمەکیان بۆ کۆدەکەنەوە.

بەڕای من ئەوەی دڵی ئازاری نەدا لەبەرامبەر دیمەنی ئەو هەموو خوێن وکوژراوانە دەبێت گومان لە مرۆڤایەتی خۆشی بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە حەماس تەنها ئەو چیرۆکە دووبارەیە دەزانێت وهیچ لە شێوازی خەباتی خۆی ناگۆڕێت. ئەویش

لەناو غەزەدا کە یەکێکە لە قەرەباڵغترین زەوی دنیا و ناوچەکەیە لەسەر ٣٦٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دوو ملیۆن کەس زیاتری لێ دەژێت وبە ڕێژەی ٢٦٤٠٠ کەس لەسەر یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە، لەو شوێنە قەرەباڵغە چەند ڕۆکێتێک بە ئیسرائیل وەدەنێ، ولە وەڵامیشدا ئیسرائیل بە وردترین تەکنۆلۆژیا و بە گۆترەش رۆکێتەکانی باوێ قوربانی زۆری لێ دەکەوێتەوە، لەبەر چڕی دانیشتوان، بەڵام دەبێت یەکێک بپرسێت ئایە حەماس کە دەزانێت ڕۆکێتەکانی هێندە ورد و پێشکەوتوو نین هیچ حیسابێک بۆ مەدەنیەکانی ئیسرائیل دەکات؟!

وەڵام نەخێر، چونکە هەموو کۆمەڵگای ئیسرائیل ئامانجی سەربازیە لە گۆشەنیگای حەماس وهەموو ئیسلامیە جیهادیەکان وموفتی سەتەلایتەکان بە قەرەزاویشەوە! کەوابوو کە حەماس ئەمڕۆ مەدەنیەکانی ئیسرائیل ناکوژێت لە مرۆیی و ئینسانیەتی خۆی نیە، بەڵکو لەبەر جیاوازی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە، دەنا من گومانم نیە ئەگەر عەرەب بە گشتی وئیسلامیەکانیان بە تایبەتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لەدەست ئەواندابا ئێستا قەسابخانەی جولەکە بەڕێوە بوو لە هەموو لایەک، و گومان دەبەم ئێستا یەک جولەکەش بە زیندوویی بمێنێت، کەوابوو ئیسرائیل بەو تەرسانە گەورەی چەکە کۆکوژەکانی هێشتا لە چاو عەرەب بە بەزەییترە کە غەزە لەسەر نەخشە ناسڕێتەوە، چونکە عەرەب لەو هەڵوێستە با دەیکرد ومن یەک تۆزقاڵ گومانم نیە.

کە هێزی وا بەکار دەهێنێت، ئیسرائیل دەزانێت لەگەڵ چ دوژمنێک هەڵسوکەوت دەکات، خۆ کوردی ساویلکە نیە دوژمنی خۆی نەناسێت، وچاکیان دەناسێت ودەزانێت کە نایکەن هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت! یەک لەو ئیسلامیانە بە ناوی ئیکرام کەریم چاوەڕێی ئەوە دەکات خوا سزای هەموو میللەتی کورد بدات لەبەر ئەوەی بەرپرسەکانی وەک دەڵێت: "زۆر ئەترسم-خوانەکردە- کورد ئاوارەییەکی گەورەی بەسەردابیت لەبەرئەوەی کەسانێک لەپلەی بەرپرسیاریتیدان و بەزەییان

ناجولی بۆ ئەو هەمووە منال و ژن و مەدەنیە لەتوکوتکراوەی غەززە..ئەو کاتە ئێمە گلەیی لەکی بکەین کە دلی بۆمان نەسووتیت؟"

من داوا لە کاک ئیکرام وهەموو ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە بۆ یەک ساتیش بێت بیر لەوە بکەنەوە: ئایا ئەو هەموو کوشتارەی بەین نا بەین لە فەلەستینیەکان دەکرێت و ئاوارە و برسی دەکرێن وگەمارۆ دەدرێن، بلێی هۆکەی - بەپێی لۆژیکی خۆیان -لەبەر بێ شعوری فەلەستینیەکان و نەجوڵانی بەزەییان بێت بۆ ئەو هەموو منالْ و ژن و مەدەنیەی لەتوکوتکراوەی، ئەنفالکراوەی، کیمیا بارانکراوەی، موسڵمانان ومرۆڤەکانی تر نەبێت؟ ئایا دەبێت هەموو دنیا بسوتێت بۆ فەلەستینیەکان کەچی ئەوان وەکو هێزێکی شۆڕشگێڕ و میللەتێکی چەوساوە کەمترین هاوسۆزیان نەبێت بەرامبەر ئەو میللەتانەی کە لەوان چەوساوەتر نەبن کەمتر نین؟!

بۆ نمونە کورد زۆر لەوان چەوساوە ترە، ئەوان گیریان بە دەست دەوڵەتێک خواردوە کە گەلەکەی موسڵمان نین و بە سوود وەرگرتن لە توراسی دینی ومێژوویی توانیتیان وەک شەیتان وێنای بکەن لە میدیای عەرەبی وئیسلامی ولەلایەن کۆمەڵگاکانیشیان، کە ئیسرائیلە، کەچی کورد گیری خواردوە بەدەست چوار دەوڵەتی داگیرکەر وچوار گەلی سەرەکی موسڵمانان، کە نەک نەیتوانیوە ستەم و بێ دینی ئەو گەلانە دەربخات، بەڵکو ئەوان توانیتیان زیاتر کورد بشێوێنن و لە کەمترین هاوسۆزی بێ بەش بێت لەلایەن گەلانی ئیسلامی و عەرەبی، بەس چونکە ئەو دەوڵەتانە خاوەنەکانی بە حیساب موسڵمانن!

لە زیهنیەتی ئیسلامی عروبی، کە زۆربەی ئیسلامیەکانی جیهان بە کوردەوەش لە ژێر کاریگەری ئەو ئیسلامە عروبەییەن، کێشەی فەلەستین وەک ڕوکنێکی ئیمانی لێهاتووە، کەچی کێشەی کورد وەک بەتاڵکەرەوە ونەواقزی وزو و دەستنوێژی لێهاتووە! بۆیە دەبینیت وتاری فەرامۆشکراوی ئیسلامی میانڕەو و وتاری

توندوتیژی ئیسلامی داعیشی بەرامبەر ورد، تەنها جیاوازیەکەی لە بوونی دوژمنێکی چەکدار و دوژمنێکی بی چەکدایە!

خاک و ژمارەی کورد دە هێندەی فەلەستینیەکانە گەر زیاتریش نەبیت، لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ کورد ناگاتە ١٠% فەلەستینیەکان. وچەندین لایەنی تریش دەیسەلمێنێت کە دۆز و حاڵی کورد چەندە نالەبارترە لە حاڵی فەلەستینیەکان. ئیسلامی کوردی هیچ بەرپرسیارەتێکی ئایینی و ڕەوشتی نابینێت لەلای حەماس و فەلستینیەکان بەرامبەر کێشەی کورد و گەلانی تر، کە من پێموایە هەڵوێستیان لەبەر نەزعەی عرووبی سەدامی زۆر خراپترە بەرامبەر کورد تا میللەتانی تر، بێ دەنگە بەرامبەر خەمساردیان وبێ هەڵوێستیان دەرهەق بە دۆزی کارەساتاوی کورد، کەچی ئەگەر کوردێکی وەک من ئەو پرسیارانە بوروژێنم ئامادەیە هەزار تانە وتەشەرم لێدات، کەچی لەوەتی هەم ولەوەتی میللەتەکەم خەبات دەکات لایەنگری کێشەی فەلەستین بووین، و ماوەیەکە گەیشتووین بەو تەسائولاتانە، بەڵام ئەو فەلەستینیانە لەوەتی هەن هەر وابوون، وادیارە هەرواش دەمێننەوە لە سایەی ئیسلامیزمی عرووبی وکلک و پاشکۆکانیان لەناو ئیسلامیەکانی میللەتانی تر.

٢٠١٤/٧/٢٣

# هەڵوێستی توندی بە ناو میانڕەوان!

توندڕەوەکان بە نوێنەری مەلا ئیدریس کاریتانی سکاڵایان تۆمار کرد لە دژی کاک یونس، ئەوە چاوڕوان کراوە هەر ئەو مرۆزە بوغزاویە و سەرباز سەلەفی سکاڵایان لە دژی منیش تۆمار کردوە!

بەڵام ئەوەی چاوەڕوانکراو نییە ئیخوانە میانڕەوەکان میوانی هەمیشەیی خوانی توندڕەوان بن! بێدەنگن لە کارەکانی توندڕەوان و سکاندەڵەکانیان، بیرتانە چۆن بۆ مەلا لەتیفی سەلەفییان دادەپۆشی، بۆ مەلا مەزهەریش بیانبینە چۆن دژی داخستنی تەلەفزیۆنەکەین، کەچی زۆر دڵخۆشن بە سکاڵاکردن و هەتا گرتنی یونس ڕاوی!

قیاداتیان وەک عەلی قەرەداغی شەو و ڕۆژ لە خزمەتی دوژمنی پلە یەکی کوردن کە تورکیا و ئەردۆگانە. قیاداتی ناوەوەشیان ڕازی و بێ دەنگن لە کردەوەکانی قەرەداغی، هەتا پشتگیری داگیرکردن و دەستدرێژی ئەردۆگانیان کرد بۆسەر کوردستانی سوریا، و بەو دووایەش قەرەداغی خەمگینی خۆی دەربڕی بۆ دابەزینی نرخی لیرەی تورکی!

هەرچەندە من لەگەڵ زۆر لەو باسانە نیم کە کاک یونس خۆی پێ مەشغول دەکات یان هەندێ میدیا دەیانەوێت پێیەوە خەریک بێت، وەک ئیسرا و میعراج هەیە ونییە، مسجد الاقصی لە فەلەستینە یان لە مەککە وشتی تر. لەبەر تەفاهەتی بابەتەکان نەک لەبەر گرنگییان! بەڵام سەرەڕای ئەوەش وتاری کاک یونس بەراورد ناکرێت بە وتاری مەلایەکی دەمپیسی قەشمەر، تا سکاڵای لە دژدا بکرێ و بێ دەنگی کەن.

ئەو ئیسلامییە پوچانەی بۆ مەلا مەزهەر وا وروژابوون، بیانبینە چۆن دڵخۆشی دەردەبڕن بۆ سکاڵاکردن دژی کاک یونس و بە تۆن جوێنی پێ دەدەن و سووکایەتی پێ دەکەن! باشە بۆ ئەگەر هێندە زیرەک و مەردن و متمانەتان بە دینەکەتان هەیە گفتوگۆ لەگەڵ کاک یونس ناکەن؟! خۆ یونس وەک مەلا مەزهەر خاوەن تەلەفزیۆنی تایبەت نییە و تەنها خۆی قسە بکات؟!

ئەو ئیسلامییە بوغزاویانە بەتایبەت بەناو میانڕەوەکانی ئیخوان کە ناتوانن وەڵامیشی دەنەوە، دەچن جوێنی دونیای پێ دەدەن و تەکفیری دەکەن، لەوەش سەیرتر هەتیوێکیان هەیە وەک مریشکی کورک هەر زیکە زیکی دێ و نازانێ گفتوگۆ بکات وەک مرۆڤ چووە بابەتێکی نووسیوە لەسەر نیازی یونس ڕاوی نەک گفتوگۆی خاڵەکانی کە باسی کردوە! دەڵێت یونس لەخۆیەوە ناڵێت ئیسراو میعراج ئەسڵ و ئەساسی نیە ، ئەو بەتەنها نیە

قوربان ئەوە من ئەزانم کوێی دێشێ کە ئەڵێ ئیسراو میعراج نیە ، ئەوە لەوێوە ئەیەوێ لەپیرۆزی مزگەوتی ئەقسا و دیواری بوراق کەم کاتەوە بۆ ئەوەی مسوڵمانان دابڕن لە مزگەوتی ئەقسا و شاری قودس و ئیتر ئیسرائیلیش بەئیسراحەتی خۆی دیواری بوراق بکا بە دیواری گریانی خۆیان و مزگەوتی ئەقساش بڕوخێنێ و هەیکەلی سولەیمانی لەجێگە دروستکا بۆ ئەمکارەش پێوستی بە گەوجاندنی مسۆڵمانانە"

منیش گووتم: " ماشەڵڵا لەو عەبقەریەتەی تۆ وریابە بە چاو نەچیت! هەموو شەڕی عەرەب و جووت کردۆتە ماڵ بەسەر ئێمەی کورد، خۆشمان چەوساوەی دەستی عەرەبین." بڕوانە ئەو ئیخوانییە عروبیانە خەمی فەلەستین و دژایەتی ئیسڕائیل چۆن چرقە لە جەرگیان هەڵدەستێنێ؟! بڕوانە ئەو پرسیارە سەخیفانە، بەڵام کە حەماس و خالید مشعل پشتگیری داگیرکردنی عەفرین دەکەن لە بەرژەوەندی خوای ئەرزی ئیخوان ئەردۆگان، هیچ کێشەیەکیان نییە و دڵیشیان ناڕەنجێ لە برا موسڵمانە فەڵەستیتیەکان؟!

پێیم گووت: "دەترسم تۆش شکایەتت لە کاک یونس کردبێ؟ دەبوایە لە جیاتی قسەکردن لەسەر یونس بەو عەقڵیەتە موئامەراتییە جارێ ناڕەزاییت دەربڕیبا لەسەر دەمکوتکردنی بە سکاڵا ئینجا وەڵامی ئەو خاڵانەت دابایەوە کە بە ئاشکرا و تەحەداوە دەیخاتە ڕوو، نەک بچی بە نەزریەی موئامەراتی لێکی بدەیەوە و فەلەستینی حەماسی بۆگەن و خالید مشعلی گەوادمان لێبکەیتە خوایەک"

ئەو وەک هەر توندڕەوێک لە دووەم ڕستەی وەڵامی باسی کافری و کوفری کرد و دەڵێ من لە یونسم بردۆتەوە وهەر خەمی ئەوەی بوو وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە لەسەر قودس و جوو و دیواری ئاژەڵە خوڕافیەکەی ناویان ناوە بوڕاق!

گووتم: "ئەخر مێشکتان هەر بۆ فەلەستین و حماس ئیش دەکات، دەنا دەزانی خالد مشعل چی گووت دژی عەفرین لە بەرژەوەندی خواکەی ئەنقەرەتان ئەردۆگان. وتاری کاک یونس بەراورد ناکرێ بەو وتاری مەلایەکی قەشمەری بێ مستەوا هەی کاکی میانڕەو کە لەسەر خوانی توندڕەوان بەردەوام مێوانن. تۆ لەو مستەوایە نیت هەر لەگەڵ یونس دانیشیت چ جای وا خۆت لێ بوبێتە قارەمان و لێت بردبێتەوە. ئەو پرسانەشت لای من لە مێشوولەیەک بێ ئەرزشترن تا دانیشم وەڵامی ئەو خوڕافیاتانە بدەمەوە."

لەبەر ئەو هەڵوێستە مشەخۆرانەی بەناو میانڕەوەکان من هیچ باوەڕم بە میانڕەوی دینی نەماوە. لە جیاتی دژی سکاڵاکردن بن، ئاهەنگ دەگێڕن بۆ سکاڵا و دەستگیر کردنی یونس ڕاوی.

٢٠١٨/٦/١٢

# خنکاوی ناو بازنەی حزبیەتی ئیخوانیەت باسی ئینسانیەت دەکات!!!

کاکی ئیخوانی، من دەمێکە ئەو بازنانەی خێزان و عەشیرەت و قەومیەتم بڕیوە بۆ بازنەی فراوانی ئینسانیەت، تۆ لە هەڵوێستیشت لە ڕوداوەکانی غەزە زیاتر گوزارش دەکەیت لە هەڵوێستێکی حزبی ئیسلامی ئیخوانی بۆ پشتگیری حەماسی ئیخوان، نەک پشتگیری لە دۆزیکی ئینسانی فراونتر لە بازنەی ئیخوانیەت و حزبیەت!
خۆزگە جارێ ئێوە وەک ئیخوان لە بازنەی حزبیەت قەتیس نەدەمان، هەتا ئەوەی ئیخوان نەبێت و با موسڵمانێکی زۆر چاکیش بیت، سەردانیشی ناکەن لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، تا ئەو شوێنە سەردانی دەکەن کە هیواتان بە ڕاکێشانی هەیە بۆ ناو بازنە تەسکەکەی ئیخوان، هەر کە زانیتان بەیعەت نادات، وحەزی لە حزبیەت نییە، نەسەردانی دەکەن، و نە بەژداری لە خۆشی و ناخۆشی دەکەن، نە جێیەک گۆشتی خێراتیشی پێ ڕەوا دەبینن، نە ئەگەر ویستی هەتا کچێکی ئیخوانیشی پێ ڕەوا دەبینن!! ونە هەتا سەلامێکی ڕوخۆشانەشی لێ دەکەن!! بەڵکو موحارەبەشی دەکەن لە شورەت و ناو و ڕزقیشی!!
خەڵکێکی زۆر ئەوەتان لێ دەزانێت، دەکرێت تاک و تەراشتان هەبێت مولتەزیم نەبن بەو ڕەوشتە بێزراوەی حزبیەتەتان، بەڵام بە گشتی وان. سەرەڕای ئەزموونی تاڵ و نێگەتیڤی خۆم لە گەڵتان، هەتا خەڵکی

ئاسایی، ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن عەوام باسی ئەو ڕەوشتە نامرۆییە حزبیانەی ئێوەیان بۆ کردووم دەیەها جار، ئامادەم سوێندتان بۆ بخۆم!! بەڵام چوون بۆ بازنەی ئینسانیەت هیچ ناسازیەکی نیە کە میللەتی خۆت خۆش بوێت و بەرگری لێ بکەیت وبزانیت ئەرکی چیە و مافەکانیشی چیە. کە خوا میراتت بۆ منداڵەکانت بە ڕەوا دەبینێت، نەک بۆ منداڵی هاوسێت یان هەتا برات، مانای نا ئینسانیەت ناگەیەنێت، بەڵکو پرنسیپی "الاقربون اولی بالمعروف" نزیکەکانتان زیاتر شایەنی خێر و چاکەکانتانن، جێبەجێ دەکات وەک سونەتێکی بونەوەری و مرۆیی.

پێش ئەوەی وەک سەلەفیەک بڵێی ئەوە ئایەت نیە، من خۆم پێت دەڵێم ئەو پرنسیپە لە چەندین ئایەت و حەدیس هاتوە، بەڵام بەو لەفزە نا، بۆ نمونە: [ویسألونک ماذا ینفقون قل ما أنفقتم من خیر فللوالدین والأقربین] و [قل ما أنفقتم من خیر فللوالدین والأقربین کتب علیکم اذا حضر أحدکم ان ترک خیرا الوصیة للوالدین والأقربین بالمعروف ] تۆ لە ترسی هەڵوێستی چەند [کەسانێک لەپلەی بەرپرسیاریتیدان و بەزەییان ناجولی بۆ ئەو هەمووە منال و ژن و مەدەنیە لەتوکوتکراوەی غەززە.] نوقڵانەی [ئاوارەییەکی گەورە] بۆ کورد لێ دەدەیت، بێ ئەوەی گوێ بدەیتە هەڵوێستی مەلایین کوردی دەرەوەی بازنەی [بەرپرسان] کە لەوەتی کێشەی فەلەستین هەیە دڵیان بۆ فەلەستینیەکان دەسوتێ و چەندین نەوەمان بەژداریان لە شەڕیش کردوە لە دژی ئیسرائیل!!!

تۆ دەڵێیت [ئیمەی نەوەی یەکیکی وەک صەلاحدینین کە لەناو ئەو بازنە فراوانەدا ئەژیا...ئەوەبوو بۆ خۆی و خیزان و قەوم و ئوممەتەکەشی ئەژیا..بەلام ئەوانەی تەنیا بۆ خۆیان یان ناوچەکەیان یان خانەوادەکەیان ئەژیان کوا کی باسیان ئەکات.]

جارێ سەلاحەدین لە سەردەمێک و فەرهەنگێک و سیاقێکی فیکری و دینی تەواو جیاواز دەژیا ناکرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ سیاقاتی ئەو سەردەمە، لە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەشت: [بەلام ئەوانەی تەنیا بۆ خۆیان یان ناوچەکەیان یان خانەوادەکەیان ئەژیان کوا کی باسیان ئەکات] وەڵامم بۆ تۆ هەر ئەو فەلەستینیانەیە ئەوەتە تەنیا بۆخۆیان و ناوچەکەیان و ڕەگەزی ئومەی عەرەبی و خانەوادەکانیان دەژین، ڕۆژێکیش خۆیان بۆ کارەساتی کەس سەخڵەت نەکردوە، بەڵکو خوێ دەکەن بەسەر زامەکانمان، و تاوانبارمان دەکەن بە بەکرێگیراوی بۆ دوژمنانی عەرەب و ئیسلام، و دەڵێن ئێمە خەنجەرێکین لە کەمەری ئومەی عەرەبی، و کورد ئامرازی دابەشکردنە لەناو نیشتیمانی عەرەب، و ئەگەر ڕێگایان بۆ بکرێتەوە وەک لە سەردەمی سەدام بۆیان کرابوەوە، بەژداری لە شەڕکردن و کوشتاریشمان دەکەن، وەک کردیشیان!!

سەرەڕای ئەوەی وا بە ئەنانیەت تەنها بۆ خۆیان و ئومەی عەرەبی دەژین، و میانڕوترینیان لە دین دانێکی خێر بە کورد نانێن، کەچی ملیۆنەهای وەک تۆ نەک هەر باسیان دەکات بەڵکو شین و شەپۆڕیان بۆ دەکەن، و بەو بێت ئەگەر کورد هەزار فرمێسکی هەبێت ٩٩٩ بۆ ئەو

فەلەستینیانە، تایبەت تر بۆ ئەو غەزەیە بڕێژێت، چونکە ئیسلامیەکانی حەماسی ئیخوان حوکمی دەکات!!! کوا ئینسانیەت لەو هەڵویستە فوول حزبیە لە باطن و فوول ئینسانیە لە زاهیر؟!

# قەرەداغی پیاوی ئیخوانی جیهانی داوای سەربڕینی مەزنی جووەکان دەکات!

ئەخر بۆیە مرۆڤ ناتوانیت باوەر بە ئاشتیخوازی ئەو ئیخوانە بکات، دەبێت هەردەم چاوەڕێی توندوتیژی لیبکەیت لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا! ئێمە وا پێشبینیمان دەکرد ئیخوان داوا لە ڕاپەڕینی چەقۆوەشانی فەلەستین بکات بەو شێوەیە نامرۆییە پڕ نەدەنە پیر و منداڵ وژن و مەدەنی لەسەر شەقامەکان.

چونکە ئەوەی ئەو عەرەبە فەلەستینیانە دەیکەن هەر چی بێت نەخەباتە و نە جیهاد، تەنها تیرۆرێکی رووتی نائینسانیە، لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەموو جۆرە هاوسۆزیەک و تەعاتوفێکی جیهانیش لەگەڵ دۆزی فەلەستین. کەچی مەلا زۆر کوردەکە بە پۆشاکیکی عەرەبی فەتوای سەربڕینی مەزن دەدات!

کێشەکە ئەوەیە هاندان دژی جوو و ئیسرائیل باجی لەسەر نییە، دەبا ئیسرائیل یەک تۆز حیساب بۆ ئەو لێدوانە ترسنۆک و پڕ کەراهەتیانە بکات، بزانە ئەو مەلا عەلییە چۆن دەتۆقێت لە ترساندا!

چی دەمێنێتەوە بۆ میانرەوی؟! من تێناگەم ئەو پیاوە بۆ باسی بایەخ وگرنگی و پیرۆزی ئامەد ناکات و بۆ باسی قوربانیدان ناکات بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە باکوور و ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا؟!

ئەوەیە ئەو جۆرە ئیسلامەی لە خزمەتی عروبەتدایە. دەبێت جلی ئەوان لەبەر کەیت و سەروڕیش وهەیئەتی ئەوان هەڵگریت، بەزمانی ئەوان بدوێیت و خاکە پیرۆزەکانی ئەوان تەقدیس بکەیت، ومنداڵت هاندەی فێری زمانی ئەوان بن، وخەمت کێشەکانی ئەوان بێت بە پلە یەک، تا ببیتە موسڵمانێکی مەقبول وباش! ئیسلامیبوون وەک ئاوی ناو جۆگەیەکە لە هەورازدا هەر دەبێت بەرەو لیژایی بەناو ڕەوگەی عروبەت دابەزێت!

٢٠١٥/١٠/١٩

# هەتا تەزویریشیان بۆ دەکەن!

**دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو لەسەر فەلەستین!***

**بێگومان هەمووومان ومنیش یەکێکم لەوانەی دڵم بەوشیعرە جوانەی شاعیری مەزن پەشێو خۆش بوو لە بارەی کیشەی فەلەستین، چونکە دەیسەلمێنێت، کورد نەک هەر ئیسلامیەکانی، بەڵکو نەتەوەیی وچەپەکانیشی زۆر لە مێژە سەر بە هەر فیکر وئایدیا ودینێک بن پشتگیری تەواویان لە کێشەی فەلەستین کردوە.**

**بەڵام لەگەڵ بڵاوکردنەوەی شیعرەکە هەستم دەکرد تەواوی شیعرەکە نیە، وبەشێکی لێقرتاوە لەبەر هەر هۆیەک بێت، نەزانی یا چەواشەکاری یان هەرشتێکی تر. چونکە دیوانەکەیشم لا نەبوو، نەمتوانی ڕاستەوخۆ بگەڕێمەوە سەر شیعرەکە. بەڵام پاش ناردنی بابەتەکەم بە ناونیشانی: "غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان" بە ئیمێڵێک بۆ شاعیری مەزن پەشێو، سەرەڕای دەستخۆشی بابەتەکەم، دەڵێت کە ئەو شیعرە کۆنە لە ١٩٦٩ نوسراوە، کە لەو سەردەمەش وەک عادەتی هەمیشەیی کورد، کورد لە فەلەستینی فەلەستینیتر بوون!**

**ئەوەی زۆر جێگای سەرسوڕمانم بوو کە پەشێوە ئاماژەی بەوە کردبوو کە کاتی خۆی سەرەڕای ئەو شیعرە بەرزەش کەسانێکی شۆڤینیستی**

عەرەب هێرشێکی زۆریان کردوتە سەر!! بەڕاستی سەیرم پێهات، چۆن کەسێک وا فەلەستین بلاوێنێتەوە و ئەو هەموو هاسۆزیەی بۆ دەربڕێت، کەچی هێشتا ببێتە ئامانجی تانە و تەشەری عەرەبە شۆڤێنیستەکان؟!!! چۆن یەکێک بڵێت:

چەند حەز دەکەم
منی کوردیش
ئادەمزادێکی سەربەست بم،
بە چەلین و کەوشی کوردی
لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛
هێرش بەرم
بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،
بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی
گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،
مزگەوتەکان،
کڵێسەکان...
بە خوێن دەشۆن.

* * *

چەند حەز دەکەم
بژیێنمەوە
داستانەکەی سەلاحەددین،
دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،

ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین؛
تاو بسێنم وەک فەرتەنە،
لەسەر لێوی خاچپەرستان
ڕیشەکێش کەم زەردەخەنە.
بەڵام، چبکەم!
خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،
داگیرکەران لە چوارلاوە
ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.
من کوردێکم...
هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم،
دەنگم نییە.

ئەو فەلەستینیانە بە حەماس وفەتحەوە هێندە بوغرابوون بە پاڵپشتی سەدان دەوڵەتی عەرەبی وئیسلامی بە گەلەکانیانەوەو سەرەڕای پاڵپشتی سەدان وڵاتی تری نا ئیسلامیش وهەزاران حزب و ڕێکخراو ودامەزراوەکانەوە، تا ڕادەیەک غیرەیەکی هەوێ یانیان هەیە بەرامبەر هەر گەلێکی تر کەسانێک پاڵپشتیان بکات، بۆیە لە بیرمە لە کاتی کارەساتەکانی کورد کە میدیا جیهان بایەخی بە کێشەی کورد دەدا، دەیان وتاری فەلەستینی لە دژی ئەو بایەخە دەنووسرا تا جارێکیان من وەڵامی وتارێکی شۆڤێنستێکم داوە کە وتارێکی نووسیبوو بە ناوی: ناشێت بەراوردی دۆزی فەلەستین بکرێت بە دۆزی کوردی!!! کە تیایدا ئەوەی خراپ بوو دەرهەق بە کوردی گووتبوو!

دوایی کە تێکستی تەواوی شیعرەکەم پێگەیشت لەلایەن پەشێوی خۆشەویست ئەو کاتە دوو ڕاستیم بۆ بەدیارکەوت:

١- چەواشەکاری ئیسلامیە کوردەکانی خۆمان لە قرتاندنی نیوەی دووەمی شیعرەکە، چونکە پەشێوە تیایدا یارمەتی دانی گەلانی دنیا لەلایەن کورد بە ڕزگاربوونی گەلی کورد دەبەستیتەوە، ئەوەش هیچ تەفسیرێکی بۆ ناکرێت تەنها سروشت دەروێشی تاکی کورد نەبێت کاتێ دەبێتە دەروێشی هەر فیکرەیەک جا مارکسی بێت یان ئیسلامی یان هەر شتێک، ئامادەیە بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆی بکاتە قوربانی بەرژەوەندی فەلەستین وهەر نیکاراگوا وڤیەتنام وئەفغانستان! دەنا بۆ ئەو بەشە گرنگەی دەقرتێنێت، کە هانی تاکی کورد دەدات جارێ هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی بدات، دوایێ بیر لە یارمەتی کەسانێک بکەوە کە ماشەڵڵا هەموو جیهان یارمەتیانە!

٢- کاتی خۆشی کە عەرەب هێرشی کردۆتە سەر ئەو شیعرە لەبەر ئەو بەشەی دووەمە بووە، چونکە عەرەب حەز ناکات باسی ڕزگاربوونی خۆت بکەیت، دەبێت هەر شیعارات ودروشمگەلی ئومەی عەرەبی دووبارەکەیتەوە تا لێت ڕازی بێت، چۆن باسی ڕزگاربوون دەکەیت، ئەگەر ئەو ڕزگار بوونە ببێتە هۆی نەخشە تێکچوونی دوو وڵاتی عەرەبی؟!!

بەشی دووەمە قرتاوەکەی شیعرەکە ئەوەیە:

کوردستانی گەورە و مەزن،

وەک خەرمانی جوتیاری کورد، بەش کراوە...

باستیلێکە،
توند کوردی تێ ئاخنراوە.
بەڵام پەیمان...
هەزار پەیمان...
لە دوارۆژا،
کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بە گژا،
کە خۆم بینی،
لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،
لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما-
ئەوسا منیش،
وەک کوردێکی خاوەن کیان،
چەک هەڵگرم
بۆ هەر کەسێک بڵێ: ژیان!
پەیمان...
پەیمان...
هەزار پەیمان،
کە ڕزگار بووم
لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم،
ئەوسا بڕۆم،
تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،
نەک هەر لەوێ،

لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،
لە ئەفریکای قولەڕەشا،
لە ئێرتیریای بێ بەهارا،
لە هەر خاکێک دۆلار بژی،
بژیێنمەوە سەد گیڤارا!

ئێستا دەزانن ئەو چەواشەکارییە چەند ئاشکرا وبێ پەردەیە بە دەستی خودی کورد دەکرێت، من گومانم نییە ئەوانەی ئەو شیعرەیان بە قرتاوی بڵاوکردەوە، ئامادەنین بە تەواوی بڵاویکەنەوە، چونکە ئامانجە ئایدیۆلۆژیەکەی ئیسلامی عرووبی شینگێڕ بۆ فەلەستین ناپێکێت.

٢٠١٤/٧/٢٥

سەرچاوە

ئەوەش تەواوی شیعرەکەیە:

دەنگێک لە کوردستانەوە *

چەند حەز دەکەم

منی کوردیش

ئادەمزادێکی سەربەست بم،

بە چەلین و کەوشی کوردی

لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛

هێرش بەرم

بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،

بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی

گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،

مزگەوتەکان،

کڵێسەکان...

بە خوێن دەشۆن.

* * *

چەند حەز دەکەم

بژییێنمەوە

داستانەکەی سەلاحەددین،

دیسان، وەکوو بوومەلەرزە،

ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین؛
تاو بسێنم وەک فەرتەنە،
لەسەر لێوی خاچپەرستان
ڕیشەکێش کەم زەردەخەنە.
بەڵام، چبکەم!
خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم،
داگیرکەران لە چوارلاوە
ناهێڵن بجووڵێ جەستەم.
من کوردێکم...
هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم
دەنگم نییە.
من کوردێکم...
هەرچەند ئەمڕۆ خۆم نیشان دەم،
ڕەنگم نییە.
کوردستانی گەورە و مەزن،
وەک خەرمانی جوتیاری کورد، بەش کراوە...
باستیلێکە،
توند کوردی تێ ئاخنراوە.
بەڵام پەیمان...
هەزار پەیمان...
لە دوارۆژا،

کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بە گژا،
کە خۆم بینی،
لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،
لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما-
ئەوسا منیش،
وەک کوردێکی خاوەن کیان،
چەک هەڵگرم
بۆ هەر کەسێک بڵێ: ژیان!
پەیمان...
پەیمان...
هەزار پەیمان،
کە ڕزگار بووم
لەو گەردەلوولەی تێی کەوتووم،
ئەوسا بڕۆم،
تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،
نەک هەر لەوێ،
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤێتناما،
لە ئەفریکای قولەڕەشا،
لە ئێرتیریای بێ بەهارا،
لە هەر خاکێک دۆلار بژی،
بژیێنمەوە سەد گیڤارا!

1969/12/5 – کوردستان

# بەشی چوارەم
# هەڵوێستی فەڵەستینیەکان لە دۆزی کورد!

## مەحمود دەروێش وپاشگەزبوونەوە لە کوردستان

هەموو دەزانین کە محمود درویش ناودارترین شاعیری هاوچەرخی عەرەبە کە ناوی لە یادەوەری زۆربەی کوردە، چونکە لە ماوەی ژیانیدا دوو قەسیدەی لە بەرگری کردن لە نەتەوەی کورد نووسی، بەرامبەر ئەو ستەمەی لێی دەکرێ بە دەستی ڕژێمە عەرەبیەکان.

لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندێکی شاری جەلیل لە دایک بووە، دوایی ماڵباتەکەی ئاوارەی لوبنان بووە لەگەڵ ئاوارەکانی فەڵەستین لە ١٩٤٨، دوایی بە نهێنی گەڕاونەتەوە بۆ فەڵەستین لە ١٩٤٩.

دەرویش خاوەنی ٣٠ دیوانە شیعر و ٨ کتێبە، هەروەها گۆڤاری الكرمل ی ئەدەبیشی دەردەکرد. زۆر زاا دەستی بە شیعر نووسین کردوە، هەندێ دەڵێن لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە!

قەسیدەی کوردستان لە ١٩٦٥ محمود درویش بۆ کوردستانی نووسیوە، هەرچەندە لە ڕووی فۆرمەوە بە ڕای شاعیری مەزنی کورد شێرکۆ بێکەس لە ئاستی شیعرەکانی محمود درویش نییە، بەڵام لە ڕووی

ناوەرۆکەوە نکوڵی لێ ناکرێت کە یەکێکە لە جوانترین ناوەرۆکی هاوسۆزی وپشتگیری بە دەستی عەرەبێک نووسرا بێت بۆ کورد و کوردستان!

ئەوە قەسیدەکەیە:

معكم

معكم قلوب الناس

لو گارت قژائف في الجبال

معكم عيون الناس

فوق الشمس تمشي لا تبالي

معكم عبيد الّرچ

من خصر المحيگ إلى الشمال

..معكم أنا.. معكم أبي .. أمي .

وزيتوني وعگر البرتقال

معكم عواگفنا ... قصائدنا

جنوداً في القتال

يا حارسين الشمس من أصفاد أشباه الرجال

ما مزقتنا الريح إن نچال أمتكم نچالي

ان خرّ منكم فارس شدت على عنقي حبالي

......................

تحيا العروبه !

هل خرّ مهرك يا صلاح الدين ؟

هل هوت البيارق ؟

هل صار سيفك .. صار مارق؟

فى أرچ كردستان

حيپ الرعب يسهر والحرائق

الموت للعمال إن قالوا :

لنا پمن العژاب

الموت للزراع إن قالوا :

لنا پمر التراب

الموت للْگفال إن قالوا :

لنا نور الكتاب

الموت للْكراد إن قالوا :

لنا حق التنفس فى الحياه

ونقول بعد الْن ... فلتحيا العروبه

مرّى إژن فى أرچ كردستان

مرّى يا عروبه !

هژا حصاد الصيف هلا تبصرين؟

لن تبصرى

إن كنتٍ من پقب المدافع تنفْرى

.........................

يا أمتى هجمت على تاريخك الإنسان

أشباه الرجال باسم العروبه يستباح الدم تحكمك النصال

يكعن التاريخ فى شكێن دجله والفرات

يا أمتى

لم يكفنا أنا براو

منهم ومن كابورهم

لم يكفنا أنا براو

ألقى لمزبله الزمان

أخسّ ماعرف الزمان

ألقى عدوك يا عروبه

ونقول بعد الآن فلتحيا العروبه

لا على الموت فلتحيا العروبه

....................

يا شهرزاد

الليل يفترس الصباح

وحقول كردستان موسمها جراح

الحب ممنوع وهمس الجار ممنوعُ ولا شىو مباح

إلا دم الأكراد نفگ الموقدين

مصباح عارهم بموت الآخرين

..........................

يا شهرزاد

صدأت أساگير البگوله فى لياليك الملاح

والذكريات البيض والمهر الذى ركب الرماح

والحب والامجاد والسيف الذى ملّ الكفاح

عار على بغداد ما فيها مباح

إلا دم الأكراد فى المذياع

فى صحف الصباح

حبر الجرائد فى مدينتنا دمٌ

إنا أبدناهم وتعتز الذئاب وتبسم

إنا زرعنا أرض كردستان

لحداً عارياً من فوق لحد

إنا زرعناها جماجم لا تعد

ملقىً على أقدام سيدك الحقير

ودماء كردستان تغرق سافحيها

واللاعب المأفون بالنيران

سوف يموت فيها

يا شهرزاد

ما مات إلا الموقدون

مصباح ليلهم بزيت الآخرين

.....................................

به ڕای شێرکۆ بێکەس ئەو قەسیدەیە لە ژێر کاریگەری ماوەی ژیانی محمود درویش نووسراوە کاتێ تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو و

ئەندام بوو لە حزبی شیوعی ئیسرائیلی! یانی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی جیهانی چەپڕەو بوو، هەروەها زۆر گەنجیش بوو بۆیە بەو حەماسەتەوە ئەو قەسیدەیەی نووسیوە!

من باوەڕناکەم ئەوە هۆکارەکە بێ، چونکە محمود دەروێش قەسیدەی دووەمی [ليس للكردي الا الريح] لە دیوانی ( لا تعتذر عما فعلت) ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوی کردۆتەوە، ڕەنگە شیعرەکە هی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٤ بێ، چونکە دەرویش دیوانەکانی ساڵ بە ساڵ یان دوو ساڵ جارێ چاپ کردوە. دیوانی شیعری لە ٢٠٠٠ و ٢٠٠٢ چاپکردوە دیارە ئەو قەسیدەیەیان تێدا نییە، بۆیە ئەو شیعرە چاکترین حالەتدا لە نێوان ٢٠٠٢ و ٢٠٠٤ نووسراوە، هەرچەندە شیعرەکە پێشکەشی ئەدیبی گەورەی کورد سلیم برکات کراوە، بەڵام گوزارش لە هەموو کوردێک دەکات.

لە ڕێگای کارەساتی سلیم برکاتەوە وەک ئەدیبیکی زمانزانێکی عەرەبی ئەفسانەیی باسی دەکات! باسی ئەوە دەکات کە کورد بێ خاکە خاوەنی هیچی خۆی نییە، تەنها خاوەنی بایە! ئەو شیعرە لە فۆرمەکەیدا بەهێزترە لەوەی کوردستان، بەڵام قەسیدەی کوردستان ڕاشکاوترە لە دەربڕینی ئێش وئازارەکان و مەینەتەکانی کورد.

کەوابوو سەرەڕای گۆڕانی دەرویش لە چەپڕەویەوە بۆ نەتەوەویستی هێشتا ڕای باش بووە لەسەر کورد، بە بەڵگەی ئەو قەسیدەیەی. بەڵام ئەوەی مرۆڤ تێی ناگات بۆچی کاتێ شاعیر و ئەدیبی فەڵەستینی یوسف الخطیب ی بەعسی، قەسیدەی کوردستانی لە دیوانەکەی دەرهێنا بە جواب نەهات؟ دەکرا بە وتارێک ناڕەزایی دەربڕیبا، چونکە ئەوە کارێکی زۆر بێ ڕەوشتانەیە لە ژیانی شاعیرێکدا شیعرێکی بسڕیتەوە! ئایا بڵێی بە پرس وڕای خۆیدا ئەوەی کردبێت، بۆیەش محمود درویش وا بێ دەنگی لێ کردوە؟! ڕەنگە ئەوە مەرجێک بوو بێت بۆ بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی، دەرویش نەیویستوە لەبەر ئەو قەسیدەیە هەموو دیوانەکە فەرامۆش کرێ، بە تایبەتی کە لە دیمەشق و لە ژێر ڕەقابە وچاودێری بەعسیەکان چاپ دەکرا!

دەکرا محمود درویش لە دوادواییەکانی ژیانی کاتێ لەوپەڕی دەسەڵات وشۆهرەت بوو، خاوەنی دەزگای میدیایی بوو، ئەو قەسیدەیەی [کردستان] بخستبایە ناو دیوانێکی یان کاتێ کۆبەرهەمی دەرچوو تێیخستبا.

ئەوەش قەسیدەکەیەتی بە ناونیشانی لیس للكردي الا الريح ـ لە دیوانی ( لا تعتذر عما فعلت)

﴿إلى: سليم بركات﴾

يَتَذكّرُ الكرديُّ حين أزورُهُ، غَدَهُ..

فيُبعدُهُ بُمكْنسة الغبارِ: إليك عنّي!

فالجبالُ هِيَ الجبالُ. ويشربُ الـڤودكا

لكي يبقى الخيالَ على الحياد: أنا

المسافرُ في مجازي، و الكراكيُّ الشقيّةُ

إخوتي الحَمْقىَ. وينفُضُ عن هُويّتِهِ

الظلالَ: هُوِيّتي لُغتي. أنا.. وأنا.

أنا لغتي. أنا المنفيّ في لغتي.

وقلبي جمرةُ الكُرْديِّ فوق جبالِهِ الزرقاء/..

نيقُوسْيا هوامِشُ في قصيدته,

ككُلّ مدينةٍ أخرى. على درّاجةٍ

حمل الجهاتِ، وقال: أسْكُنُ أينما

وَقَعَتْ بيَ الجهةُ الأخيرةُ. هكذا

اختارَ الفراغَ ونام. لم يَحْلُمْ

بشيء مُنْذ حَلّ الجِنُّ في كلماتِهِ،

]كلماتُهُ عضلاتُهُ. عضلاتُهُ لكلماتُهُ[

فالحالمون يُقَدِّسون الأمسَ، أَوْ

يَرْشُون بوّاب الغد الذهبيِّ...

لا غَدَ لي ولا أمسِ. الهُنَيْهَةُ

ساحتي البيضاء/..

منزله نظيفٌ مثلُ عَيْن الديكِ..

منسيٌّ كخيمة سيّد القوم الذين

تبعثروا كالريش. سَجّادٌ من الصوف

المجعّد. مُعْجَمٌ مُتآكل. كُتُبٌ مُجَلّدةٌ

على عَجَل. مخدّاتٌ مطرّزَةٌ بإبرة

خادم المقهى. سكاكينٌ مُجَلّخةٌ لذبح

الطير و الخنزير. فيديو للإباحيات.

باقاتٌ من الشوك المُعَادِلِ للبلاغةِ.

شُرْفَةٌ مفتوحةٌ للاستعارة. ها هنا

يَتَبادَلُ الأتراكُ والإغريقُ أدوارَ

الشتائم. تلك تَسْلِيَتي وتَسْلِيَةُ

الجنود الساهرين على حدود فُكاهةٍ

سوداء/..

ليس مسافراً هذا المسافرُ، كيفما اتّفَقَ..

الشمالُ هو الجنوبُ، الشرقُ غَرْبٌ

في السراب. ولا حقائبَ للرياح،

ولا وظيفة للغبار. كأنه يُخفي

الحنينَ إلى سواهُ، فلا يُغنّي ... لا

يُغَنيِّ حين يدخُلُ ظلُّه شَجَرَ الأكاسْيا،

أو يبلّلُ شَعرَهُ مَطَرٌ خفيفٌ...

بل يُناجي الذئبَ، يسأله النزالَ:

تعال يا ابن الكلب نَقْرَعْ طَبْلَ

هذا الليل حتى نوقظ الموتى. فإنّ

الكُرْدَ يقتربون من نار الحقيقة،

ثم يحترقون مثل فراشة الشُعَراء/

يعرفُ ما يريد من المعاني. كُلُّها
عَبَثٌ. وللكلمات حيلَتُها لصيد نقيضها،
عبثاً. يفضّ بكارةَ الكلمات ثم يعيدها
بكراً إلى قاموسه. ويَسُوسُ خَيْلَ
الأبجدية كالخراف إلى مكيدته، ويحلقُ
عانَةَ اُللُغةِ : انتقمتُ من الغياب.
فَعلْتُ ما فعل الضبابُ بإخوتي.
وشَوَيْتُ قلبي كالطريدة.لن أكون
كما أريد. ولن أحبَّ الأرض أكثر
أو أقلّ من القصيدة. ليس
للكرديِّ إلاّ الريح تسكنُهُ ويسكُنُها.
وتُدْمِنُه ُويُدْمنُها، لينجوَ من
صفات الأرض والأشياء/...

كان يخاطب المجهول: يا اُبني الحُرّ!
يا كبش المتاه السرمديّ. إذا رأيتَ
أباك مشنوقاً فلا تُنْزِلْهُ عن حبل
السماء، ولا تُكَفِّنْهُ بقطن نشيدك
الرَّعَوِيّ. لا تدفنه يا آبني، فالرياحُ
وصيّةُ الكرديِّ للكردي في منفاهُ،
يا اُبني .. و النسورُ كثيرةٌ حولي
وحولك في الأناضول الفسيح.
جنازتي سريّةٌ رمزيّةٌ، فَخُذِ الهباءَ
إلى مصائره، وجُرَّ! سماءك الأولى
إلى قاموسك السحريِّ. واحذرْ
لَدْغَةَ الأمل الجريح، فإنه وحشٌ
خُرّافيٌ. وأنت الآن .. أنت الآن
حُرّ، يا اُبن نفسِكَ، أنت حُرٌ
من أبيك ولعنة الأسماء/..
باللغة انتصَرْتَ على الهُوِيّةِ
قُلْتُ للكرديِّ، باللغة انتقمتَ

من الغيابِ

فقال : لن أمضي إلى الصحراءِ

قُلْتُ ولا أنا...

ونظرتُ نحو الريح/

-عِمْتَ مساء

-عمت مساء[٧]!

دەتوانین بڵێین چاکترین هەڵوێستی سیاسی و ئەدەبی فەڵەستینی لە دۆزی کورد، ئەو دوو شیعرە بە نرخەی محمود دەروێشە، واتە قەسیدەی کوردستان و ليس للكردي الا الريح، لەگەڵ شیعرێکی سمیح القاسم و چەند شیعرێکی تری شاعیرانی تری زۆر نەناسراو، بەڵام ئەو شیعرانە نەک نەبوونە بنچینەیەک بۆ گۆڕینی بیروڕای عەرەبە فەڵەستینیەکان لە دۆزی کورد، بەڵکو هەتا ئەو شیعرانەیان لە کاتی چاپکردنی کتێبەکانیاندا نەدەخستە ناو دیوانەکانیان!

ئەدیب وڕەخنەگرێکی فەڵەستینی (يوسف الخطيب ) کە لە دیمەشق دیوانێکی محمود درویشی چاپ کرد بە ناوی غصن الزيتون، لە پێشەکیەکەیدا

[٧] - محمود درويش/ ليس للكردي الا الريح - من كتاب ( لا تعتذر عما فعلت- دار رياض الريس ٢٠٠٤، نسخة الكترونية pdf) ص ١٥٧-١٦٥

نووسی: ئەوە دیوانی غصن الزیتون ی محمود درویشە و ٣٨ قەسیدە بەخۆی دەگرێ، هەموویانم تێخستووە جگە لە قەسیدەی کوردستان!

( هذا دیوان غصن الزیتون للشاعر محمود درویش یتضمن 38 قصیدة أثبتها جمیعاً بإستثناء قصیدة کردستان...! )

*کورد نەتەوەیەکی زۆر بە وەفایە، ئەوەی بە یەک وشەش هاوسۆزی لەگەڵدا کردبێت لەبیری ناکات، هەرچەندە خراپەکاری دوژمنان و ناحەزەکانی بە ئاسانی لەبیر دەکات! تا ئەمڕۆش خوێنەورەکانی کوردستان زۆر ڕێز لە محمود درویش دەنێن لەسەر ئەو دوو شیعرەی کە بۆ کوردی نووسیوە، هەرچەندە شیعری کردستانی لادا لە کۆبەرهەمەکەی، بەڵام تەنها کار و هەڵوێستێکی چاک بۆ محمود درویش بمێنێتەوە ئەوەیە کە شیعری: لیس للکردي الا الریح ی خستە ناو دیوانێکی، ڕەنگە ئەو هەڵوێستەی دەرویش هێشتا لە ژێر کاریگەری ڕوانگە چەپگەرایەکی بوو بێت، چونکە راستە دەرویش گۆڕا بۆ بیری قەومی، بەڵام هەر جۆرێک لە ئینسانیەتی خۆی پاراست.*

# ئیخوانیەت و هەڵوێستی هەقیقی فەلەستینیەکان و عەرەب لە کێشەی کورد

من دەمێکە باوەڕم بە ئینسانیەتی زۆربەی عەرەب نەماوە، بەڵام کەسیک هەبوو بە ناوی محمد ریاز Mohammad Riyad لە فەیسبوک کە خۆی وەک کەسێکی موعتەزیلی زۆر کراوە نیشان دەدا، شەو و ڕۆژ خەریکی رەخنەگرتن وو لە فیکری سەلەفیەت، جاروبار گفتووگۆم لەگەڵ دەکرد، بەو دواییە پۆستەکانی هەمووی لەسەر فەلەستین و غەزە بوو، کە هەقی خۆیەتی، بەڵام کە ئەو کارەساتەی کە بەسەر کورد بە گشتی و برا یەزیدیەکانمان هات بە تایبەتی، موتابەعەی پەیجی عەرەبەکانم دەکرد لەوانەی کەمێک هیوام پێیان هەبوو، دیتم نوتەقیان لە خۆیان بڕیوە، نە هاوسۆزیەک، نە ئینسانیەتێک ، نە ئیدانەیەک، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش هێشتا هەر خەریکی خۆپیشاندان ڕێکخستنن بۆ غەزە لەسەر زامەکانی ئیمەی کورد، نەک هەر ئەوە لە کەنەدا فەلەستینیەکان و عەرەبەکان کاتی کورد خۆپیشاندانی کردبوو بۆ شەنگاڵ، یەکسەر بەرامبەریان خۆپیشاندانیان کردبوەوە بۆ غەزە، کە دیتیان میدیای ئەو وڵاتە هەمووی لە کوردەکان کۆبوونەتەوە، لە ئێرەیی پێ بردنەوە هێرشیان کردبوە سەر کورد و هەزار تۆمەتیان بۆ کورد نابوەوە، چونکە کەسێکی

ئیسرائیلی بە هەر مەبەستێک چوبوە ناو خۆپیشاندانەکە! لە جیاتی یەکێک لەوانیش بە ئاڵای فەلەستینی بجێتە ناو خۆپیشاندانەکە!!

ئەو محمد ریازە پۆستیکی بڵاوکردبوەوە وینەی خۆ پیشاندانیکی لەسەر بوو و نوسیبووی: ڤیدیۆی پێنجەمین خۆپیشاندانمان بۆ کەمتر لە مانگێک بۆ هاوسۆزی لەگەڵ غەزە لە ویلایەتی ئەریزۆنا...منیش لەبەر دڵسوتانم بۆ کوردانی بێ پشتیوانی خۆمان، و لەبەر تەحقیرم بۆ ئەو نامرۆڤانە کە لە گەرمەی لەناوبردنی کوردان، بۆ جاری پینجەم بۆ غەزە لە یەک مانگ خۆپیشاندان دەکەن، تەنها بەو کورەم گووت : برام کاک محەمەد ریاض، ئێوە تەنها خۆپیشاندان بۆ غەزە و کێشە عەرەبیەکان دەکەن، هیوادارم ڕۆژیک بتانبینم مرۆڤایەتیتان ببزوێت، خۆپیشاندانێک بکەن بۆ کێشەکانی گەلانی تر. سەدام لە ڕۆژێکدا پێنج هەزار کوردی بە کیمیاوی کوشت، و لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال ١٨٢ هەزار کەسی کوردی سڤیلی کوشت. وبەو دوایەش داعش هەزاران کوردی یەزیدی ئاوارە کرد و کوشت، ئایا قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە، تەنها یەک دەقیقە ڕاوەستن بۆ ڕیزگرتن لەو هەموو قوربانیانە؟!!

لە وەڵامدا وەک هەر عەرەبێکی عروبی و داخراو و نا مرۆڤ و بەعسی گووتی: "نازانم ئەو ژمارانە لە کوێ دەهێنێت، بەڵام بە گشتی، ئێمە لەگەڵ هەموو دۆزێکی ئازادی و دادپەروەری دەوەستین لە هەموو جیهاندا، و هێرشمان کردۆتە سەر داعش زیاتر لە بۆنەیەک، بەڵام تەوەقوع دەکەیت گەلانی تر لەگەڵتان بوەستن لە خەباتتان، کە تۆ بەو شێوازە ناشرین و وشکە قسەمان لەگەڵ دەکەیت [!!!!]پێویستە

یەکەم جار خەباتتان بکەن لە پێناو گەلەکەتان و کێشەکانی، نەک هێزەکانتان ببێتە ئامرازێکی دابەشکردن و غەدروخیانەت لە جەستەی ئومەت، بە پارە و ئاراستەکردنی بێگانەکان بۆ پچڕپچڕکردنی یەکێتی وڵاتەکانی و ئینجا داواش لە ئێمە بکەن پاڵپشتتان بکەین "

ئەوە وەڵامی کەسێکی موسڵمانی موعتەزیلی و کراوە و دژ بە سەلەفیەت بوو، کە وەک هەر عەرەبیکی شۆڤێنی کورد تاوانبار دەکات بە بەکرێگیراوەتی بێگانە بۆ پارچەپارچەکردنی جەستەی ئومەی عەرەبی یا ئیسلامی!! منیش وەڵامم دایەوە: برام محمد، من وەک برا بانگم کردی، چونکە پێشبینیم دەکرد کە تۆزێک عەقڵانیەتت تێدا هەبێت لەبەر بانگەشەکردنت کە لە موعتەزیلەکانی، بەڵام وادیارە هیستریای ناعەقڵانیەت و دەبەنگی زاڵە بەسەر هەموو شەقامی عەرەبی، ئەوەتە تۆ ڕۆژانە شین دەکەیت و لە خۆت دەدەیت لە پێناو هەقی سێ چوار ملێۆن، بەڵام وەک هەر عروبیەکی فاشست پێت زۆرە کورد کە ٤٠ ملیۆنن هەقی خۆیان وەرگرن و تاوانباریان دەکەیت بە هەمان تۆمەتەکانی بەراییەکانت لە بەعسیەکان و عەفلەقیەکان، کە کورد ئامرازی دابەشکردن و غەدروخیانەتن لە جەستەی ئومەت!! کام ئومەت؟!

ئەگەر مەبەستت ئومەی عەرەبیە، ئیمە لەسەر زەوی مێژوویی کوردی خۆمانین و ئێوەن داگیرکەر، ئەگەریش مەبەستت لە ئومەی ئیسلامیە، بۆ سەلماندنی خیانەت و دابەشکاری ئێوە بەسە ئەگەر بزانین زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبیتان دامەزراندوە لەسەر ئەو جەستەیە، ئەوەتە تۆ بە هەموو عەقڵتەوە بەرگری لە پیلانەکانی سایکس – بیکۆ

دەکەیت و نەخشەکانی بە پیرۆز دەزانیت، وەڵامی گەلێک دەدەیتەوە بەو تۆمەتانەت، کە بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە کیشەی فەلەستینی کردوە.

تۆ لەوانەیە لە ڕووی عەقیدەوە موعتەزیلی بیت، بەڵام ناکرێت خاوەن فیکر و ڕوئیای موعتەزیلە بیت، بە هۆی ئەو نەزعەیە عروبیە فاشستیەی کە تێتدایە و کردونیەتی بە کەسانێکی بێ بەزەیی وبێ ویژدان و بێ بەها. ئێستا دەزانم لاوانی عەرەب لە عروبەتی فاشستیدا یەکسانن، هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان سەلەفیەکی داخراوی موجریم، و موعتەزیلیەک کە بانگەشەی واڵایی و کرانەوە و مرۆڤایەتی دەکات". دوایی پاش ئەو وەڵامە وەڵامێکی شۆڤێنێ تری دامەوە، پڕ لە تۆمەتی خیانەت و تا ڕادەی تۆمەتباری کرنی کورد بە سەبەبکاری بە کوشتنی ٦٠٠ هەزار عێراقی و خیانەت کردن لە صدام !!!

ئەوەیە هەڵوێستی نامرۆڤانەی فەلەستینیەکان و عەرەبەکان بە گشتی و ئیسلامیەکانی فەلەستین و عەرەب بە تایبەتی لە کێشەی ڕەوای کورد، هەتا نەک دڵیان نایەشێت بۆ کارەساتەکانمان، بەڵکو دەستخۆشیش لە بکەرەکانیان دەکەن، گوایە ئێمە خیانەتمان لێکردوون !!ئەوەیە ئینسانیەت کاک ئیکرام تۆ لەبەرخاتری ئەوانە توقع کەیت کورد ئاوارە بێت وەک سزای خوا چونکە هەمووما ن تێکرا بە بە بەرپرس و بی بەرپسیارەوە شینی غەزە نەکەین، ئەگەر کورد کەمێک غیرەت و کەرامەت و هەستکردنی بەو ستەمەی ئەوان هەبێت، نابیت مێشێکیس میوانی بیت بۆ کارەساتەکانیان. ٢٠١٤/٨/١٣

# سەربەخۆیی کوردستان
# لە ڕونگەی ئێران وحەماس وئیسرائیل

وەک ئاشکرایە حەماس بەر لەوەی هەر شتێک بێت پیشەسازیەکی ئێرانیە، لەو ڕۆژگارەش ئێران لەوەتی باسی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور هاتۆتە گۆرێ ، بە ئاشکرا و ڕاشکاوی دژایەتی دەکات وخەڵکی لێ هاندەدات و تا ڕادەی هەڕەشەش دەکات، کە لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان، کوردستان چەندین دەیە بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە! یانی بە کوردیەکەی کردەیەکی سەربازی گەورە ئەنجام دەدات بە هاوکاری حکومەتە شڕەکەی بەغدا و بەکرێگیراوانی ناخۆ.

یەکێک لە ئاکارە ناشیرین و دزێوەکانی وڵاتانی ئیسلامی ئەوەیە هەر تەنگژەیەکیان هاتە پێش، بەر لە هەموو شتێک بۆ دوورخستنەوەی سەرنج ودیدی خەلک لێی، چەند کێشەیەکی دەستکرد دروت دەکەن، چاکترین کێشەی ئامادەش کێشەی فەلەستینە، کە نەزار قەبانی جوانی وتوە کە دەڵێت:

كانت فلسطين لكم......دجاجة من بيضها الثمين تأكلون

كانت فلسطين لكم.......قميص عثمان الذي به تتاجرون

[فەلەستین بۆ ئێوە ئەو مریشکەیە لە هێلکە بە نرخەکەی دەخۆن....فەلەستین بۆ ئێوە کراسی عوسمانە کە بازرگانی پێوە دەکەن]

وادیارە ئێران وەک کارتێک بۆ دروسکردنی غەڵبەغەڵب وتەشویش لەسەر هەواڵی سەربەخۆیی کوردستان، فەرمانی بۆ حەماسەکان ناردوە بۆ دروستکردنی ئەو کێشەیەی ئێستا، کە هەرچەند ساڵ جارێک حەماس دروستی دەکات لە ڕێگای تێگرتنی چەند ڕۆکێتێکی بێ ئەرزش ودواکەوتوو بە پێوەری تەکنۆلۆژی کە بەدەستی تەنەکەچیەکانی دروستی کردوە وبە حیسابی خۆی زیان بە ئیسرائیل دەگەیەنێت!!

بێگومان ئیسرائیل یش وەک زانراوە بێدەنگی ونەرمی نانوێنێت، چونکە هەر نەرمی وبێدەنگیەک بەمانای کۆتایی ئیسرائیل دێت، بەڵکو بە چەندین قات بە توندی وەڵامی ڕۆکێتەکان دەداتەوە، لەو ناوەش تەنها زەرەرمەند خەڵکی مەدەنی فەلەستین دەبێت. حەماس جۆرێک لە شیعەگەراتی سیاسی بە پلە یەک و عەقایدی بە پلە دووی تێدایە وکەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات.

شیعەگەراتی سیاسی بریتیە لە ستایش کردنی رۆڵی سیاسی ئێران، و جوێندان وسەرکۆنەکردن وئاشکرا کردنی پلانەکانی ئەمریکا وئیسرائیل وخۆرئاوا بە گشتی، خۆ گێلکردن و دیزە بەدەرخونەکردنی کارە

قیزەونەکانی ئێران و هاوپەیمانانی لە حزب الله و ڕژێمی بەشار وهتد..

حەماس هەتا ناوێرێت ئیدانەی ئەو میلیشیا شیعانەش بکات کە ڕۆژانە لە فەلستینیەکانی عێڕاق دەکوژن، نەوەک دڵی ئێران بڕەنجێت. شیعەگەراتی عەقایدیش هێندە زۆربوە لە فەلەستین و ناو حەماس ئێستا دەتوانن حزبێکی سیاسی لێ دروست بکەن ئەگەر ئێران بیەوێت، ڕاوێژکاری هەنیە، ئەحمەد یوسف دەڵێت: بۆ عەیبە شیعە بیت لەو زەمانەدا؟ شیعە ئەمڕۆ عیزەتی ئەو زەمانەن! دژی ئیستکباری جیهانی وەستانەوە کە ئەمریکا و ئیسرائیل نوێنەرایەتی دەکات، پشتگیری موستەزعەفان دەکەن...."[8]

ببینە هەتا دەستەواژەکانیشی ئێرانی ڕووتن وەک: ئیستکباری جیهانی و موستەزعەفان وئەو قسە ودروشمە قەڵەوە دووڕوانەی ئێران! ئەوەی ئێستا لە غەزە دەگوزەرێت بە ئیعازی ئێرانە وجێبەجێ کردنی حەماسە وپەیامێکە بۆ کوردستان و بە پلە یەکیش بۆ ئیسرائیل کە بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند.

[8] http://www.muslm.org/vb/showthread.php?332633-

ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل بۆ سەربەخۆیی كوردستان بەو ئاشكراییە ئێران وولاتانی عەرەبی وئیسلامیەكانی جیهانی هاركرد لە كورد، چونكە ئیسلامیزمی جیهانی بیناغەكەی لەسەر دەستی ئیسلامیە عەرەبیەكان دامەزراوە، هەموو كیشەی گەورە وقورسەكانی خۆیان وەلا ناوە، تەنها تەركیزیان لەسەر ئیسرائیلە! كێشەكە لەوەدایە لەو مەنزورە ئیسلامیەدا هیچ خاڵێک بەدیناكرێت بۆ كۆتایی هێنان بە كێشەی ئیسرائیل وعەرەب تەنها بە شەڕێكی ئایینی ئەرماجیدۆنی Armageddonگەورە نەبێت.!

كە سیناریۆیەكی دینییە بۆ دوارۆژەكانی دنیا ونزیكبوونەوەی قیامەت، وەک محمد قطب وسەدان نوسەر وبیرمەندی ئیسلامی پێیان وایە كار بەوە دەگات وەک لە حەدیسەكەی ابو هريرة هاتوە: " قیامەت هەڵناسێت هەتا موسڵمانان لەدژی جولەكە دەجەنگێن، موسڵمانان دەیانكوژن وجولەكە خۆیان لە دوای داروبەرد دەشارنەوە، كە داروبەردەكان بە زمان دێن ودەڵێن: ئەی موسڵمان، ئەی بەندەی خوا ئەوە جولەكەیە خۆی لە پەنامدا شاردۆتەوە وەرە بیكوژە، تەنها داری غەرقەد نەبێت كە قسە ناكات چونكە داری جولەكەیە!!!"

ئەو حەدیسە خوارافیە مێشكی دەیان نەوەی ئیسلامی ژەهراوی كردوە، لە جیاتی گەڕان بەدوای چارەسەرێک، چاوەڕێی دواشەڕی ڕۆژی قیامەت دەكەن تا داروبەرد بە جواب بێت ویەک جولەكە لەو ناوە نەهێڵن !حەدیسێک كە ساختەكاری بە ئاشكرا دیارە، ئەخر نەمزانیوە

داروبەردیش دابەش بوبێت بەسەر موسڵمان وجولەکە، داری موسڵمان هەبێت وداری جولەکەش؟! یانی چی داری جولەکە؟مەگەر هەر ابو هریرە وبرادەرە جولەکەکانی لەوە تێبگەن! ئەی قورئان بۆ لە دەیان شوێندا دەڵێت: لله ما في السموات و الارض؟ خوا خاوەنی ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویشە؟!

عەرەب شەو وڕۆژ باسی داگیرکاری ئیسرائیل دەکەن ومافی وجودیان لەو جوگرافیایە نابینن، کەچی کە دەچیتە سەر تێکستە دینیەکانی هەر سێ دیاناتی ئیبراهیمی دەبینیت، چۆن خودا لەو جوگرافیایە سەدان و هەزاران پێغەمبەری جولەکەی ناردوە شانۆی ڕوداوەکانی ژیننامەیان لەو جوگرافیایە بووە، وعەرەب بەر لە فەتحی ئیسلام هیچ وجودێکی وای نەبوە لە فەلەستین، و وجودی جولەکە لە فەلەستین زۆر کۆنترە لە وجودی عەرەبی، کەچی هەر هاواری داگیرکردنیانە، باشە ئەگەر بە داگیرکردن بیت، نە میسر ونە لیبیا و نەجەزائیر ونە مەغریبیش خاکی عەرەب نین ئێستا داگیرکراوە، وکاتی خۆشی داگیراکرا بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلام، بەڵام ئێستا پەیامیشیان تەواو گەیاند.

کەچی ئەوان دژی هەموو هیوایەک ومافێکی نەتەوە ڕەسەنەکانی ئەوێن لە ئەفرقیەکان وبەربەرەکان زۆر خراپتر لە دژایەتی ئیسرائیل بۆ عەرەب. بۆ ئەوە داگیرکردن نییە، ئەوەی ئیسرائیل داگیرکردنە کە کاتی خۆی هەموو مێژووی باوباپیران وپێغەمبەران و کتێبە ئاینیەکانیان لەو ناوچەیە بووە؟!

ئەو ئیسلامیە کوردانەی کە وا دژی پشتگیری ئیسڕائیل وەستاونەتەوە نا هەقیان نیە لەژێر کاریگەری ئیسلامیزمی عەرەبی ئەو هەڵوێستە وەردەگرن، ئەو ئیسلامیزمەی کە هەموو جەوروستەمی سەرگەلانی فەرامۆش کردوە جگە لە جەوروستەمی ئیسرائیل نەبێت بەرامبەر فەلەستینیەکان، دەنا کوردێکی بی پشتیوان لە ناو چەندین دەوڵەتی داعش ڕەوشتی ناوچەکەدا دەبێت زیانی چی بێت کە ئیسڕائیل قسەیەکی خێری بۆ بکات؟!

هەرچەندە من پێم باش نەبوو بە ئاشکرا بیکات، لەبەر تەشویشی ئەو عەقڵیەتیانەی کە بە ئیسلامی عروبی تەشکیل بوونە. ئینجا ئەو پشتگیریەش تەنها بۆ کورد نیە، بەڵکو ستراتیژیەتیکی ئیسڕائیلیە وەک چەکێکی بەرگری دژی خەونە ئاڵ ووواڵەکانی ئیسلامی عەرەبی دەجەنگن، کە خەون بە دەوڵەتێکی خەلافەتی ئیسلامی دەبینن، بۆ ئەوەی ئیسڕائیل هەمووی بخەنە بەحرەوە!

بەپێی تیۆری دەیڤد بن غوریون دەبێت ئیسرائیل پشتگیری لەهەر نەتەوەیەکی غەیری عەرەبی بکات لە ناوچەکەدا وپشتگیری لە وڵاتانی بازنەی سێیەم بکات کە سنوری هاوبەشیان نیە لەگەڵ ئیسڕائیل، کە لە بەرژەوەندی ئەو دایە هێزگەلێک بێلایەن بکات لە دژی خۆیدا.

ئەگەر ئەوەی موسڵمانی هەقیقی بێت دەبێت زیاتر دژی ئەوانە بوەستێتەوە کە ساڵەهایە دەیکوژن وقەلاچۆی دەکەن وبە مرۆڤی

نازانن وبە شایستەی سەربەخۆیی نابینن لە وڵاتە بەناو ئیسلامیەکانی ناوچەکە و میللەتە مەنگۆلیەکانی کە لەسەر کوشتن وزیندەبەچاڵکردنی دووسەد هەزار کەس فزەیان نایەت، بەڵام بۆ کوشتنی چەند فەلەستینیەک دنیا پڕدەکەن لە داد وفیغان!!

پێویستە کورد بە ئیسلامی ونائیسلامیەوە دیدێکی تایبەتی هەبێت بۆ کێشمەکێشی عەرەبی – ئیسرائیلی، نەک ببێتە زایەڵەی ئیسلامیزمی عەرەبی کە بێ گومان نوسخە هەرە دواکەوتوو و نامرۆیی ئیسلامە.

٢٠١٤/٧/١٤

# زۆر جار کورد تاوانبار دەکەن بە پشتگیری ئیسرائیل!

ئیسرائیل پشتگیری لە کورد دەکات یان کورد بەکار دەهێنێ؟!

بڕیاری ترامپ بە ناساندنی قودس یان ئۆرشەلیم وەک پایتەختی دەوڵەتی یەهودی ئیسرائیل کاردانەوەیەکی زۆر زۆری بەدوای خۆی هێناوە!

من لە نێو ئەو هەموو کێشمەکێشەدا، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوانە بوو:

بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە ئیسرائیل چ کاریگەریەکی سەرووی ئاستی عەقڵ و لۆژیکی هەیە بەسەر ئەمریکا بە تایبەتی، و ئیدارەی ترامپ بە تایبەتی! چونکە هیچ حکومەتێکی دیکەی ئەمریکا جورئەتی بڕیاردانی ئەو بڕیارە هەستیار و مەترسیدارەی نەبووە! هەر لە سۆنگەی ئەوەوە گەیشتمە هەقیقەتێک کە پێشتریش باوەڕم پێی بوو کە ئەوەیە ئەگەر ئیسرائیل بە جدی داواکاریەکی هەبێت لە ئەمریکا و خۆرئاوا بە گشتی دەتوانێت بە دەستی بهێنێت.

هەر بۆیەش لە کاتی ڕیفراندۆمەکەی کوردستان ئیسرائیل بە جۆرێک ڕەفتاری کرد، کە ئەگەر زەنی باشی پێ ببەین دەڵێین هەڵەیەکی

کوشندەی بەرامبەر سەرکردایەتی کورد و گەلی کوردستان کرد، دەنا ئەو ڕەفتارەی دەگاتە ئاستی خیانەتێکی مێژوویی لە کورد.

بۆ؟ چونکە ئیسرائیل کاتێ بە ئاشکرا لەسەر بەرزترین ئاست دا پشتگیری لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کورد کرد، دواییش بە بەرچاوی ئەو و جیهانی خۆرئاوا کەرد ئاوەڕووت کرا بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرای هەبێت، ئەوە کارێکی ئاسایی نییە!

چونکە بە ئاشکرا پشتگیری کردنی ئیسرائیل کارێکی ئاسایی نییە لە ناوچەکە! ئەگەر کوردستان پارچەیەک با لە ئەمریکای لاتینی یان قارەی ئوسترالیا ئاسایی بوو. بەڵام لەناو سێ لە گەورەتری و بەهێزترین و شۆڤینیترین نەتەوەی موسڵمانی تورک وفارس و عەرەب، کە سیاسیەکان دووڕووانە لەسەر دژایەتی ئیسرائیل دەژین ودەنگی دەنگدەران کۆدەکەنەوە، ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل کارێکی ئاسایی نییە!

هەتا ئەو ڕۆژە مەسیحیەکی قیبتی میسری زۆر دوژمن بە کۆی ئیسلام بەمنی گووت، پاش ئەوەی لەگەڵ ئیسرائیل دەستتان تێکەڵ کرد بە ڕاشکاوی پێت بڵێم هیچ هاوسۆزیەکم بۆ ئەکراد نەما!

ئەوە هەڵوێستی مەسیحیەکی قیبتی بێت، دەبێت هەڵوێستی تورکێک و عەرەبێک و فارسێک چۆن بێت؟! یانی ئیسرائیل هێندە بێ عەقڵ نییە لە ئاکامی ئەو پشتگیرییە ڕاشکاو و ئاشکرایە تێ نەگات! ئیسرائیل سەدان ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گەلانی ناوچەکەی هەیە،

کاتێ یارییەک دەکات زۆر بە وریایی دەیکات دەنا نەیدەتوانی لەناو ئەو دەریایە لە دوژمنە ژیابا!

ئێران دەیگووت ئەو کوردانە کرێگرتەی ئیسڕائیلن، دەیانەوێت قەوارەیەکی سەر بە ئیسڕائیل لەناوچەکە دامەزرێنن دژی ئێرانی ئیسلامی و گەلانی ناوچەکە!

عەرەب دەیگووت ئەگەر دژی حکومەتی تایفی شیعی عێراقیش بین، بەڵام بۆ دامەزراندنی ئیسڕائیلی دووەم لە کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقین!

هەتا ئەردۆگانی مونافیق، کە پێش تڕامپ لە بەڵگەنامەکاندا دەرکەوتوە، حکومەتەکەی دانی بە قودس ناوە وەک پایتەختی ئیسڕائیل، سەرەڕای هاوکاری وهاریکاری و پەیوەندیەکی تووند وتۆڵی لەگەل ئیسڕائیل، ئەویش دەیگووت: با بچن ئەو کوردانە ئیسڕائیل بە کەڵکیان بێت وبەهانایان بێت دەوڵەتیان بۆ دامەزرێنێت! هەمووومان ئاگادار بووین لەو ماوەیەدا میدیای شۆڤینی عەرەبی و تورکی و فارسی چۆن سەدان پڕوپاگەندە و درۆیان هەڵدەبەست بۆ نیشاندانی کورد و کوردستان وەک کرێگرتە ودەسکەلای گەلی جولەکە و قەوارەی ئیسڕائیل!

ئیسڕائیل کە کوردی خستە ناو دەمی شێر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە دەبوایە، یان ئەو کارەی وا بە ئاشکرا نەکردبا، یانیش کە کردی دەبوایە بەهەمان ئاشکرایی و ڕاشکاوی بەرگری لە کوردستان کردبا!

من ناڵێم سوپای ناردبا، بەڵام تۆ بتوانی ئەمریکایەکی وا زلهێز بە

پێچەوانەی هەموو بەرژەوەندیەکانی لە جیهانی عەرەب و ئیسلامی بەریت، بەڵکو هەتا بە نارەزایی زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکانیش بڕیارێکی وا هەستیار ومەترسیداری پێ بدەیت بۆ ناساندنی قودس بە پایتەختی ئیسرائیل، بۆ نەتتوانی کارێکی واش بکەیت ئەمریکا ڕازی نەبێت بە هێرش کردنە سەر کوردستان؟! بۆ بەڕاشکاویش وەک ئیلی کۆهینی سیاسی و میدیاکار دەیگووت ئیسرائیل بەرگری لە کوردستان دەکات ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر، هەر بۆ سیاسەتیش بێت هەڕەشەیەکی ئاشکراتان لە ئێران و تورکیا نەدەکرد؟!

ماقوڵ نییە بە ئاشکرا تووشی شەڕی خۆتم کەیت، بە نهێنیش بەرگریەکی وام لێ نەکەیت!

کەوابوو ئیسرائیل پشتگیری کورد ناکات بەڵکو کورد بەکاردەهێنێ بۆ ئامانجە گەورەکانی خۆی! کەرکوکیان تەسلیمی شۆڤێنیەکانی عەرەب وتورک و فارس کرد تا هێندە مەست بن بەو خەیاڵە شۆڤێنییەوە، بە ئاسانی هەنگاوی بە پایتەخت ناساندنی ئۆرشەلیمی قودس قووت دەن! هەروەک چۆن لە کاتی ریفراندۆمەکە ئیسرائیل کوردی بەکارهێنا، بە هەمان شێوەش ئێستا کورد بۆتە کەواسۆری بەر لەشکری ئیسرائیل بە خۆڕایی و خۆبەخشانە!

کورد چونکە زامدارە، زۆر دڵخۆشە بەو کەرامەت شکانەی عەرەب وتورک و فارس، منیش نایشارمەوە دڵخۆشم لەو پێکە بخۆنەوە کە سەدان ساڵە دەرخواردی ئێمەی دەدەن، بەڵام با دڵخۆشیمان لە ڕادەبەدەر نەبێت خزمەتێکی خۆڕایی پێشکەش بە ئیسرائیل بکەین، و

ڕادەی دوژمنایەتی شۆڤێنیەکانی ناوچەکەش زیاتر بکەین لە دژی کورد. با دیسان ئیسڕائیل بەکارمان نەهێنێتەوە!

ئیسڕائیل بیوستایە موعجیزەی بە ئەمریکا دەکرد بۆ بەرژەوەندی کوردستان، نەک کورد تێوەگلێنی لە چەند لێدوانێکی مەترسیدار و پیس و بێ بەرهەم، دووایش تێی تەقێنێ!

محەمەد هەریری

٢٠١٧/١٢/٩

# نەفرەت لە هەڵوێستتان و دۆزی فەڵەستین و حەماس و قودسیشت!

لەوەتی هەین هەر ئێمە لە هەر بۆنەیەک بۆمان لوا بێت لەبەرەی فەلەستین جەنگاین لە دژی ڕژێمی ئیسرائیل. لەوەتی حزبی سیاسی کوردی دروست بوە بە چەپ وڕاستەوە، وعەلمانی وئیسلامیەوە، لە پەیڕەو وپڕۆگرامەکانیان دەبێت باسی دۆزی فەلەستین بکەن، وەک پیرۆزترین کێشەی سەر زەوی، وپێویستیەتی پاڵپشتی کردنی بە هەر ڕێگایەک بکرێت. کەچی فەلەستینیەکان لەوەتی هەن، بە دەگمەن نەبێت لە هیچ بۆنەیەک قسەیەکی چاکیان بۆ کورد نەکردوە، لەوەتی هەن هەر پشتگیریان لە دوژمنانی کورد کردوە، لەوەتی هەن هێندە بێ ئیحساسن بەرامبەر دۆزی کورد وەک بڵێی هەرگیز جەور وستەمیان نەدیبێت، ئەوەی وەک فەلەستینیەکان ستەم لێکراو بێت دەبێت زۆر لەوە هەستیار تر بن، نەک وابزانن خوا لەوان بەدەر هیچ ستەملێکراوێکی تری دروست نەکردوە!

لەوەتی من و دەیان نەوەش پێشە من ودوای منیش بەخۆمان زانیوە هەموومان خەمی قورس وفرمێسکی سوێرمان بۆ فەلەستین ڕژاندوە لە بەرامبەر هێزی جەرگبڕی ئیسراائیل، کە زۆر بێ ڕەحمانە دەیان

کوتێت، هەرچەندە ئیسڕائیل یش پاکانە و فەلسەفەی خۆی هەیە لەوەدا، ودەزانێت چ کەراهیەتێک دروستکراوە لەناو عەرەب وموسڵمانان لە دژیدا، بەجۆرێک هیچ بوارێکی بۆ پێکەوەژیان نەهێشتۆتەوە، وهاوکێشەکەی کردۆتە یان دەبیت یان نابیت!
لەوەتی پەردەی ساویلکەیی لەسەر مێشک و چاوم لادراوە لە زۆر بۆنە ولە میدیای خوێندراو وبینراو وبیستراودا، هەڵوێستی زۆر زبرم لە فەلەستینیەکان دیوە لە دژی دۆزی کورد، ونەک ئەوە بەڵکو نوسەرێکی ناوداری عەرەبی گاڵتەی بە هەر لێک چواندنێکی دۆزی فەلەستین وکوردی دێت ووتارێکی لەو بارەیەوە لە رۆژنامەی (القدس) ی لەندەنی نوسیبوو. نوسەرانی کوردیش زۆر جار لە نیاز پاکییەوە ئەو بەراوردە دەکەن لە نێوان دۆزی فەلەستین و دۆزی کورد. هەرچەندە بە من خودی ئەو بەراورد کردنەش ستەمێکە لە دۆزی کورد دەکرێت.
چونکە دۆزی کورد زۆر تراژیدیتر و گەورەتر و خوێناویترە، کورد دژی چوار پێنج دەوڵەتی بەهێز و دەیان وڵاتی عەرەبی و تورکی دەجەنگێت، فەڵەستین هەموو دنیای عەرەب و ئیسلام و ئەمریکای لاتین و گەلانی ئەوروپاشی لەگەڵدایە!

لە نوێترین هەڵوێستی دژ بە کوردیان، خالید مشعل ی تیرۆرست و سەرۆکی حەماسی فەڵەستینی دەستخۆشی لە سەرکەوتنی ڕژێمی ئەردۆگان دەکات لە عەفرین..!
دەڵێت سەرکەوتنی عەفرین نمونەیەک بوو بۆ ئیرادە و ویستی

تورکی، ئینشاڵڵا سەرکەوتنی قارەمانانەی تر تۆمار دەکەین بۆ سەرکەوتنی ئومەتمان!

یاخوا دەستی ئیسڕائیل خۆش بێت و بەردەوام بێت لەسەرفەلەستینییە خۆفرۆشەکان و بەرماوخۆری وڵاتان، یاخوا جوو هەر وا داشی سوار بێ لە سەرتان و گەورە و بچوک و نێر ومێتان چاوشکێن بکات! ئێوە کە گوایە میللەتێکی چەوساوەن هەست بە ئازاری چەوسانەوەی خەڵکیتر نەکەن، کەوابوو هەر بۆ چەوسانەوە و لەناوبردن باشن هەی بێ بەهاترین خەڵکی دنیا .نەفرەت لەو ئیسلامە ئیخوانیەتان و فکرە عروبەتیە سەخیفەتان. ئەگەر کوردە ئیسلامیەکان و ساویلکەکانیش یەک زەڕە شەڕەفیان هەبێت، جارێکیتر بۆ تۆپیوەکانتان ناگرین بە دەستی ئیسڕائیل. هەزار جار دەستی ئیسڕائیل خۆش بێت! تف لە خۆتان ولە فەڵەستین ولە قودسی ناشەریفیشتان.

٢٠١٨/٤/١

# عەلی قەرەداغی لە نامەیەکدا بۆ ئەردۆگان!

سەرکەوتنی تورکیا سەرکەوتنە بۆ ئومەتەکەمان! [أن نصر ترکیا هو نصر لأمتنا الإسلامیة]، ئینجا لەبیری ناچێ زاراوە ئیخوانیەکانی وەک الوسطیة و الاعتدال یش بەکار بێنێت و دەڵێت: سەرکەوتنەکەتان سەرکەوتنە بۆ پڕۆژەی میانڕەوی و نەرمگیری! [ونصر لمشروع الاعتدال والوسطیة]

ئینجا ئیسلامی عروبیشی لەبیرناچێت و دەڵێت: هەروەها سەرکەوتنیشە بۆ دۆزەکانی ئومەتەکەمان لە سەرووی هەموویانەوە دۆزی قودس و فەڵەستینە! [ونصر لقضایا الأمة التي تقع علی قمتها قضیة القدس وفلسطین.] ئەوەی بەسەر کورد هاتووە وەک میللەتێکی سەرووی چل ملیۆنی بە دەستی چوار دەوڵەتی ئیسلامی هەر بەراورد ناکرێ بەوەی بەسەر چوار پێنج ملیۆن فەڵەستینی هاتوە بەدەست یەک دەوڵەتی وەک ئیسڕائیل! کەچی بڕیاری عروبەت وئیخوانە هەر دۆزی فەڵەستین لە ترۆپکی دۆزەکانەوە دەبێت، دۆزی کورد لە لقەکانیش ناوی نایەتە سەر زمانی ئیسلامی سیاسی هەتا بە جەستەش کوردبن وەک قەرەداغی!

بروسکەی قەرەداغی

# لای عەرەب هەموو دۆڕانێک سەرکەوتنە

کەس نیە لەوانەی شاهیدی شەڕە دۆڕاوەکانی سەدام حسێن بوون لە کاتی خۆیدا لە بیریان نەبێت چۆن پاش وێرانکاری ودۆڕاوەکان وقوربانیەکان چۆن هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی خەڵکیان هێڕ دەکرد بە بانگەشەکردن بۆ سەرکەوتن وگۆرانی وسرودەکانی سەرکەوتن کە ئەوەندەی تر مەینەتی وداماوی خەڵکیان زیاتر دەکرد. ئەو دەزگایانە هیچ حیسابێکیان بۆ هەستی بریندارکراوی خەڵک نەدەکرد وڕیزی عەقڵ وهۆشی خەڵکیان نەدەگرت. وادیارە ئەو ڤایرۆسەی کە هۆشی عەرەبی تێک دەدات ودۆڕانی بە سەرکەوتن نیشان دەدات زۆر بڵاوە وڕەگی لە ناخی عەرەب داکوتاوە.

پێڕی توندڕەو لە لایەنە نەتەوەیی ودینییەکانیش بە هەموو لایەک هاوار وجاڕی سەرکەوتنیان دا، ئەوەتە ابو قەتادەی فەلەستینی لە زیندانی لونگ لارتنی بەریتانیەوە بەیانی سەرکەوتنی جاڕدا، وداوا لە حەماس دەکات جاڕی ئیمارەتێکی ئیسلامی بدەن پاش ئەوەی سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، دەڵێت:"

'إن أول ما أذكر أخواني به هو القيام بحق الله تعالى، فقد انتظر منكم المسلمون يوم أن أكرمكم الله بالتمكين في غزة أن تعلنوها إمارة إسلامية تحكم بشرع الله تعالى.. وقد هزمتم اليهود وأمريكا من

ورائهم، وهزمتم طاغية مصر وحكام الردة أجمعين، فهذه محنة لكم وامتحان آخر وضعكم الله فيه، فهلا فعلتموها يا جند الله؟"

كام تەمكين وكامە سەركەوتن خۆ بەدرێژایی هێرشەکە دوسآ تانكی ئیسرائیلی تێک نەشكێنرا!! ئایە كشانەوەی هێزی سوپایی ئیسرائیل لە غەزەدا سەركەوتنە؟! خۆ بەر لەو ئۆپەراسیۆنەش زیاتر لە چوار ساڵە سوپای ئیسرائیلی لەوآ نییە!! ئایە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێش ئۆپەراسیۆنەكە سەركەوتنە؟! ئینجا بارودۆخەكەش وەک خۆشی نەماوە بەڵكو چاودێری ئیسرائیلی ونێودەوڵەتی توندتر بوو لەسەر غەزە لە سنوری وشكایی ودەریاییدا!

كەچی ئەبو قەتادە ئەو سەركەوتنە مەزنەی هێندە لا گەورە دەبێت ناوی دەنێت بە (غەزوە) وەک غەزوەكانی مانهاتن ونیۆرۆک وهتد. وداوا دەكات تۆمار بكرێت بۆ وانە وپەند وەرگرتن :

'ادعو أهل العلم والفكر والتاريخ إلى واجبهم وهو توثيق هذه الغزوة بأحداثها الداخلية والخارجية، وآثارها ومواقف الناس منها لتكون معلماً يصار إليه من قبل الأجيال القادمة"

ئەوەتە پاش ئەو هێرشە دڕاندانەی ئیسرائیل بۆسەر غەزە وكوشتن وسوتاندنی وكاولكردنی ئەو خاكە بە نوێترین وقەدەغەترین چەک، حەماس لە پەناوپەسێو وچاڵە ژێرزەمینەكان دەركەوتوون لەبەر چاوی زومەكانی میدیاكاندا ئیدیعای سەركەوتن دەكەن! ئەوەی گوآ لە خالد مشعەل گرتبێت كە خیتابی سەركەوتنی دا لەوانەیە وابزانێت حەماس گەمارۆی تەل ئەبیبی وقودسی داوە!

ئەگەر ئەوەی بەسەر غەزەدا هات سەرکەوتن بێت، ئەوە عەقڵی پێویستە بۆی هەرس بکرێت: ئەگەر کوشتنی زیاتر لە 1400 فەلەستینی مەدەنی بەرامبەر 3 مەدەنی و10 سەربازی ئیسرائیلی، وڕوخانی زیاتر لە چوار هەزار خانوو، ودەربەدەرکردنی شەش هەزار خێزان وهەزاران بریندار وسەقەتی جەنگ سەرکەوتن بێت، ئەوە دەبێت دۆڕاندن وەک چەمکێک بوونی هەبێت لە عەقڵیەتی عەرەبیدا؟! بێگومان مەبەستمان زۆربەیە نەک هەموو عەرەب چونکە لە نێو عەرەبیش دەنگێکی زۆریان هەڵبڕی لە گاڵتەکردن بە ناونانی دۆڕاندن بە سەرکەوتن.

بێگومان ئیسرائیلیش چەندین دۆڕانی هەبوو لەو نێوەدا کە هەرە دیارترینیان دۆڕانی ڕەوشتی وسیاسی بوو لەبەر ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرەی بەکار هات دژی خەڵکی مەدەنی وبێتاوان، وکەس نەما هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی مەدەنی فەلەستین دەرنەبڕێت تا ئەو ڕادەیەی خودی (ئۆلمێرت) سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بەو هەموو قەسوەتە عەسکەریەوە گریاوە بۆ ئەو دکتۆرە فەلەستینیەی کە سآ منداڵی لێکوژرابوو، چۆن هەموو دونیا هاوسۆزی خەڵکی فەلەستین ناکات، بەڵام ئەو هاوسازیە بە زەرورەت مانای ئەوە نیە لەگەڵ حەماسە. دۆڕانێکی تری ئیسرائیل کوشتنی فەرهەنگی ئاشتی بوو لە ناوچەکە وکوشتنی ئەو هەموو خەڵکە بە دڕندەترین چەکی قەدەغە هەموو هەوڵەکانی ئاشتی لە گۆڕ نا.

چاكتر وایە بۆ حەماس هیچی تر ئاهەنگی سەركەوتن نەگێڕآ وڕێز لە زامەكانی خەڵك بگرێت، وبە خۆیدا بچێتەوە وبڕیاری سیاسی خۆی نەكاتە بارمتەی هیچ لایەنێك ودەوڵەتێك، وعەقڵ زاڵ كات بەسەر غەریزەی تۆڵە، وتا بتوانێت دۆڕانە عەسكەریەكە بگۆڕێت بۆ سەركەوتنێكی سیاسی.

# وتەبێژی حەماس جەزیرە بە درۆ دەخاتەوە

## سەبارەت بە هاوکاری ئیمارات بۆ لێدانی غەزە وسیخوڕی ئیماراتیەکان بەسەر غەزە، وتەبێژی حەماس جەزیرە بە درۆ دەخاتەوە

فوەزی بەرهوم وتەبێژی حەماس دەڵێت ئەو هەواڵانەی کە جەزیرە بڵاوی کردەوە هیچ ڕاست نین سەبارەت بە یارمەتی ئیمارات بۆ ئیسرائیل بۆ لێدانی غەزە، هەروەها چیرۆکی سیخوری تیمی پزیشکی ئیماراتیشیان بەسەر غەزە بەدرۆ خستەوە، کە هەر لەلایەن تەلەفزیۆنی جەزیرە بڵاوکرایەوە، وسەرچاوەکەی تویتەکانی تویتەر بوو!

بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە جەزیرە زیاتر ڕاستگۆیی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەتا جەزیرە بەو دواییە بڕوانە چاوپێکەوتنەکانی لەگەل میوانە ئیسرائیلیەکان یەک گەردیلە پێشەیی وبابەتخوازی تێدا نییە، زۆر بێ زەوقانە قسەیان پێدەبڕن و دەبنە تەرەفگیر، وقسەی زۆر بازاڕی دەکەن بەرامبەر میوانەکانیان، زیاتر وەک ئەفسەرێکی موخابەرات ئیستجوابی مێوانە ئیسڕائیلیەکان دەکەن، کە ئەوەش زۆر دوورە لە میدیای بێلایەن و پێسەوەر. هەر دوێنی ئەحمەد مەنسور یش کە خۆی لێ بۆتە سوپەرمانی میدیای عەرەبی هەواڵیکی مووراهیقەکانی ئینتەرنێتی بڵاوکردبوەوە سەبارەت بە یارمەتی دانی یاریزانی جیهانی مێسی بۆ ئیسڕائیل!!

کە دوایی بەدیارکەوت کە ڕاست نیە! ئەو دزەکردنانە زیاتر لە چوارچێوەی شەڕی نێوان ئیمارات وئیخواندا دەردەچیت، نەک لە سەرچاوەیەکی میهەنی وثڕۆفێشناڵی میدیایی، دەنا ئیمارات تا ئێستا ٢٥ ملیۆن دۆلاری بەخسیوەتە کەرتی غەزە. سەیرم بە برادەرە کوردەکان دێت چۆن وا بە پەلە وتاری درێژ دەنووسن دەربارەی ئەو هەواڵە درۆیانەی جەزیرە و هەرزەکارانی ئینتەرنێت.

٢٠١٤/٧/٢٧

| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 3 |
| **بەشی یەکەم: چۆن کێشەی فەڵەستین دەبینین؟!** | 5 |
| پیلانی سێنترالیزمکردنی کێشەی فەلەستین | 5 |
| کوردستان وفەڵەستین: دوو دۆزی قابیلی بەراورد کردن نین! | 8 |
| حەماس وقومارکردن بە خەڵک | 12 |
| داری غەرقەدی کافر! | 15 |
| **بەشی دووەم:**<br>**تورکیا و ئیسڕائیل لە هەمبەر کورد و فەلەستینی** | 17 |
| دە کەمێ ڕەوشتی دیموکراتیش فێربن لە ئیسڕائیل! | 17 |
| ئیسڕائیل بە فرۆشتنی قودسی کوردستان قودسی خۆی کڕیەوە! | 21 |
| من دڵنیام یاریەک دەگوزەرێ لە نێوان ئەردۆگان و ئیسڕائیل! | 25 |
| تورکیا وئیسرائیل دوو نەتەوەی چۆن یەک! | 26 |
| کورد خائینن بە ئیسڕائیل و ئەمریکا! دز ماڵخۆی گرت! | 31 |
| تێڕوانینێکی سەتحی بۆ قودس و سەلاحەدینی ئەیوبی! | 35 |
| ئێوەش وەستان لە کوشتندا جەنابی ئەردۆگان! | 45 |
| **بەشی سێیەم:**<br>**هەڵوێستی ئیسلامیەکانی کورد لە دۆزی فەڵەستین** | 48 |
| کورد هەمیشە لە خەمی قودس و فەلەستین بووە! | 48 |
| غەزە و وتارێکی چەواشەکارانەی ئیسلامیەکان | 53 |

| | |
|---|---|
| هەڵوێستی توندی بە ناو میانڕەوان! | 59 |
| خنکاوی ناو بازنەی حزبیەتی ئیخوانیەت باسی ئینسانیەت دەکات!!! | 62 |
| قەرەداغی ئیخوانی داوای سەربڕینی مەزنی جووەکان دەکات! | 66 |
| هەتا تەزویریشیان بۆ!<br>دەربارەی شیعرە قرتاوەکەی پەشێو لەسەر فەلەستین!* | 68 |
| **بەشی چوارەم:**<br>**هەڵوێستی فەڵەستینیەکان لە دۆزی کورد!** | 77 |
| مەحمود دەروێش وپاشگەزبوونەوە لە کوردستان | 77 |
| ئیخوانیەت و هەڵوێستی هەقیقی فەلەستینیەکان و لە کێشەی کورد | 91 |
| سەربەخۆیی کوردستان لە ڕوانگەی ئێران وحەماس وئیسرائیل | 95 |
| زۆر جار کورد تاوانبار دەکەن بە پشتگیری ئیسڕائیل! | 102 |
| ئیسڕائیل پشتگیری لە کورد دەکات یان کورد بەکار دەهێنێ؟! | 102 |
| نەفرەت لە هەڵوێستتان و دۆزی فەڵەستین و حەماس و قودسیشت! | 107 |
| عەلی قەرەداغی لە نامەیەکدا بۆ ئەردۆگان! | 110 |
| لای عەرەب هەموو دۆڕانێک سەرکەوتنە | 111 |
| وتەبێژی حەماس جەزیرە بە درۆ دەخاتەوە | 115 |

## تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە:
## زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی:** ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا

**دۆسێی:** ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!

**دۆسێی:** ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی

**دۆسێی:** پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک

**دۆسێی:** ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب

**دۆسێی: ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا [دۆسێی ژمارە ( 6 )]**

**دۆسێی: فەرهاد پیرباڵ: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! [دۆسێی ژمارە ( 7 )]**

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:**

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150630225203124659&lng=1

# بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- ڕابوونی مەرگ

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:
http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&main=20150630225203124659&qr=true&report=relateditems

A Series of Cultural & Intellectual Dossiers
Dossier Number: ( 8 )

# Dossier of: Kurds between the Palestinian cause and Israel

Written by: Mohammed Hariri

First Edition: June 2019



لەوەتی هەین، ئێمە لە هەر بۆنەیەك بۆمان لوا بێت، لەبەرەی فەلەستین جەنگاین لە دژی ئیسرائیل. لەوەتی حزبی سیاسی کوردی دروست بوە بە چەپ وڕاستەوە، وعەلمانی وئیسلامیەوە لە پەیڕەو وپڕۆگرامەکانیان دەبێت باسی دۆزی فەلەستین بکەن، وەك پیرۆزترین کێشەی سەر زەوی، وپێویستیەتی پاڵپشتی کردنی بە هەر ڕێگایەك بکرێت. کەچی فەلەستینیەکان لەوەتی هەن، بە عەلمانی وئیسلامی و ڕاستڕەو و چەپڕەوەوە، بە دەگمەن نەبێت لە هیچ بۆنەیەك قسەیەکی چاکیان بۆ کورد نەکردوە، لەوەتی هەن هەر پشتگیریان لە دوژمنانی کورد کردوە، لەوەتی هەن هێندە بێ ئیحساسن بەرامبەر دۆزی کورد، وەك بڵێی هەرگیز جەور وستەمیان نەدیبێت!

چاکترین نمونەی یارمەتی ئیسڕائیلیش کاتی ڕیفراندۆمەکە بوو، کاتێ ئیسڕائیل کوردی خستە ناو دەمی شێر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە پشتگیری کرد، کە ئەو هەڵوێستە کاردانەیەوەکی زۆر خراپی دژی کورد هێنایە ئاراوە، دەبوایە ئیسڕائیل بەهەمان ئاشکرایی و ڕاشکاوی و بوێری بەرگری لە کوردستان کردبا! من ناڵێم سوپای ناردبا، بەڵام تۆ بتوانی ئەمریکایەکی وا زلهێز بۆ بەرژەوەندی ئیسڕائیل، بە پێچەوانەی هەموو بەرژەوەندیەکانی لە جیهانی عەرەب و ئیسلامی بەریت، بەڵکو هەتا بە نارەزایی زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکانیش، بڕیارێکی وا هەستیار ومەترسیداری پێ بدەیت، بۆ ناساندنی قودس بە پایتەختی ئیسڕائیل، بۆ نەتتوانی کارێکی واش بکەیت ئەمریکا ڕازی نەبێت بە هێرش کردنە سەر کوردستان؟!

Design: hadi hunar